٧ی نیسان رەمزی تێکۆشان

دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و
سەرنووسەر
اسماعیل ڕسول

شەقامی الجمهوریه
مەیدانی الخلانی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
الێضامن

ڕۆژنامەیەکی
هەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

بەعسیکان لە بنەڕەتداکە هاتوونەتە نەم حزبەوە چونکە حزبی گەلەکەیانە وەکێتک بەعسیکان کە نەوان بەشێکەن لەگەل تێکۆشان و مرخانات و قوربانی بەبێ کۆڵدان کاروتێکۆشان و دڵفراوانی پێشکەش دەکەن ڕێبازی بەعسیان بەڕاستینەوە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم هەرجۆرە لایەکیشەوە .

سەرۆکی فەرماندە
عەام عێن

● دوو شەممە ٧ی نیسان ١٩٨٠ ژمارە ٥٢٠ ●

● الاثنين ٧ نيسان ١٩٨٠ العدد ٥٢٠ ●

سەرۆکی فەرماندە بیروباوەڕی بااڵدەکدوێت ودوژمن دەبەزێ

Institut Kurde de Paris

● کێانی بیروباوەڕی شۆڕشی تەمموز لە خاکی رافدێندا ڕەگی داکوتاوە وەبااڵی بڵند بووەو لوتکەکەی دەتوانێت بڕوانێت بەسەر نیشتمانی عەرەبداو ڕەگ و ریشەی لە هەوڵو تەقەڵایان قوڵترە .

●بەرێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین ئەوەی دووپات کردەوە کە دڵوپێ لەو خوێنەکەمە پاکەی ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردوو لە زانکۆی موستەنسریە بەهۆی ئەو کارە تاوانکاریەوە ڕژا بە هەوانتە ناڕوات .

بەرێز سەرۆکی فەرماندەلەو ... دا کە سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوردوو لە زانکوی موستەنسریەی داوو وتی ... ئەو ڕوداوەچەپەڵ و دەغەزاڕەی ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردوو ڕوێداهبوو ... ئاکی شورەیی پێوێیە کە سەربەنیشتمان نیێیە بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکانوڵەبانی کەبەردەکانیان کردوویانەبەو مەزەندەیەیان کە بە کارێکی ناوا بچووکی نابەجێ دەتوانن بشکێنن . شۆڕشەکەتان سارد کەنەوەو لە بەرەپێشی چوونی بەرێبازیدا .

بەرێز سەرۆک ئەوەی دووپات کردەوە کە تۆانبارەکانو ئاغاکانیان زۆر لەوە بچووکترن کە بتوانن کار بکەنە سەر خواستی گەلی عیراقی مەزنو خواستی نەتەوەی عەرەبی مەزن .

هەروەها وتی .. گەلی عیراق بوتە چیابەکی بڵندو نابوان لە تواناياندا نیێیە کە بە بۆمبارو هەوڵو تەقەڵای تریان بی بزوێنن .

قوتابیانی زانکۆی موستەنسریە بەڵێنیان بە بەرێز سەرۆکی فەرماندە دا کە سووربوونیان لەسەر هەمیشە لەو ڕێبازەوە بڕۆن کە سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بۆ جەماوەری عەرەبی ئەخشەکێشاوە و هەمیشە سەربازێکی بە وەفا بن بۆ بیروباوەڕکانی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو شۆڕشە سەرفرازەکەی .

وەلە هوتافکێشانیاندا بەردەوامی خۆیانیان دووپات کردۆتەوە لە تێکۆشانداو بەعسی سۆشیالیستی عەرەب جوانترین پیرۆزبایی بەڕێزتان دەکەم ..

گەورەم سەرۆک ..

لە کاتێکا ئێمە ئەمڕۆ بەبۆنەی دەرکەوتنی ئەم بیرەوەریە خۆشەویستەوە ئاهەنگ دەگێڕین ، لەم نۆناغە ناسکەی ژیانی نەتەوەی عەرەبماندا کە ڕووبەڕووی دڕندترین هیرشی ئیمپریالیزمو زایۆنی ڕاوستاوە دژی بوونو یەکبوونی چاوەڕوانی سەرکردایەتی میژوویی کامڵتانین بەهەموو هیوایەکەوە بۆسەرکردایەتی کردنی نەتەوەکەمان و ڕزگارکردنی پارچە زەوتکراوەکانی خاکی عەرەبمان .

سەرۆکی بەرێز پەیمانتان دەدەینێ کەبەردەوام بەرەو پێش بڕوین وەک سەربازێکی بەرەفا بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەیەکانو وەدیهێنانی جەماوەری نەتەوەی عەرەبمان لەیەکبوونو سەربەستی و سۆشیالیستیدا .

بۆی حزبی سەرکردەمان .. سەرفرازی و نەمری بۆ شەهیدانی حزبەکەمان لەم بیرەوەریە مەزنەدا .

طه یاسین رمضان
فەرماندەی گشتی سوپای میللی

هاوکارێ تێکۆشەر صدام حسین بروسکەی پیرۆزبایی لە فەرماندەی سوپای میللی بەوە بێگەیشتووە

هاوڕێ تێکۆشەر صدام حسین جێگری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب سەرۆک کۆمارو فەرماندەی گشتی هێزی چەکدار بروسکەیەکی پیرۆزبایی لە هاوڕێ طه یاسین رمضان فەرماندەی گشتی سوپای میللی بەوە بێگەیشتووە بۆنەی بیرەوەری سێوسێهەمین ساڵەی دامەزراندی حزبی فەرماندەوە .

ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە..

سەرۆکی فەرماندە صدام حسین بەڕێز .

جێگری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب سەرۆک کۆمارو فەرماندەی گشتی هێزی چەکدار .

بەناوی خۆمو لەباتی هەموو جەنگاوەرانی سوپای میللی سوپای شۆڕشی عەرەبو حزبی فەرماندە سوپای شۆڕشی عەرەبو حزبی فەرماندە پشتیوانی لە کۆتایی نەهاتوو لە سوپای عەقایدیمان .

بەبۆنەی هاتنی بیرەوەری سێو سێ ساڵەی دامەزراندنی حزبی فەرماندەوە حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی . وە لەباتی هەموو جەنگاوەرانی سوپای میللی سوپای شۆڕشی عەرەبو پشتیوانی بەهێزی سوپای عەقیدەیمان جوانترین پیرۆزبایی پێشکەشی بەڕێزتان دەکەم و داوا لە خوای گەورە دەکەم کە بتانهێڵی بۆ خزمەتی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان وپەیامی بەرزی حزبەکەمان .

دامەزراندی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە دۆخێکدا کە نەتەوەی عەرەبمان و نیشتمانی عەرەبمان دووچاری دراکەوتنو دابەشکردنو ئیستیعمار بووون بێشانەیەکی ڕۆشن بوو لەڕێگای تێکۆشانی عەرەبیدا بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی ئیستیعمارو پیلانگێڕانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم .. ئێمە لەم ڕۆژەدا کە ئەم بیرەوەریە خۆشەویستەی داودڵی جەماوەری عەرەبی دەکەینەوە دەبێت بە هەموو شانازیەکەوە سەرفرازبی حزبە نەمرەکەمان بێنینەوە پێش چاو کە دەبێتە چاکترین هاندەر بۆ تێکۆشەران لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی جەماوەری نەتەوەکەمان لە یەکبوونو سەربەستیو سۆشیالیستیدا. سەربڵندیو نەمری بۆ شەهیدانی حزبمان لەم بیرەوەریە نەمردا .

طه یاسین رمضان
فەرماندەی گشتی سوپای میللی

• وتەی هاوکاری •

لە بیرەوەری سێوسێ ساڵەی دامەزراندنی حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەبدا

ئەمڕۆ بیرەوەری ڕۆژێکی خۆشەویستو نەمر دەکەینەوە ئەویش بیرەوەری سێوسێهەمین ساڵەی دامەزراندنی حزبی بەعسی سۆشیالیستیی عەرەبەوە دەبێت بەم بۆنەیەوە بایەخو هەڵسەنگاندنی خۆمان بەرامبەر ئەو دەست کەوتە مەزنانە تۆمار بکەین کە لەژێر سایەی شۆڕشی ١٧ی تەممووزی نەمرداو حزبە سەرکردەکەیدا حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی لە وڵاتدا وەدی هێناوەو جێبەجێ کراوە ئەم بیرەوەریە پیرۆزەو هەموو بیرەوەریە نیشتمانێکانی تر بۆ ئەوە هانمان دەدات کە بەبێ کۆڵدانو بە هەموو توانایەکمانەوە بۆ دەستکەوتی دیکەی نوێ بۆ گەلی عیراقی هەوڵ بدەینو ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی سەرفرازمان بەتینتر بکەینو بیروباوەڕمان زیاتر بچەسپێنین و تێکۆشانمان زیاتر بەتین بکەین بۆ یەکخستنی هەموو پیلانو نەخشەکانی ئیستیعمار کە چاوی بڕیوەتە ئەوەی زەفەر بە ڕێبازی شۆڕشگێڕانەو دەستکەوتە گەورەکانی بەرێت .. حزبی سەرکردەمان لە دۆخێکدا هاتەکایەوە کە ئاژاوەوفەسادو نەبوونی سەربەستیی دیموکراتیو دەسەڵاتی ئیستیعمار باڵی بەسەر هەموونیشتمانی عەرەبدا کێشابوو ، دامەزراندنی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی شۆڕشێک بوو بەسەر ئەو واقیعە تاڵەدا . هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە وبەدرێژایی ٣٢ ساڵەی تەمەنی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی تێکۆشانێکی سەختو تاڵی لە ئەستۆگرت بۆ بەڕێدا چوونی زوڵمو زۆرداری و دیکتاتۆری و ئیستیعمارو زایونی .

ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی دامەزراندنی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی ئەو حزبەی شۆڕشی ١٧ی تەممووزی بەڕاکردو بەشێکی زۆر لە دروشمو بیروباوەڕو ئایدێکانی لە واقیعی ژیاندا جێبەجێ کردووە جا ئەگەرئەوە لە مەیدانی نیشتمانی عەرەبدا بێت وەیا بە شێوەیەکی تایبەتی لە عێراقدا بێت .

کامڵ بوونی سەربەخۆیی نیشتمانی لە بارەی سیاسیو ئابووریو چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی دیموکراتیانەو دامەزراندنی ئۆتۆنومیو دانانی زۆر یاسای پێشکەوتخوازانە وەک یاسای کارکردنو یاسای خانەنشینیو زامنی کۆمەڵایەتیو یاسای چاککردنی گشتوکاڵو بەخۆڕایی کردنی خوێندن لە ئوتابخانەداو بەرزکردنەوەی پلەی گوزەرانو ئابووری گەلو دامەزراندنی زۆر دەزگای پیشەسازیو گشتوکاڵی و ڕۆشنبیریو ئاوەدانی لە چوارچێوەی نەخشەی پەرەپێدانی نیشتمانیدا .

هەموو ئەم دەستکەوتانە حزبی سەرکردەمان وەدیهێناوە پاش ئەوەی دەسەڵاتی وڵاتی گرتە دەستەوە ئیستاش حزب بەردەوام نەخشە دەکێشێت بۆ وەدەستهێنانی دەستکەوتی دیکە ، ئێمە باوەڕمان زۆر گەورەیە کە وڵاتمان زۆر دەستکەوتو سەرکەوتنی گەورە گەورەی تر وەدی دەهێنێت لە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەیەکاندا

● هاوکاری ●

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا عیبارەتی (٣٠٠) مەتری چوار گۆشە بخرێتە شوێنی (١٥٠)م چوارگۆشە کە لە بڕگەی (١)ی بڕیاری ئەنجوومەنی ژمارە ١٤٢٨ی ڕۆژی ٢٧-١٢-١٩٧٥دا هاتووە ئەمەیش تەواوی بڕیارەکەیە .

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش
ژمارەی بڕیار ٤٦٨
بەرواری بڕیار ١-٤-١٩٨٠

بەپێی دەسەڵاتی بڕگەی (أ) لە مادەی چل و دووی دەستووری کاتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە دانیشتنی ڕۆژی ١-٤-١٩٨٠دا ئەمەی خوارەوەی بڕیاردا ..

١ - عیبارەتی (٣٠٠)م٢ دەچێتە جێگای عیبارەتی (١٥٠)م٢ کە لە بڕگەی (١)ی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (١٤٢٨)ی ڕۆژی ٢٧-١٢-١٩٧٥دا هاتووە .

٢ - ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوەو لایەنە پەیوەندارەکان جێبەجێی دەکەن .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

شایانی باسە کە بڕگەی (١)ی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە ١٤٢٨ی ڕۆژی ٢٧-١٢-١٩٧٥ ئەوەی تێدایە کە هەموو ئەو کەسانەی پارچەی زەوییان لە دایەرەکانی وەقفەوە بە هۆی گۆڕینەوەوە دەستکەوتووە (یان دەست دەکەوێت بۆ مەبەستی باخ و درەخت چاندن دەبێت لە مەرجەکانی گۆڕینەوە دەرنەچن و ئەو زەوییانە تەنیا بۆ مەبەستی باغ و درەخت چاندن ڕەنێو بهێنن و ڕێگەیان نادرێت خانووبەرەی تێدا دروستبکەن لە سنووری ڕووپێوێکدا نەبێت کە لە ١٥٠م٢ تێنەپەڕێت بۆ مەبەستی نیشتەجێبی یان بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی باغەکە .

قوتابی یە بریندارەکان بۆ سەرۆکی فەرماندەیان دووپات کردۆتەوە کە پیلانەکانی دوژمن زیاتر لە بیروباوەڕەکانیان نزیکی دەکاتەوە

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو بریندارانی ڕووداوە تاوانبارێکەی بەسەر کردۆتەوە کە سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو لەکاتی بەڕێ کردنی تەرمی شەهیدەکانی زانکۆی موستەنسریە کە ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردوو شەهیدبووبوون ڕوویداوە .

بەڕێز لە گەڕانیدا بەهۆڵیکانی (مەدینەی توب)و خەستەخانەکەرخی کۆماریدا بریندارەکانی بەسەر کردۆتەوەو لە ئەحواڵی پرسیون کە زۆربەی برینەکانیان کەم و بێ مەترسی بە چاک بوونەوەیەکی زووبەزووی بۆ کردون بۆ بەردەوامیان لەڕێبازی تێکۆشاندا .

بەڕێز سەرۆك لە گفتوگۆکردنی لەگەڵ بریندارەکاندا وتوویەتی . . ئەو ڕیازە مەزنەی کردبوو تانەبەرنامەتان پێویستی بە قوربانیدانە وە ئەمەش قوربانیکانە ئێوە بەراستی ڕێبازی تێکۆشانی حزبی بەعسی سۆشیالیستی بەرەوتان خستەڕوو . کە تێکەتان دەریا دەبڕێت بەبێ ئەوەی ڕەشەبای دووژمن رابکرێت .

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە باوەڕمان لەپیلانەکانی دوژمن بەهێزترە چونکە لەکاری بنیاتنان و ڕابەرێتی بەرێندا پشتی بەجەماوەری بەستووە وە ئەو خوێنەی لەسەرخاکی زانکۆی موستەنسریە ڕژا و ئەمڕۆ لە کاتی خوێنشاندانی بەڕێ کردنی تەرمەکاندا مەدالیایەکە بۆ تێکۆشانی نەتەوەی عەرەبی کە لەڕێگای قوربانیدانی ڕۆڵەکانیەوە جوانترین شێوەی فیداکاری نیشانداوە .

بەڕێز سەرۆك ڕووی دەمی کردۆتە بریندارەکان و وتوویەتی :

ئێوە بەتێکۆشانتان درێژپێدەری شەرەف و کەرامەت و دوارۆژی ڕووناکی نەتەوەی عەرەب دەکەن چونکە ئێوە سەرچاوەی برشنگدانەوەن وە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە هەمیشە ڕووناکی تاریکی دەبەزێنێت . قوتابییە بریندارەکان پەیمانیان بەسەرۆکی فەرماندە داوە کە لە تێکۆشاندا بەردەوام بن و زیاتر قوربانی لەپێناوی بنیاتنانی دوارۆژی نەتەوەی عەرەبدا بدەن و ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە پیلانی دوژمن نایان ترسێنێ وزیاتر لە بیروباوەڕەکانیان نزیك دەکاتەوە .

لەو گەڕانەدا بەڕێز صدام حسین کە مەدینەی توپ و خەستەخانەی کەرخی کۆماری بەسەرکردۆتەوە بەڕێز حکمة ابراهیم ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕش ئەمینداری مەکتەبی قوتابیان و لاوانی مەرکەزی و دکتۆر ریاض ابراهیم حسین وەزیری تەندروستی لەگەڵدا بووە .

دابەش کردنی دیارییەکانی سەرۆکی بەڕێز بەسەر ماڵە جووتیارەکانی گوندی بەستەسێنی هاوچەرخ دا

دابەش کردنی دیارییەکانی سەرۆکی بەڕێز بەسەر ماڵە جووتیارەکانی گوندی (بەستەسێن)ی هاوچەرخدا

● ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو ١٧٦ ماڵە جووتیاری گوندی (بەستەسێن)ی هاوچەرخ لە قەزای پژدەری سەر بەپارێزگای سلێمانی دیاری یەکانی بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسینیان وەرگرت کە بریتی بوو لە تەلەفزیۆنێك بۆ هەر خێزانێك.

لە ئاهەنگێکدا کە لەگوندەکە سازدرابوو بەڕێز خضر احمد بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر دیارییەکانی سەرۆکی بەڕێزی بەسەر ماڵە جووتیارەکاندا دابەش کرد، هاوڕێیان لێپرسراوان و ئەندامانی ڕێکخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و ئەندامانی لقی یەکێتی ناوچەیی کۆمەڵە جەماوەرییەکانی جووتیاران لە ناحیەکەدا ئامادەی ئاهەنگەکە بوون .

ماڵە جووتیارەکان بەخۆشحاڵی و ڕێزی خۆیان سەبارەت بە دیاریەکانی سەرۆکی بەڕێز دەربڕی و پەیمانی بەرەوپێشەوە چوونیان نوێ کردەوە بۆ وەدیهێنانی هەموو ئامانجەکانی حزب و شۆڕشی نیشتمانی و نەتەوەیی .

بەڕێ کردنی تەرمی ... دوو شەهیدی شۆڕشی عەرەب

سەر لەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٥-٤-١٩٨٠ جەماوەری قوتابییان تەرمی هەردوو شەهیدی شۆڕشی عەرەب طه علی الجبوری و فریال نصیف صالحیان بەڕێ کرد کە بەبریشکی نارنجۆکی دەستە مکارو چڵکاوخۆران شەهیدبوون کە یەکێك لە چڵکاوخۆرانی ڕژێمی ئێران ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردوو لە زانکۆی موستەنسریەدا تەقاندیەوە .

لە کەژاوەی بەڕێکردنەکەدا هاوڕێ قاسم سلام و بدر مدثر ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و جاسم محمد خلف وەزیری پەروەردەی باڵا و توێژینەوەی زانستی و .. هاوڕێیان ئەندامانی نووسینگەی نەتەوەیی قوتابیان و لاوان و ئەندامانی نووسینگەی مەرکەزیی قوتابیان و لاوان و سەرۆك و ئەندامانی نووسینگەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی نیشتمانیی قوتابیانی عیراق و سەرۆکانی زانکۆکان و عەمیدو مامۆستایانی کۆلێج و جەماوەرێکی زۆر لە قوتابییە عیراقی و عەرەبەکان بەشدارییان تێدا کرد .

کەژاوەی بەڕێ کردنی تەرمەکان لە بەرانبەری زانکۆی موستەنسریەوە دەستی پێ کرد بەو شەقامەدا کە بۆ وەزیریە دەچێت ئەنجا بە مەیدانی «کشافە»دا ، لەکاتێکدا هەزارەها قوتابیان لەمبەرو لەوبەری ڕێگاکەوە ڕیزدەستابوون چەندین دروشمیان هەڵگرتبوو نارەزایی یان دەربارەی تاوانە ناوەکە دەردەبڕی .

کۆمەڵێك مۆتۆڕسکل و جزفەی مۆسیقای سوپایی لەپێشەوەی کەژاوەی بەڕێ کردنی تەرمەکانەوە بورن ئەنجا دوو ئۆتۆمبێل تەرمی هەردوو شەهیدیان لەسەر بوو کە بە ئاڵای عیراق و دروشمی یەکێتی نیشتمانیی قوتابیانی عیراق داپۆشرابوون .

هاوڕێیان حمودی و فاضل داوالە دام و دەزگا ڕەسمی حزبی یەکان دەکەن لە هەولێر چاو لە سەرۆکی تێکۆشەر صدام حسین ببڕن لە بەدوادا چوونی باری هاوولاتییاندا

هاوڕێیان جعفر قاسم حمودی و عبدالله فاضل ئەندامانی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش داوایان لە دام و دەزگا ڕەسمییەکان کرد چاو لە سەرۆکی تێکۆشەر صدام حسین ببڕن لە بەدوودا چوونی حاڵ و هەواڵی هاوولاتییان و جێبەجێ کردنی ئەرك و لێپرسراوییەکاندا .

لە چاوپێکەوتنیان بە لێپرسراوانی پارێزگای هەولێر کە لە بینایەی پارێزگاکەدا پێك هات بە ئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر و هاوڕێ علی حسین صالح ئەمینداری نهێنیی سەرکردایەتی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە هەولێر داوایان کرد ڕەجێکی ئەوتۆ بخرێتە کار لە گوندە هاوچەرخەکاندا بۆ فراوان کردنەوەی خزمەتگوزاریی گشتی تیایانداو ڕەنێوهێنانی توانای ئەرکێکارانەی ئەم گوندانەدا بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا مەزراون بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی بۆ ئەو گوندانە تەرخان کراون. هەروەها پەنجەیشیان بۆ ئەوە ڕاکێشا دەبێت ئەم بەخەدانە لایەنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و دانانی بەرنامەیەکی وا بەردەوامی یان دابین بکات بگرێتەوە بە شێوەیەك ڕێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەو مەبەستەبێت کە ئەم گوندانەیان لە پێناوا دروست کرا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەدا لە باری گوزەرانی هاوولاتیانی ئەم گوندانەدا هاتوونەتە دی .

هەروەها هاوڕێیان جعفر قاسم حمودی و عبدالله فاضل داوایان لە دام و دەزگا ڕەسمی و حزبی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان کرد ڕەنجی خۆیان لەگەڵ یەکتریدا ڕێك بخەن و بەلی بخەن ئەویش لە پێناوی وەدیهێنانی جێبەجێ کردنێکی باشتری لێپرسراویی و ئەرکەکاندا و پشت بەستن بە توندوتیژی لەگەڵ دادوەریدا لە بەدوودا چوونی جێبەجێ کردنی ئەرکەکاندا.

بەڕێز پارێزگاری هەولێریش نرخی ڕابەخدانی سەرکردایەتی حزب و شۆڕش بە مەڵبەندی ناوچەی ئۆتۆنۆمی نا لە چوارچێوەی بایەخدانە گەورەکانیدا بە سەرتاپای ناوچەکەو پەیمانی دڵنیایی نوێ کردەوە بۆ خستنەکاری هەموو تواناو وزەکان لە پێناوی شۆڕش و جێبەجێ کردنی بەرنامەو نەخشە پەرەپێدانەکانی دا .

چالاکی ڕۆشنبیری

یەکێتی نووسەرانی کوردو کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە

مەڵبەندی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد ، سەر لەئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٣١ی مارت کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ یازدە شاعیر بەست کە ئەمانەبوون : عبدالله قەرەداغی ، عبدالکریم دەشتی ، مارف عومەر گوڵ عبدالله عباس ، عبدالرحمن مزووری ، محەمەد بەدری، مۆید طیب ، داری ساری حیدر ، مەسعود پەرێشان. محەمەد هەژار ، عبدالرزاق بیمار .. ئەم کۆڕەش کاکە بەزاد عەزیز سورمێ بەڕێوەی برد .

کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی و کۆڕێکی کوردناسی و شانۆگەرییەك

سەر لەئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢ی نیسانی ١٩٨٠ کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی کۆڕێکی بۆ دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر لەهۆڵی کۆمەڵە سازکرد بەناونیشانی « سەرنجێك دەربارەی کوردناسیی ئینگلیزی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی» .. مامۆستا عەبدولستار تاهیر شەریف کۆڕگێڕی پێشکەش کرد ..

هەر لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لەبەغداو لە ڕۆژانی ٤و٥و٦ی نیساندا کۆمەڵ داوەتی تیپی هونەری سەر بەبەڕێوەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەری سلێمانی کرد بۆ پێشکەش کردنی شانۆگەری «بەروانە» کە لە ئامادە کردنی کاك دڵشاد محەمەد ئەمینی شاعیرو دەرهێنانی هونەرمەند جەلیل زەنگنەیە..

لەژمارەی ئایندەی ڕۆژنامەکەماندا بەدرێژی باسی ئەم چالاکیانە دەکەین .

تاوانبارێکی بەڕەگەز ئێرانی لە زانکۆی موستەنسریە نارنجۆکێکی فڕێداوەتە ناو کۆمەڵێك قوتابیانەوە

تاوانبارێکی بەڕەگەز ئێرانی سمیر نور علی میسر علی غلام ناو لە دەوروبەری سەعات دەی سەر لەبەیانی ڕۆژی ١-٤-١٩٨٠دا لەزانکۆی موستەنسریە نارنجۆکێکی فڕێداوەتە ناو کۆمەڵەیەکی قوتابیانەوە کە هاوڕێ طارق عزیز ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری سەرۆك وەزیران بۆی ئامادە بوو بوو .

ئەو کارە تاوانبارییە بۆتە هۆی بریندار بوونی چەند قوتابییەك کە زۆربەی برینەکانیان کەم و بێ مەترسین ودبرینەکەی هاوڕێ طارق عزیز دەستو قاچی کەمی بریندار بووەو دوای تیمارکردنی هەر ئەو ڕۆژە تیمارخانەی بەجێ هێشتووە ، تاوانبارەکە دەم و دەست لەلایەن پیاوانی ئەمنەوە کوژراوە .

پیلانی ئەم ساڵی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق

خاتوو منال یونس سەرۆکی نووسینگەی ڕاپەڕاندنی سەر بە یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق ڕۆژی دووی ئەم مانگە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی مەڵبەندی یەکێتی کردوویش بۆ لێکۆڵینەوەی پلانی ئەم ساڵ .

سەرۆکی نووسینگەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی لە ووتەیەکدا ڕێزی لەو بەمت گرتنە نا کە سەرکردایەتی حزب و شۆڕش پێشکەشی ئافرەتی دەکەن و لە بواری پتەوتر کردنی بەشداری کردنیدا بۆ جەسپاندنی کۆڵەکەکانی کۆمەڵگای شۆڕش .

خاتوو سەرۆکی نووسینگەی ڕاپەڕاندنی سەر بە یەکێتی ئافرەتان باسی چوارچێوەی گشتی بەرنامەی کاری ئەم ساڵی کرد کە ئەو شتە بنەڕەتییانەی تێدایە لە کۆتایی نۆیەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتییەوە هاتوونە ئاراوە کە داوای ئەوە دەکەن بە هۆی کردنەوەی ژمارەیەکی زۆری لق و مەڵبەندەوە چالاکییەکان پتر بکرێن .

خاتوو منال یونس پەنجەیشی بۆ ئەو بنەڕەتانە ڕاکێشا لە دیاری کردنی ئەرکەکانی شانەکانی یەکێتی داو مەودای جێبەجێ کردنی نەخشەکانیان و بە دوودا چوونیاندا لە لایەنی ئەندامانی یەکێتییەوە لە لقەکانی لە پارێزگاکاندا شتیان پێ دەبەسترێت .

ئەو کۆبوونەوەی کە دوو ڕۆژی خایاند لە ڕاپۆرتەکانی نووسینگەی ڕاپەڕاندن کۆڵابەوە بە مەبەستی ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت و بە پلانی ئەمساڵ دابنرێت .

بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئێستگەی تەلەفزیونی سلێمانی کردەوە

بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو پرۆژەی ئێستگەی تەلەفزیونی سلێمانیی کردەوە کە ئێستگەی ناوبراو دەتوانێت لەماوەی ١٠٠ کم بەدەوری خۆدا هەموو قەناڵەکانی تەلەفزیونی عیراق «کەرکووك و بەغدا» بڵاوبکاتەوە لەگەڵ بەهێز کردنی ئێستگەکانی ڕادیۆی بەغداو صوت الجماهیر و ئێستگەی کوردی و تەلەفۆن و مایکرۆیفیش ، پرۆژەکە نزیکەی (٤٠٠) هەزار دیناری تێچووە .

وەزیری بەڕێز لە ئاهەنگێکدا ئەم پرۆژەیەی کردەوە کە بەڕێز ئەرشەد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی و هاوڕێ عبدالرزاق فارس ئەمینداری نهێنیی شوعبەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە سلێمانی . لەگەڵ لێپرسراوانی تردا ئامادەی بوون ، وەزیری بەڕێز خەڵاتی ئەو ئەندازیارانەی کرد کە لە پرۆژەکاندا ئیشیان کردووە .

بەتەلەفۆن
لە (حمە سعید حمە کریم)ەوە بەیامنێری هاوکاریی لەسلێمانی

ئەم هەواڵە

ئەو هاوولاتییانەی ئارەزوو دەکەن پرۆژەی بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەروەردەکردنی پەلەوەر بکەنەوە پێویستە لەسەریان لەئێستا بەدواوە داواکاری پێشکەش وەزارەتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ بکەن لەجیاتی وەزارەتی نەخشەکێشان .

بەڕێز نوری عثمان فرج بەڕێوەبەری گشتی دەستەی ... خزمەتگوزاری سامانی ... وتی : ئەم بڕیارە بۆ جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار درا بەمەبەستی کەم کردنەوەی ئەو ڕۆتینەی لەم ڕۆژانەدا پەیڕەو دەکرێ و بۆ ئەوەی هاوولاتییان بتوانن بێ گرێ و گۆل ئیجازەی پەرەزراندنی کێڵگەی پەلەوەرو ڕۆژەی بەخێوکردنی پەزو ... دەستگیر بێ .

Institut kurde de Paris

باسك

نزار محمد سعيد

چارمەکوینی ڤەدا ، ئەرزنکا ئەنەکا مویێت ڕەژیکی تێـرا بوینە خەلەك ، دانا سـەر سینگێ ڕویس ، ئو ئەنیا خـو د ناڤ لەپەکیدا ڤەشاست.
دۆتەکا ل هەمبەر ژ هەڤالا خورا د بێژیت :
« دێ بلا وێ شەڤێ بابێ وی لناشیبا ، ئەو کوڕێ وەکی بەرخەکی حەلیبا دبـــن تەلیسافەو لناڤ ئامیرەتا ، پشت لێ بو کڤان هندە سالە، بێ خویو بێ خودان ! نەو ... کا تو بو کێ دکەی ؟ »
دەست ئیناخار دبـــن ەزیلانکاڤە سەحکرە ژنکێ ، ژنکێ ژ شەرمادا ئێکســەر چاڤ ژ هەڤالێ گرتــن و ب بێژنگا خوڤە مژویل بـوو .
« حەسوی » د دلێ خـودا ئاشەك دگێرا :
« تەژی یاخو گـــووت جانێ ... شوولو هەتـــا مرنێ شوول !
با چ بکەم ... پالدەمـــە دەرێ مزگەفتەکێو دەستێ خو فەگرم . »
گەلە هزرا بهەڤـــرا کوڤەند د سەرێرا گرێدان... د ناڤرا بەرزەبوو کیشکێ نێژنم .. کیشک پەرێفـم . دەرسوکا خویا سست ڤەکرو ترێداڤـه ئو لگـــەل سەرهەژاندنێ بخو د گووت ، بدەستاو چاڤاو ئەزمانی :
« نەکەی ! پا ئەز ژێ جارنا هزرێت کەودەن د کەم !
مزگەفت .. هێ .. ئەوا مای من نەکری نانێ بسـەر سوڕێ بخوم ! ئەز نەوبـم یێ کو خانکو ڤازانیێت چ هەژارا نانێ من ژ بیـر نەکەن ! چاوا خودێ کراسیدا ببینم ! »
هێ ژگەرا هزرا نەدەرکەتی .. تەنگێت ئاشی بەربـەرە سست بوون ... ڤەبڕین ... دەنگێ مروڤا ئەڤێ ئاشی د خەندقاند بسەرکەتو ڤاڤێك هەلبوو :

« دیسا تەنگ قەتیا ! نەخێ دۆن نەما ! ئاشێ بگەلـــە ئاشڤانا ئەڤە کارێ وی‌یە !! ها .. ها .. ها .. ها . »
ڤالەیالەك کەتە ئاشـی ، چ دیرانێت سەرخوشا د هۆسـا دینن ! کینەکا مەزن بسـەر دلێ « حەسویدا » گــرت، چاڤ د سەرێرا بوونە گویز.. نینا راست رابو سەرخو . .
هەمیا خالا خو دابێ لێڤێت وی بشکفتن :
« چ یە ؟ چ د بێژنە ڤێ ئێکی .. د هارن .. د دینن هرین .
چ یێ بەرێ خو د دەیێ . . دەستێ هاڤێتیە قەفتا سمبێلا .. ئەزمو هەتا سوبەهێ ئەز ! لێ مێر ئەوە دەما ئاشێ د راوستیت خـو پاڤێتـە سوولێ ، هەر ئێکی ددانێ هەڤالێ خو یێ هاڤێتی !! د ترسن شەلێت وان پیسبن! ... هە .. هە .. هە . . نە .. نە شوول کر هۆسا ! هەتا د بێژم و د بێژمەڤـە دێ کەم و هێمەڤـە .. وە گولێ نەبویە ئەڤە ـ هەمیا پێ کرە کەنی ـ دێ پا ببنە شێشلتە بدویڤێکڤەو پالدەنە دەرێ مزگەفتەکێ ! نەعل... نوکە دێ بو هەوە چ بێژم .. دێ هەرن ... هەرن . »
«حەسو» نقوبو ناڤ ئامیرەتێت ئاشی ... چەندەکا هاریکر ... یێت دی پالدا سـەر تەلیسا . گەلە بسەرڤـە نەچوو .. رح ئینان ئاشی.. تەنگا چەرخ لێدان .
لپاشالا ئاشی بن بیڤەکـا تارێ مینا شکەفتا یالێ .
تیشکەکا ڕۆژێ تنێ چ یە ؟ نابینیت ! لنیڤێ .. جهـو بالگهێـت « حەسـوی » د رائێخستینە ، دەمـا هەرو ئێڤاری لسـەر روینیتەخاری .. هویردێ خو تەژمێریت ، تێتە بیرێ ... کو هەر ئامیرەتەکێ شکەستی نەورنەتێت بن بیڤـێ ، وی چیروکەکا لگەل هەی .
هەڤڕان سەراستبوو... « حەسوی » دەستەتـف دانە خو .. تەلیسـەك هلاڤێتە سەر قەرتێ بنـاڤ قولنجاڤە .. ئو پشـت دا ئاشی . بەربەرکـێ نبڕویە .. عەڤرەکێ ڕەش.. بێ خو بەر پراسییێت چیایێت ئاژێژی دادای .. کولینـا ئاشی دوکێلا ژێ هەلدبیتە بەر عەسمانا .
دۆتا ساڤارێ خو لبێژنگێ دکر ... دیتنا وێ دیتـی شنشکڤە کۆشا وێ گـەرم بوو !! هێدی بێژنگ دانـاو دەڤێ خو برە بن گوهێ هەڤالا خو . . . چاڤێت خو لئاشی گێراندن ..
لدەرێ بن بیڤێ راوستیان:
ـ تە .. تە ... تەلیسـو بەن دانابونە ڤێرێ ؟!
ـ ئە .. ئە کاکو هەمـا هەرە ژوور .

هەڤالا خو لبـەر دەری هێلا ..ئەو بلەز بژوورکەت.. تارێ‌یە .. ڕپڕپا دلێ‌یە ... چاڤێت خو د هەمی کونجالکا وەرکرن ... دیت ! کنجرەکێ زڕوێ لحێڤا « حەسـوی » برەخ بالگەهیڤە .... خـو جەماندێ ... سەحکرە .. دورو ڕەختێـت خـو بلـەز دهمـانا خـو ڕاکرو کنجرێ دانا ناڤ بیـا نوڤیرا ئیناوبر ... هەکو ژ بن بیڤێ دەرکەتێ بشکورینەکا تەرێ ژ لێڤا د باری .

« حەسو » بناڤ دەرکـا ئاشی کەت ، هەردوو دۆتـا ڤیان کەنیا خـو بهێلنـە د حەفکێرا .. لێ نەشیان.. ئینا « حەسوی » چـاڤ ئێخستنە هـەردووکـا ، و گرنژێ گرنژینەکا وەسـا هەر وەکی د ڤێن بێژنێ . . من دلێ تەیێ هێلای جانێ ... من هویڤی هەیە تو ل مـن نەگری .
وێ شەڤێ ... خو نەکرە فورمك ، لسەر جهو بالگهێت حو ، وەکی هەمی شەڤـا... بەو بـوریو ئێکا دی ژی بسەردا هات . هەڤالێـت وی کونجو کونج لێ د گەریان . . بدلێت پەرتی ، لــێ د جهدا زۆهابون ، هەمیـا پێکڤە چاڤ د سەرێـرا فرهەبون ! دەما وان قەستا ئشت ئاشی کری .
ئێکێ ژ وان ڤێژیەکـا دودنگ بژکاندە بسەرو چاڤێت « حەسوی » ڤە د برکێدا : حەسوووو ..... ئو خـو بجلکڤە لنیڤێدا .. وێ گاڤێ تەنگێت ئاشی ژێ د زڤرین.. ئو دوکێلا کولینێ ڕێکـا عەسمانی د شەڤاند .

دهوك ١٩٨٠

ئەوان گوڵی ناوگڕ بوون

گوشاد حمه سعيد احمد

تا زیاتر لە حـەفتا (٧٠) ساڵ پێش ئێستا ئەدەبـی فارسی نەی توانـی بـوو ڕێنەی ژیانی سەر دەمـی نوێی ئێران بگرێتە چـوار جێوەی خۆی‌و هیچ جولەیەکی نوێشی تێدا نەبوو جگە لەچەند شتێکی کەم نەبێ .. هـەر چەندە خاوەنی شاعیـره نوسەرانی وەك (خـەیام)و (سەعدی) و (حافـز) و (بەهار) و ... هتد ، بوو.. ئاکارەکانیشیان ئەوها بەرەگی مرۆڤایەتی وا چو بوە خـوارو نەك ئەوسا بەڵکو ئێستاش وێردی سەر زمانی خەڵکـن ، بەڵام مانای ئەوە نیە بۆ هەموو پێدا وبستەکانی ژیانـی سەردەمی نوێی ئێران دەستی دابێ ، بەڵکو پێویست بوو لە خەم‌و پێداوویستەکانـی سەردەمی نوێش چەنـد جرۆیەك چەکەرە بکا .
ئەدەبی ڕۆژئاوا چەنـد بازێکی گەورەی بەخـۆوە دیتبوو .. بۆیە لەوباوەڕەش دابوون کە (ڕۆژهـەڵات)ی سەردەمی نوێ شتێکـی وای تێدا بەستە نیە ، بـەڵام بەدبار کەوتن‌و هاتنە مەیدانی (نیی‌یوشیم)و (عیشقـی)و بەیکەر تاشی گەورەی ئێـران (کەمال و مەلیك) بونە مایەی سەربەرزی نەك ئێران بەڵکو هەرهەموو جیهـــانو بەدەریشیان خست کە شتی گـەورەیان لە باردایـە ، ئەگەر باری ڕامیاریشیان ڕێی بدابایە ئەوا شتی گەورەتـر دەکرا .. کەمێك دوای ئـەو سەر دەمە ، سەردە مێکـی نوێ لەئەدەبی فارسی دێتـە گۆڕێ کە لەکەڵە شاعیـرو چیرۆك نوسانی ڕۆژهەڵاتن ، کە هەندێکیان لەگەڵ شۆڕشی (میللی) ئێران بەدبارکەوتـن هەندێکیشیان بەرهەمـی شۆڕشەکەن پاش سالانـی بەنجاکان سەریان هەڵدا .

لێرەدا کەزیاتر مەبەستمان قسەکردنە لەبارەی چیرۆکـی نوێی فارسی بۆیە بەکسـەر دێینە سەر (سادق هیدایەت)و (محەمەد عەلی جەمـال زادە)و (بزرگی عەلەوی)و.. هتد .
ئەوانە ئەدەبێکی ئەوەنـدە بەپێزو ڕەگ ئەستوریان دا ، ئەوە ندە بەناخی مرۆڤـی ئێراندا چوەتە خوار کــە تاماوەیەکی زۆر دورتریشـی هەر دەگەشێنەوەو گیـرو گرفتەکانی کۆمەڵی ئێـران دەردەبڕن .
ڕۆمان‌و چیرۆکە کورتەکانی سادق هیدایەت و (جەمالزادە) لەگەڵ ئەو هەموو گـەورە بیەیان ، شتێکی دیکەشـیان تێدایە کە ئەو پش ئەوەیـە پێش ئەم نوسەرانە ڕۆمـان نوسین نەبوە و هەر لەسـەر دەستی ئەمانە هاتەکایـەوەو ئەوەندەش پەرەیان پێدا کـە بەراستی شانیان بەشانـی چیرۆك و ڕۆمانەکانـی نوسەرە ئاوروپاییەکاندا و بوە جێگای سەر سور مانیشیان خۆ (بومی کوید)و (سـێ دڵوپ خوێن)و (سایـەی ڕۆشن) و (سەگە بەرەڵـلا) ... سادق نمونەت بۆ ئـەم فسانەمان و جوانتریـن لاپەرەشن بۆ تێگەیشتنمـان لەژیانی میللەتی ئێران‌و هەست بەگەورەیی کردنی ئەم چیرۆك نوسەش . خۆ ئەگەر سـادق ئەم کارەی گرتە ئەستـۆی خۆی‌و لەباوەشیا ڕۆمـان‌و چیرۆك پێگەیشت ، ئـەوا (بزرگی عەلەوی)و (جەمالزادە) ش ڕۆڵێکی گەورەیـان لەبەرەو پێش بردنی دیت . (جەمالزادە) توانی گەڵـی چیرۆك ورۆمانی گــەورە بنووسێ‌و دوبـارە (سادق) بوعدێکی گەورەتر بداتـە کارەکانی ئەم نووسەرە .
جەمالزادە لە چیـرۆك‌و ڕۆمانەکانیدا بەتایبەتی (بەکێ

بڕوانە ل : ٧

داری ئـــارام

دڵت بۆ کێ ئەکەیتەوە ؟؟ شێت بوویتە یان :
شاخە ئیسفەنجی پڕ لووتکەی چاوەڕوانی
دوا چۆڕی ئاوی ئارامتـی ئەلەمژیوە
شێت بوویتە یان !
دوا گەڵای داری ئارامت هەڵوەریوە
جاران ئارامت دارێك بوو ، لقەکانی
بە گەڵای چڕی سێبەردار داپۆشرابوون
ڕەگەکانی لەزەویدا چەقی بوون
بە بوومە لەرزەش ناسووتان ..،
ئێستا گیانە ، دڵت بۆکێ ئەکەیتەوە ، شێت بوویتە
یان :
بڕوات بەسامالْ نەماوە !
ـ نەخێر شێت نیم
ئەگەر دڵیش ئەکەمەوە بەکوڵ ئەگریم
بێزارم لە تەنیایی گوڵ
بێزارترم لەبێدەنگیم ...

● ئەنتوان چیخەف ●
ئەبووبەکری خۆشناو
کردوویەتی بە کوردی

● ئێستا ژیان چۆنە ، لـەسەدەی پێنجەمیشدا هەروەها بوو . هـــەموو ڕۆژێ ڕۆژ هەڵدەهات‌و ئێوارانیش ئـاوا دەبوو ، بەیانیان هەر کـــە هەتاو لە خووناوەکانـی دەدا ، خاك دەبوژایـەوە ، نەسیم پڕدەبوو لە خۆشـی‌و هیوا .

چیرۆکێکی بێ ناو و نیشان

ئێوارانیش، خاك دەچووەوە ناریەك و لە تاریکی‌دا نقـووم دەبوو . ڕۆژان دەهـــاتو ڕۆژان دەڕۆیی ، تەم‌و مـژ دنیای دادەگرت ، هـــەورە تریشقە دەبوو ، جار جاریش جریوە جریوی ئەستێرەکـان ئەو ناوەی پڕ دەکرد .
ڕۆژان دەهـــاتو ڕۆژان دەڕۆیی ، شەو دەهـــاتو شەویش دەڕۆیی . قەشەکـان لە پێناوی خوادا کاریـــان دەکرد ، نوێژو عیبادەتیان بۆ دەکرد .
سەرۆکی قەشەکان پیرێکی نورانی بوو . شیعری جوانـی دەنووسی و نۆتەی مۆسیقاشی دادەنا. لە ئۆرگون لێدانیشدا، سەلیقەیەکی باشی هەبوو .
هەتا قەشە پیرەکانیش ، ئەوانەی لە گەڵ پیربوونیاندا، گوێیان کەڕ بوو بوو ، هـەر کە چاویان پێ‌دەکـەوت ، نەیاندەتوانی فرمێسکی چاویان ڕابگرن .
کاتێ لە مەسەلەیەك دەدوا، ئەگەر مەسەلەکە سادەشـی برایە ، وەك دوان دەربـارەی درەختەکان‌و ئاژەڵـــە ترسناکەکان ، یاخود دەریا ، لە گەڵیدا فرمێسکی لـــە چاو دەهاتە خوارێ ، یـــان زەردەخەنەیەکی دەهاتێ :ـ
ئەوەی گوێی لە قسەکانی بگرتبایە ، دەیگوت ئـــەوە ئۆرگونەو ژێیەکانـــی دەلەرنەوە . ئەگە تـــووڕە بووبایە ، یان هەستی بـــە خۆشی‌یەك بکردبایە ، یـــان دەربارەی شتێکی ترسناك یان مەزن قسەی بکردبایـــە ، گوێگرەکانی وەشـــوق دەکەوتن .
چاوەکانی دەچریسکانەوە ، پڕ دەبوون لە فرمێسك ، دەم‌و چاری سوور هەڵدەگـەڕا ، دەنگە بە سۆزەکەی بـــە شێوەیەکی وا کاریگـــەر دەخستە دڵی قەشەکانەوە ، وەك ئەوەی بیەوێ ئیلهامەکەی دڵی ئەوانیش بگرێتەوە .
ئەگەر بە قەشە بـــە سالاچووەکانی بگووتبایـە ، خۆ لە دەریا باوێن، هەموویان تسەیان لە قسەی نەدەکرد . مۆسیقاو دەنگ‌و شیعرەکانی خۆی بۆ پێداهەڵگوتنـــی خوا تەرخان کردبوو .
زەوی‌و ئاسمان ، بـــۆ ئەشەکان سەرچاوەی خۆشی‌و کامەرانی بوو ، ژیانیان لـــە بەك ئاستدا دەڕۆیشـــت ، ئەویش بریتی بوو لە گـــوڵ‌و بەهار و پایز . هاشە هاشـی دەریا گوێی کەڕ کردبوون . دەنگی چۆلەکەکان بە گوێیاندا ناساز بوو ، بەڵام بەهرەی ئەو قەشە نورانی‌یە ، هەمـــوو شتێکی بۆ جێگای خـــۆی دەگێڕاوە . بەهرەی ئـــەو ئەشەیە ، بۆ هەمووان لـــە نان پێویستتر بوو ، دەبوایە هەموو ڕۆژێ ماوەیەکـــی زۆر ، گوێی بـــۆ شـــل بکەن !.
دەیان ساڵ تێپـــەڕی ، ڕۆژان هات‌و ڕۆژان ڕۆیـی ، شەو هات‌و شەو ڕۆیـی . لە چۆلەکەو ئاژەڵە دڕندەکان بەو لاوە ، شتێکی دیکەیـان لە نزیکی ئەو دێرەدا نەدەدیت.
وا وێ دە چوو، کە ئاوەدانی لە نزیك ئەو دێرەوە نەبووبێ، ئەگەر یەکێك بیویستبایە بگاتە ئەو دێرە ، دەبوایە دەبـــان فۆناغە ڕێی ئەو بیابانـــە لماوی‌یەی ببڕیبایە ، بیابانیشـی ئەو کەسانە هەڵیدەبژێـرن ، کە نەفرەت لە ژیان دەکەن .
ئەوەی قەشەکانـــی سەرسوڕمان‌کرد ، ئەوە بوو : شەوێك لە شـــەوان ، مرۆڤێك لە دەرگـــای دێرەکەی‌دا . دوایـــی ، تێ‌گەیشتن کە ئەو مرۆڤـە هی شارەو لە مرۆڤـــە تاوانبارەکانیشە .
بەر لە وەی کابـرا داوای بەرەکەت لە قەشـــە نورانی‌یەکە بـکات ، داوای خواردنی لێ‌کرد . دەربارەی ئەو پرسیارەی چۆن لە شار هاتۆتە دەرەوەو ئاوارەی ئـەو بیابانە بووەو گەیشتۆتە ئێرە، بە چیرۆکێکی دوورو درێـژ ودرامی قەشەکانی دایەوە . سەرخۆش بووەو لەو بیابانەدا ڕێگای لێ وون بووە !.

کاتێ داوایان لێ‌کرد کـــە ئەویش لە گەڵیاندا بێتـــە قەشەو ژیانی خۆی ڕزگاربکا، کابرا بە زەردەخەنەیەکـــی پڕ لە بێزەوە ، گوتی :
« من بۆ ئەوە دەست نادەم ، ببم بە هاوڕێی ئێوە ! »
کە نانی خوارد ، چاوێکی بە هەمووانیدا گێڕاو ،سەری خۆی باداو بە گلەیی‌یـــەوە گوتی : « بەڕێزەکان ، ئێـــوە لێرە هیچ کارێکتان نی‌یـــە ، تەنیا هەر دەزانن ، بخـۆن‌و بخۆنەوە ، ئایا بەم شێوەیـە گیانی مرۆڤایەتـی ڕزگـــار دەکرێ ؟ لە کاتێکدا کـــە ئێوە لێرە دانیشتوون‌و بـــە هێمنی دەخۆن‌و دەخۆنـەوەو هەست بە خۆشی‌یەکی هەمیشەیی دەکەن ، هەر لـە نزیکی ئێوەشدا ، خەڵکـــی وا هەن ، یەکدی دەکـوژن‌و دەچنە جەهەننەم ! .
هەندێ بیربکەنەوە ،چاوێ بەو ڕووداوانەدا بگێڕن کە لە شارەکـــان دا ڕوو دەدەن . خەڵکی وا هەیە لە برسـا دەمرێ ، هەندێکی دیکــە سەرخۆشـــن‌و وێـــڵ‌و سەرگەردان دەسووڕێنەوە ، دیارە ئەو کردەوانەش تووشی خراپەیان دەکا ، بۆیە وەکـوو هەنگ لە ناو هەنگوینـــدا دەمرن ! .
ئەو خەڵکە ڕاستـــی‌و بلاوەڕیان ون کردووە ، دەپێم بڵێن چ کارێك ئەوان ڕزگـار دەکا ئایا پێوست نی‌یە ئێـوە ئامۆژگاری من‌و خەڵکـــی دیکە بکەن ؟ .
من ، خۆم هەموو کاتـێ سەرخۆش بووم ، هەر لـــە بەیانی‌یەوە تا ئێوارێ ، ئایـا گیانی پاك کە خوا بە ئێـوەی بەخشیوە ، هەر بۆئەوەیـــە کە لە نێوان ئەو چوار دیوارەدا دابنیش‌و هیچ نەکەن ؟.»
قسەی سەرخۆشەکە زۆر توندو بە گوڕ بوو ، کارێکـی زۆرە کردە سەر قەشـــە نورانی‌یەکە .
قەشە نورانی‌یـــەکە ، چاوێکی بە هاوەڵەکانـــی‌دا گێڕاو گووتی :
ـبراکانم ! ئەم پیاوە لـــە ڕاستی‌یەوە دەدوێ ،قسەکانی ڕاستن ، خەڵکە بێ‌هێـزەکان لە بەر نەزانین‌و قرچۆکـــی‌و ناباوەڕی دەمرن ! ، ئێـمـە لێرانەدا هیچ کارێك ئەنجـام نادەین ، وەك بڵێی ئاگامان لە هیچ شتێك نەبێ ، واین ! ، ئەگەر بچین دووبارە گیانـی مەسیحیان وەبەر بهێنینەوە، کێ ڕێمان لێ دەگرێ ! ؟ .
بۆ ڕۆژی دوایی ، دەستی دایە گۆپالەکەی‌و خودا حافیزی لە هاوەڵەکانی کـــردو ڕووی کردە شار .
قەشەکان ، بێ مۆسیقاو قسەی خۆش‌و بێ شـــیعر مانەوە .
دوو مانگ تێپـــەڕی ، ژنیان زۆر ناخۆش بوو بـوو، قەشە نورانی‌یەکەشـــی نەگەڕابەوە .

مانگێکی دیکەش تێپەڕی ، قەشەکان گوێیان لە تەقـــە تەقی گۆپالێك بوو ، بە پیـر دەنگەکەوە چوون ، کەوتنـە پرسیار لێ‌کردنی ، ئەویشـی لە جیاتی ئەوەی خۆشـی

بخاتە دڵیانەوە دەستی کـرد بە گریان .
قەشەکان هەستیان کرد، کە قەشە نورانی‌یەکە تـەواو گۆڕاوە ، کە دەگــە یا دەم‌و چاوی لە تاوانبارەکان دەچوو.
قەشەکانیش لـەگـەڵ قەشە نورانی‌یەکەدا دەگریان‌و بە دەم گریانەوەش لە هـۆی ئەو گریانەیان دەپرسی ! لـەو ئێش ئازارەیان دەپرسـی کە ڕووی قەشەکەی داگرتبـو . قەشە نورانی‌یەکە بێ دەنـگ دانیشتبوو . نە نانـــی دەخـــواردو ، نـــە دەشیخواردەوە .
ئۆرگونیشی لێ نەدەداو هەر دەگریا .
قەشەکان ئارامیان لــێ هەڵگیرابوو ، چونـە لای‌و گەلێکی لێ‌پاڕانەوە ، کـــە بەسەرهاتی خۆیان بـــۆ بگێڕێتەوە .
بۆ ڕۆژی دوایی هەمــوو قەشەکانی کۆکردەوەو بـــە ڕوویێکی ناخۆش‌و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی :
« کە بۆ شار وەڕێ کەوتم، وەکوو سەربازێك کە بـــۆ جەنگ دەچێ‌و دڵنیاشە هـەر سەردەکەوێ ، ئاوا دەستـم پێ‌کرد . دەڕۆیشتم‌و خەونم دەدیت ، جارجاریش لـــە بەرەخۆدا شیعرو سروودم دەگوت . نەمزانی چۆنـــم ڕێگاکە تەواو کرد . ».
کاتێ گەیشتە سەر باسـی شارو دانیشتوانـی شار ، دەنگی گۆڕاو چاوەکانی سـوور هەڵگەڕان‌و دەم‌و چاوی ترسی لێ‌نیشت .
ئەوەی ئەمجارە لە شاردا دیتبوی ، قەتی خەیـــاڵ نەکردبوو . بۆ یەکەم جار لـە ژیانی‌دا ، هەستی بە ڕاستی کردو لە گەڵێ شت گەیشت.
شەیتان چەند ئازایە ، ڕێ چەند جوانە و نەزانـــین‌و ترستۆکی مرۆڤ لە ناو دەبەن. بۆ بەدبەختی ، یەکەم جـار ڕێگای کەوتە ماڵێك ، ئـەو ماڵەش جێگای ڕابواردن بوو.
کۆمەڵە کەسێك ، ئەوانەی پارەیەکی زۆریان هەبـــە ، دەیانخواردو دەیانخواردەوە ، قسەی بێ مانایان دەکردەوەی بە سەر زاریاندا بهاتبایـــە نەیاندەگێڕاوە ، قسەی وایان دەکرد ، مرۆڤ جۆرئـەت ناکا لە ترسی خوا زمـان بکاتەوە .
قسەیان دەکردو ئـــەوەی حەزیشیان لێ‌بووایـــە ، دەیانکرد . ئەو ئارەقەشـــی کە دەیانخواردەوە ، ئەوەنـدە بێکێکی بخـــواردباوە ، دوو سێ‌و چواریشـــی بە دوادا دەچو . بەو ئارەقــە وەخۆشی دەکەوتـــن‌و زەردەخەنەیان دەکەوتە سـەر لێوان .
قەشە نورانی‌یەکە ، بـــە سەرهاتەکەی خۆی دەگێڕاوەو دەشگریا :
« مێزێکی گـەورە لـــە ناوەڕاستی جێ‌خواردنەوەکەدا دانرابوو ، ئافرەتێکـــی لە سەر دانیشتبوو. ئافرەتەکە ئەوەی لەشی ڕووت بـــوو ، ئەوەندە جوان بوو ، دەتگوت سروشت شتی لەوە جوانتری دروست نەکردووە . لـــە

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

سالی جیهانی منالان و
بەندیخانەکانی منالان لە ئەمریکا

مەحەممەدی مەلا کەریم لەعەرەبییەوە کردویەتی بە کوردی

بالی ڕەشی جیهانی خوێنمژی سەرمایەداری ڕەنەبێ تەنها سایەی سەنگینی خۆی بەسەر سەری باوکاندا دابێ ، بەڵکو منالەکانیشیانی گرتوەتەوە . بەهۆی بێکاریی باوکانەوە منال بەدەست برسیەتییەوە ئەنالێنن و ، لە ئەنجامی ئەوەدا کە کرێی پێ خوێندنی منالەکانیان پێ نادرێ ئەبێ منالەکان قوتابخانە بەجێ بهێلن و ، بە تەمەنی کەمیانەوە بڕۆن لە کارگاکانی سەرمایەدارەکانا ڕەنج بکێشن و ئارەق بڕێژن تا بتوانن یارمەتییەکی کەس و کاریان بدەن و کەلێنێکی ئەرکی گرانی کرێی خانوو پارەی ئاوو کارەباو نرخی زۆری تیمارکردن و کرینی خواردەمەنی پڕبکەنەوە .

لەم چەرخی بیستەمەدا کە چەرخی ڕووناکی و ئەتۆم و ئاسمان‌گەڕییە ، لە توانای هیچ کەسێکی دەروون زیندوودا نییە لەئاستی ئە هەموو ناهەقی و دەس‌درێژییە ئانینسانییانە بێ‌دەنگ بێ کە منالان تووشی بوون و ئەبن.. بۆیە بوو کۆمەلی نەتەوە یەکگرتووەکان سالی ١٩٧٩ی کرد بە سالی منالانی جیهان، بۆ ئەوەی سەرنجی ڕای گشتیی جیهان و سیستێمە کۆمەلایەتییە جیاوازەکان ڕابکێشێ بۆئەوە کە بیرێ لەوە بکەنەوە بایەخێکی زۆرتر بەو پارچە جگەرانەی مرۆڤایەتی بدەن کە سبەینێ ئەبن بە پیاوی دواڕۆژ ..

لێرەدا ئەمانەوێ باسی باری ژیانی منالانی ئەمریکا بکەین .

لە کۆمەلەی ئەمریکادا منالیش ، وەك هەموو خەلك، کەل‌وپەلێکە لە بازاڕی بێنەو بەرەی بازاڕی مۆنۆپۆلی و سەرمایەداریی ئەمریکادا . بەبۆنەی سالی جیهانیی منالانەوە لەم سالەدا لە گەلێ لە ڕۆژنامەکانی ئەمریکادا بابەتی زۆرو سەیرو سەمەرە لەبارەی ئەو هەموو جەورو ستەم و بەدڕەفتاری و زەبرو زەنگەوە بلاو کرایەوە کە منالی ئەمریکایی چ لە مال و چ لە قوتابخانەو چ لە شوێنی کاردا تووشی ئەبێ و ، تەنانەت زۆرجاریش ئەبێ بە مایەی گیان‌دانانی یا دەربەدەر بوونی و ، زۆریش وائەبێ فێری بەدخوویی و تاوانی ئەکاو لە ڕێ لای ئەداو ، گەلێ کەرەتیشی هەر بە منالی ڕەوانەی زیندانی ئەکا . جا ئەگەر منالی ئەمریکایی لە مالی باوکیاو لە قوتابخانەدا ئەمە بەشی بێ ، ئەبێ کە ڕێی کەوتە بەندیخانە چی بێتە ڕێ ؟ بەندیخانەی ئەمریکایی بەش‌بەحالی بەندییە منالەکان مەرگەساتێکی ڕاستەقینەیە . بۆنموونە لە یەکێ لە شارەکانی کارۆلینای باشووری سێ برا کە ناویان بیللی (١٢ سالان)و براین (١٣ سالان)و دان (١٤ سالان)ە بە گوناحی ئەوە کە گوایە هەندێ پارەی وردەیان لە نوسخێنك دزیبوو لەلایەن بەردەستی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەوە کە تیایاندا گیران و خرانە زیندانی گشتیی شارەکەوە . ئەم سێ برا پێکەوە خرانە ژوورێکی تەسکی چوارکەسی کە پێش ئەوانیش سیانی‌تری تیابوو کە ئەوانیش یەکێکیان منال و ئەو دوانەکەیان گەورە بوون . ئەم دوانە لە تاوانکارە مێژینەکان بوون کە پێشتر چەند جار چووبوونە بەندیخانەوە . کە شەو ئەم سێ منالە نووستن دوانە گەورەکە هاتبوون دەنکە شقارتەیان خستبوە نێوان پەنجەکانی دەست و پێیان و داییان‌گیرساندبوو . کە منالەکان بەخەبەر هاتبوون و دەستیان کردبوو بە هاوار هاوار ، پیاوەکان دەستیان کردبوو بە پێکەنین پێیان . شەوی دووهەم منالەکان لەترسانا نەیانوێرابوو بخەون ، ئەوجا پیاوەکان وەك دوێ‌شەویان لەگەل بکەن ، پیاوەکان هاتبوون بە زۆر جلەکانیان لەبەر داکەندبوون و ... دەستیان کردبوو بە فیکە لێدانیان ، زۆریشیان ئەوان کردبوو کە لەسەر ئاوازی فیکە لێدانەکە دەست‌بکەن بە دانس کردن.. منالەکان بەگوێیان نەکردبوون ، لەسەر ئەوە بێ‌بەزەییانە کوتابوونیان و بێیان دابوون .

پاش پێنج شەوی پڕ لە ترس و لەرز سێ منالەکە دران بە دادگا . دادگا یەکێکیانی بەرەلا کردو دوانیانی ناردەوە بۆ بەندیخانەکەیان تا لەوێوە بنێررێن بۆ زیندانی منالان. دوو منالەکە زۆر پاڕانەوەو لالانەوە کە نەیانێرنەوە بۆ بەندیخانەکەی پێشوویان ، بەلام هیچ دادی نەدا . بڕانەوەی جێگەکەی روویان و لەگەل هەمان پیاوە بێ‌بەزەیی و دەلڕەقەکانا دایاننانەوە .

وەنەبێ ئەمە ڕووداوێکی بەڕێکەوت هەلکەوتوو بێ لەو ڕووداوانەی لە ژیانی منالی ئەمریکاییدا ڕوودەدەن. یەکێکە لە هەزاران وێنە کە هەموو ئەوەمان پیشان ئەدەن چۆن منالانی ئەوبەری ئۆقیانووس لە بازاڕی ئاشکراو نهێنیی کۆیلە فرۆشیدا بێ‌شێل ئەکرێن .

کە زمانی ژمارە دێتە گۆ ئەوەمان پێ ئەلێ لە سالانی ١٩٦٠ - ١٩٧٠دا ژمارەی منالانی لە ١٧ سالان کەمتر کە چوونەتە بەندیخانە دوو قاتی دە سالی پێشتر بووە . نووسەرێ ئەمریکایی ڕۆز مێری سێری ئەلێ تەنها لە سالی ١٩٧٤دا نیو ملیۆن منالی ئەمریکایی چوونەتە بەندیخانە . کاربەدەستانی سندووقی داکۆکی لە منال سەری ١٣٩ بەندیخانەی گەورانیان دا ، لە نۆ شارستانی ئەمریکادا ، دییان .٣٥ لە بەندییەکان منالن . دیارە زۆربەی ئەو بەندییە منالانەش لە ڕەشەکان و لە دوورەگەکان و هیندییە سوورەکان و مەکسیکییەکان بوون و زۆربەیان ١٦ - ١٧ سالان بوون . ٣٤٪یان تەمەنیان ١٤ سالان و کەمتر بوو .

زۆربەی ئەو منالانەی خراونەتە بەندیخانەی گەورانەوە لەسەر تاوانی هیچ وپووچ گیراون . بۆنموونە ١٨٪یان لە مال یا لە قوتابخانە هەلاتوون . پتر لە ٤٪ یشیان هیچ تاوانێکیان نەکردووە . یەکێ لەو منالانە لەسەر ئەوە گیرابوو کە بێ‌کەس و دەربەدەرەو شوێنێ شك نابا بۆی بچێ .



یەکێکی‌کەشیان بۆیە گیرابوو چونکە دایکی گیرابوو ئەویش کەسی نەبوو بچێتە لای و لەبەرئەوە خرابوە بەندیخانە . تێکڕا منالی‌وا زۆرە لە بەندیخانەکانا کە لەبەر بێ‌کەسی گیراون و خراونەتە بەندیخانە .

لە ئەمریکادا زۆر لە منالە نوقسان و شێت و پەككەوتەکان لەبەرئەوە کە نەخۆشخانەی وا نییە تێیان‌بخەن ، ئەیانخەنە بەندیخانە . کچۆلەیەك لەگەل باوکی گیرابوو . تاوانی ئەوە درابوە پال باوکی کە لاقەی کچەکەی کردووە . دادگا باوکی کچەی بە بێ‌گوناە دەرکردو بەرەلای کرد چونکە بەلگەی تەواو نەبوو کە تاوانەکەی کردووە ، بەلام کچۆلەکەی لە زیندانا هێشتەوە .

لەناو ١٧١ بەندیخانە لە بەندیخانەکانی ئەمریکادا ، تەنها ٧ بەندیخانە ڕایانگەیاند کەوا ئەزانن ماوەی بەندکردنی بەندییە منالەکانیان چەندە . جارێکیان منالێك نەخۆشیی حەسابی هەبوو ، ئەو منالەیان سال و نیوێك لە بەندیخانە هێشتەو بەهیوای ئەوەی جێگەی لە نەخۆشخانەدا بۆ چۆل بێ .

لە هەر دە بەندیخانەی ئەمریکا بەندیخانەیەکیان کارگەی مەشق پێ‌کردنی بەندییانی هەیە. هەرچەند . قانوونی هەموو ولاتەکانی ئەمریکا بە ئاشکرا پەلێ ئەبێ منال و گەورە لە بەندیخانەدا پێکەوە نەبن ، لەناو ١٣٩ بەندیخانەی ئەمریکادا کە توێنەرانی سندووقی داکۆکی کردن لە منالان سەریان لێ دابوون، تەنها ٤٦ بەندیخانەیان توانای جیا لە یەك دانانی بەندیی گەورەو منالیان هەبوو ، ئەو جێگایانەش کە لەم بەندیخانانەدا بۆ منالان تەرخان کرابوون هەموو سەرداب و کەلەگیی تاریك و نووتەك و بۆگەن و بێ‌هەوا بوون کە زۆر جار منال کە لێیان دێتە دەرەوە تووشی سیل بوە یا باری دەروونی بەتەواوی تێکشکاوە . .

جەژنی نەورۆز

نووسینی - ئەحمەد خواجە

لەسەر دەمی ڕابوور دوودابەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە قۆلتی گەورەو چاووڕاوی نا لە باریان بۆ گەلی کوردبلاو ئەکردەوە ، دەسەلاتدارەکان هەر جار بەجۆرێك بە بەنگو باوی مەجوسیەتی ، ئاگرپەرستی ، پەراگەندەیی و جیاوازی ڕەگەزایەتی لەکەدار ئەکرا .

ئەوانەی لەگوزارش و باسەمێژوییەکان و داستانە کۆنەکان ئاگەدا - نەبوون بە ئارەزو ڕەخنەی ناهەمواریان ئەدایە پال ئەم گەلە « گەلی کورد » چونکە زانا نەبوون کە ئەم جەژنە نەك لە ناو کورداکە بەبیرو باوڕیکی مێژووی خۆی ئەزانێت لەناو زۆر لەگەلانی گێتی‌شدا ڕەنگە بە ناوی یادێکی پیروزی گەل وەبان گۆڕینی دەرزی زستان وزوقم و سۆلەو گەیشتنی بە بەهار بە گرنگتر بزانرێت بووینە :

رۆژی هەینی ٧-٣-١٩٨٠ بەبۆنەی ڕزگاریی لە تەنگوچەلەمەی زستان و خۆشی و شادی بەهار ئاهەنگەی پڕ بەزم و خۆشەکەی « هەنگاریا » لەتەلەفزیونی بەغدادا جەژنی نەورۆزیان بەکلپەو بلێسەی ئاگرەکەیانەوە پیشاندا، ئەو جەژنە هەروەکو بەلای کوردەوە بە جەژنێکی گەلایەتی ناسراوە ، جەژنی‌درەخت ، گول گولالەو مەل و گیاندارو درندەکانیشە . بەبای‌بەهار لەبەفرو سەهۆل بەندان‌ڕزگار ئەبن و کاتی زگ‌وزاو بەجگە بەخێو کردنە .

بەلام ، ئەم جەژنە کە لە ئەزدادەوە بەجەژنێکی ڕۆژی‌ئازادی کورد ناسراوە وە بەبیرو باوڕێکی ڕاست و بێ‌گەردەوە ئەوە بەدوای ئەوەداهاتوە بەڕۆژێکی پیرۆز ئەزانرێت توانای چاوپۆشی‌لێ‌کردنی نیە . هەر لەڕووی‌ئەو ڕاستیەو زانیاریەوە یە کە حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست بەدلێکی پاك‌و دلسۆزیەوە هاوکارو هاوبەشی ئەم جەژنەمان ئەکات دە یاریە ئێتر هیوادارین زۆربەخۆشی‌ترو گەرمتر هامووسالێك ئەم جەژنە پیرۆزە یاد بکرێ‌وبە چاووڕاویی ناو خۆیی تێ نەگەیشتوانیش‌دوایی پێ‌بهێنرێت و لەترس و خوری ئاگر پەرستی و مەجووسیەتی ڕۆژگار ببینین.

بام لە باسی ئاینیشەوە وتوو وێژێك بکەین . ئەتوانرێت بوترێت کورد ئەوەندە بەستراوەی ئاینی ئیسلامە لەبیری پێویستەکانی گەلایەتی هەر ماونەتەوە ، بۆ ڕێنە :

لەدیهاتە گەورەو تا دوو مالێش بێ و . لەهەرچی گۆشەو قوژبنێکی کوردستاندابێ مزگەوتێکی پۆشتەو خاوێنیان دروست کردووە هەیە . لەهەمووی سەیرتر ئەو کۆچەرانەی گەرمیان و کوێستان ئەکەن بۆ گواستنەوەی قورئان و کتێبی ئاینی و مەلایان چەند ولاخێکیان تەرخان کردوە و هەوار بە هەوار لەگەل حێلەکەیاندا ئەیان‌گێڕاو پێویستی ئاینیان بەجێ‌هێناوە ئێتر جەژنی نەورۆز لەم ناوی پێشکەوتن و لەرزەلەرزی ئۆتۆم بۆچی جەژنی گەلایەتی نەبێ و هۆی یادو گەڕانەوە بێ بۆ مەجوسی‌و ئاگر پەرستی.

بەپێی داستانە کۆنەکان و ڕاوێژی مێژو نووسەکان کورد لە /٣٦٠ ڕۆژی سالێکدا جارێك بۆ ئەم جەژنە بەناوی سەرکەوتن بەسەر زالیەتی مرۆڤانی بێ‌بەزەییدا بەزم و ئاهەنگ ئەگێڕێ بام ئێستا لەڕۆژانی ئەو ڕۆژی نەورۆزانەی خۆم بینیومەو هاوبەش بووم بەنووسینی نێ‌دوانێك بکەم ..

یەکەم - سەیرانەکانی خواجەافندی :-

هەموو سالێك بەبێ پچڕانەوە نیزیکەی دە ڕۆژ خواجەافندی دەستی ئەکرد بەرێك خستنی پێویستەکانی جەژنەکە لەگەل گزنگی هەتاوی ڕۆژی یەکەمدا لەدەشتی « وەیس لەبەر دەرگای سەرۆکایەتی زانکۆ . دە دەشتی کانی ئاسکان « گەرەکی شۆڕشی » ئێستاوە نامشیرئاوا منال لە تەمەنی ١٢/١. سالیدا بەداری نەخشاونەخش وکلاوی درێژ و بەرگی ڕەنگاورەنگەوە چین چین ڕیزیان ئەبەست . لەرانیش گەورەتر بەکۆلی پێویستیانەوە و بەجەپلە ڕێڕان و گۆرانی وتن وە بەراست و چەپی ئەمانیشدا لاوان بەسواری نیزیکەی سێ چوار هەزار کەس بەخۆشی و شادی بەرەوە سەرچنار، ئەکەوتنە هەر لە ڕۆژبی پێشووەوە دە پانزە مەنجەلی‌مسی زۆر گەورە لەسەر ئاگر ئەکولا سوارە تیپ تیپ وپیاوە دەستە دەستە بەڕم بازی و تەراتێنی وە لەم لایشەوە بەسێ بازو کەوشەك و قەلە میراتی و شەڕەتۆپ بلاوەئەکرا. لەهەموو لایەکەوە چرسکەی سەماوەری زەرد ئەبینراو چا ئەخورایەوە ، ئانیوەڕۆژە خواردن وە ئانیزێك ڕێژئاوا بوون بەبەزم و ئاهەنگ ڕانەبوێردرا . دراوی ئەم سەرانە بەنرخ و مێژوییە لەگیرفانی گشتی دەرئەچوو. سەرچنار یان بەجێ ئەهێشت و ئەگەڕانەوە .

دووەم - سەیرانی پیشەسازەکانی شاری سلیمانی :-

لەشاری سلیمانیدا پیشەسازی پێلاو . کەوش ، فۆندەرە ، بانی‌بەرزی ژنان لەچەك تفەنگ ، دەمانجە ، خەنجەر - سەراجی : زین ، جانتا - مسگەری : زێڕین گەری ئاسن‌گەری وە زۆر شتی تری ئاباب لەجیاتی کارگەکانی ئێستا ئەوسا هەموو پێویستیکیان بەجێ ئەهێنا. وەبیجگە لەمانەیش. کارگەچی. جۆلایی . دارتاشی ....هەبوون ئەم پیشەسازانە و زۆریش لە دانیشتوانی شار بەناوی جەژنی نەورۆزە شاری سلیمانی ئەشلەقاو ئەتوانم بلێم چۆل ئەکراو روو بەسەیرانگا ئەڕۆیشتن . . بەم‌جۆرە) .

هەموو سالێك پیشەسازەکان پیشەی سەیرانی جەژنی نەورۆز یان بەهەموو پێویستیکیەوە بەجێ ئەهێناو

بروانە ل : ٧

پەرەسەندن



ناصح فاتح عثمان

پەرەسەندنی گیانەوەران هەرچەندە بووە بە ڕاستییەکی مەوزوعی و گومانی تێدا نەماوە بەلام لە لێکدانەوەی چۆنێتی ڕوودانیدا لە یەك تیۆری زیاتر هەیە . ئەوەی لە خوارەوە دێت باسێکی سادەو کورتی ئەماکانی تیۆری داروینیزمە.

جیاوازییەکانی نێوان تاکەکانی یەك جۆر :

(جۆر)ی گیانەوەر یا ڕووەك بریتییە لەو کۆمەلە تاکەی (مجموعە افراد) ئەتوانن لە گەل یەکدا جووت ببن و زاووزێ بکەن . داروینیزم لە لێکدانەوەی پەرەسەندندا لەوەوە دەست پێ دەکات یەك جۆر هەموویان مۆری بەنجەیەك نین و لە نێوان خۆیاندا کەم تا زۆر جیاوازن- بۆ نموونە لە ڕەنگ و قەبارەو هەلسوکەوت و پێکهاتنی لەشدا هەموو تاکەکانی جۆری مرۆڤ یا سەگ ... لە یەك ناچن . ئەم جیاوازییانەش دوو هۆی سەرەکییان هەیە . یەکەمیان ئەوەیە کە هەر تاکێکی نوێ لە دوو بەش پێك دێت (هێلکەو تۆو) کە هەر یەکەیان لە تاکێکی جیاوازەوە هاتوون (دایك و باوك) کە مادە زگماکییەکەیان (جینەکانیان) بە تەواوی وەك یەك نین. دوای ئەوەش ڕێك‌خستنی ئەم جینانە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی‌تر دەگۆڕێت هەندێ جینەوە لە نێوان هەلگرەکانیاندا (واتە کرۆمۆسۆمەکان) .

هۆی دووەمی جیاوازی نێوان تاکەکانی جۆرێك کە جودایی‌کی گەورەتر دروست دەکات و لە تیۆری داروینیزمیشدا پشتی پێ بەستراوە ئەو ڕووداوەیە کە بە بازدان ناسراوە . بریتییە لە گۆڕینی کوتوپڕ لە جینەکاندا کە بە هۆیەوە سیفەتێکی تازە دەردەکەوێت کە لە جۆرەکەدا بە ئاسایی نەبینراوە -نموونەی بازدان ئەوەیە سەگێك بێ کلك لە دایك بێت یا ئەو منداڵە چینییەی بە تووکەوە لە دایك بوو .

مل‌ملانێی مانەوە :

وەك دەرکەوتووە گیانەوەران بە شێوەی یەك یەك لە دوایەکی ئەندازەیی زیاد دەبن ، واتە بە شێوەی ٢-٤-١٦-٢٥٦ ، لە کاتێکدا سەرچاوەی خۆراکییەکان بە شێوەی یەك لە دوای یەکی ژمێرەیی (متوالیە حسابیە) زیاد دەکەن واتە بە شێوەی ٢ ، ٤ ، ٦ ، ٨ . لە مەوە دەردەکەوێ کە ئەگەر کار وا بڕوات خۆراك نامێنێ و گیانەوەران لە برسا دەمرن . لە بەر ئەم هۆیە گیانەوەران ئەبێ‌لە مل‌ملانێ دابن لە پێناوی بە دەست هێنانی خۆراکدا. گیانەوەرانی دارستانێك ئەگەر هەموویان گیا خۆر بوونایە دەمێك بوو لە ناو چووبوون چونکە ئەمان زۆر دەبوون و خۆراکیش بەشی نەدەکرد . بۆیە پێویستە ئەم گیانەنەوەرانە لە مل‌ملانێی مانەوەدا (صراع البقاء) جۆرەها وەسیلە بە دەست بهێنن کە لە لایەکەوە پەیدا کردنی خۆراکیان بۆ ئاسان بکات ، لە لایەکی تریشەوە بتوانن ژیانیان لە دوژمنەکانیان بپارێزن . بۆ نموونە هەندێ گیانەوە بوونەتە گۆشت خۆر تا لە ڕێی ڕاوکردنی گیانەوەرانی ترەوە خۆراك دابین بکەن . ئەم ڕێگەیە سەرەتای زنجیرەیەك گۆڕانی تازەیە کە هەمووی پێویستە بۆ چەسپاندنی ئەم ڕێگە تازەیە . لەو گۆڕانانەش پەیداکردنی کەلبەی تیژو بڕندەی ، گورگ چاوی هەلۆ، وریایی ... وە گەلی شتی‌تر .

مل‌ملانێی مانەوە هەر خۆراك ناگرێتەوە چونکە خۆراك تاك دەپارێزێ بەلام جۆر لە تاکی گرنگترە ، بۆ پاراستنی جۆر زۆر بوون پێویستە . بۆیە زیندەوەران بە ڕووەك و گیانەوەرەوە هەموو زۆر دەبن . مادام لە ناوچوونی تاکە تازە پێ‌نەگە- پێویست گەرا دابنرێت ئەم مومکینە ، کەواتە بۆ ئەوەی مانەوەی ژمارەیەکی دیاری‌کراو لە جۆرێك دابین بکرێت پێویستە زیاد لە پێشتوەکان گەراو هێلکەکان ڕاستییەش لە ناو گیانەوەرە لاوازەکاندا باوە .

لە نموونەشیان مێرووە کە ئەگەر هەموو گەراکانیان ببن بە مێرووی نوێ لە ماوەی چەند سالێکدا زەوی هەمووی بە مێروو دادەپۆشرێ .

سروشتە هەلبژاردن و مانەوەی گونجاوترین :

وەك وتمان گیانەوەران لە خەباتێکی بەردەوامدان بۆ بۆ مانەوە . ئەم خەباتە لە ناو تاکەکانی یەك جۆردا توندو تیژترە چونکە ئەمان خۆراکیان یەك‌جۆرە .

وەك زووتریش وتمان تاکەکانی هەموو جۆرێك وەك یەك نین و بازدانیش گرنگترین و دەگمەنترین هۆی دروستکەری ئەم جیاوازییانەیە . لە ناو ئەم جیاوازییانەدا هی وای تێدایە توانای مانەوەی گیانەوەرە کە زیاد دەکەن ، هی واشیان هەیە بە پێچەوانەوە توانایە کەم دەکەنەوە . جۆری یەکەمیان و بەم پێیەی گیانەوەرەکە بەهێز دەکات و زالی دەکات، بلاو دەبێتەوەو هەلگرەکانی زیاد دەبن. بە پێچەوانەشەوە سیفەتی دووەم لە بەر ئەوەی توانای گیانەوەرەکە کەم و کەم لاواز دەکات ، هەلگرەکانی وردە وردە لە بەردەم هەلگرانی سیفەتی یەکەم‌دا دەبەزن و لەناو دەچن . سروشتە هەلبژاردن (الانتخاب الطبیعی) ئەو پرۆسێسەیە کە بە هۆیەوە سیفەتە زالەکان دەچێن و هەلگرەکانیان دەمێننەوە . واتە سروشت بانی . بەرو زروفەکانی ژیان هەلبژاردنێك دەکەن لە نێوان تاکەکاندا ، ئەوانەی سیفەتی وا باش و گونجاویان هەیە ژیانیان مسۆگەر بکات هەل‌دەبژێررین بۆ مانەوە ، بەلام ئەوانەی بە پێچەوانەوەی تیا دەچن .

بروانە ل : ٧

هاوینی بەرۆوە: چی ئامادەکراوە بۆ بەرەبەستی گەرما؟

هەرکە زستانو سەرما بەسەردەچێو هاوین دادێ، خەڵکی پەنا دەبەنە بەر ئامێرو پێداویستەکانی سارد کردنەوە بێ ئاوهەوا، دوای ئەوە، لە هەر شوێنێ پانکە بفرۆشرێ خەڵکی پاڵەپەستۆی ئەوەیەتی پانکەیەکی دەست بکەوێ، یان، لە هەندێ شوێنا خەڵک بە پەرۆشی چاکردنەوەی جیهازیکی خراپ بوە لەو جیهازانە، زۆرجار، بۆ چاکردنەوە، خەڵکی تووشی تەنگو چەڵەمەدەبێ.

ئەرکەکانی پیشەسازی کارەباو ئەرکی هاوڵاتیەکان

● بەڵام، ئایا خەڵک بۆ ئەر پێویستیانەی بەر لە داهاتنی وەرزی هاوین ئامادە ناکا؟ ئایا ئەمە لەو پاڵەپەستۆیە باشتر نیە کە لە وەرزی هاوێندا بۆ دەست کەوتنی ئەو شتانە دروست دەبێ و ئەوان خۆیان سزای پێوە دەکێشن؟

● ئەم جۆرە پرسیارانە بەخەیاڵمانا، دوای ئەوەی هەندێ سکاڵا لە هاوڵاتیانەوە، دەربارەی کەمی جیهازەکانی سارد کردنەوەی ئاوهەوا لە هاوێندا بەرچاو کەوتوەو دەکەوێ، بەتایبەتی هاوینی رابوردوو، جا بەر لەوەی گەرما بەتەواوی دابێ و خەڵکی رووبەرووی هەمان کێشە ببنەوە، ئەوا ئەم قسەوباسە بلاوەدەکەنەوە، لە گەڵ بەرێوەبەری گشتی پیشەسازی کارەبایید اوێ دەپرسین.

ـ ئایا بەرهەم هێنانی بانکە لە کارگەکەتاندا بە قەدەر پێویستی بازارە؟

ـ ئەوی راستی بێ ژمارەیەکی وردمان لا نیە دەربارەی پێویستیەکانی بازاری ناوخۆ ئەوەی متمانەی پێدەکەین ئەو ژمارانەیە سااڵنی رابوردوو چرونەتە بازار، ئەم ژمارانەش زۆر وردنین، بە نیسبەت ئێمەوە، سەدان هەزار بانکەی هەمە جۆر بەرهەم دەهێنین، لە گەڵ کومپانیای بازرگانی عیراق لە سەر نەخشەیەکی فراوان رێکەوتوین، جا ئەگەر ئەوەی ئێمە بەرهەمی دەهێنین بەس نەبوو ئەوا کومپانیاکە هێتر لە دەرەوە دەهێنێ تێکڕا وا هەست دەکەم، بەرهەممان پێویستی بازاری ناوخۆ لە پانکەی (عمود) ی بڕ دەکاتەوە، بەڵام پانکەی جیهازەکانی هەوا سارد کردنەوە لە کومپانیای «الهلال» دابینە، لەم وەرزەدا دەستەیەک تەکنیکی دانراون بۆ گۆڕینەوەی شارەزایی و کەم کردنەوەی ناتەواویەکانی ئەو جیهازانە. بۆ نموونە جاران ئامیری سورانەوەی ئەم جیهازە باش نەدەبەسترا کە ئەمە لە کاتی ئیشکردنیا دەبوە هوی تێک جوونی.

سەر خڕو بنمیچ زۆر تەسک پێویستە، بەڵام وزەی بەرهەمی ئێمە بۆ ئەم دوو جۆرە لە سنووریکی دیاری کراودایە.

پرسیمان: هەندی لە هاوڵاتیان سکاڵای ئەوەیە دەکەن، ئەو پانکانەی ئێوە دروستیان دەکەن دوای ماوەیەک لە کار دەکەوێ، ئایا چارەیەک بۆ کێشەیە هەیە؟

ـ لەم وەرزەدا، هاوڵاتیان هەست دەکەن چاودێری وردی بەرهەمەکانمان دەکرێ، چونکە نەخشەی وردەکاری و وردبینی بۆ ئەم مەبەستە دانراوە، وەک فەحسی بانکەکان لەسەدا سەد دەکرێ بەر لەوەی بچێتە بازار، نەک وەک جاران تەنیا چەند شتێکی فەحس دەکرا. هەر ناتەواوی بەکێش لە هەر جیهازێکدا هەبوو بەکەوراست دەنرێتەوە بۆ کارگەو چاک دەکرێ، دیسان کاروباری وردو پێریست کراوە بۆ پێچانەوەو هەڵگرتنیان بە جۆرلاڵە زبان بیپارێزێ.

ـ ئەی دەربارەی کەموکورتی لە جیهازی سارد کردنەوەی هەوادا؟

ـ کەموکورتی لە دوو لاوەیە ئێمە لە دەزگاکەمانو ئومیدانیای بەرهەمی زوربەی بوونەوەی بیروباوەری کۆنو بۆرژوازیە.

سەرەرای ئەوەی کە بە درێژایی چەندان سال ئەم جۆرە فلیمانە پێشان دراونو کاری خۆیان کردۆتە سەر حێزی خەڵکی.

بە پێویستی دەزانم ئەمانەتی گشتی رۆشنبیریو لاوان دەستپێشخەری بکات بۆ کردنەوە، یان بە کرێ گرتنی سینەمایەک لە هەر دارێزگایەکی ناوچەکەداو، فلمی بە کەڵکو پێشکەوتنخوازانەیان تێدا پێشان بدات، بۆ ئەوەی ئەم سینەمایانە وەکو سەرچاوەی سوود بەخشی رۆشنبیری سوودیان لێ وەربگیرێت.



حەمە سەعید حەمە کەریم

پ. هاوکاری لە سلێمانی

دەیەمین پێشانگای هۆی فێرکردن لە سلێمانی

● یەکێک لەو هۆگرنگانەی کە لەم سەردەمە تازەی ئێمەدا لە هەموو قوناغەکانی خوێندندا لە هەموو قوتابخانەکاندا بایەخی باشیان دراوەتێ، هۆی ڕوون کردنەوەو فێر کردنە، لە قوتابخانەکاندا جۆرەها ئەسبابی ئامادە کراوو دروست کراویان بۆ ساز کردووەو هەموو سااڵێک لە هەموو پارێزگاکاندا پێشانگایان بۆ ئەکرێتەوەو ئەمساڵیش لە پارێزگای سلێمانیدا بەرێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی ئەو پێشانگایەی کردەوەو جەماوەرێکی زۆری مامۆستاو سەرپەرشتیارو هاوبەشیان لێرەدا بەخەڵات وەر گرتنو پێش بڕکێ کۆتایی دێت، دوای ئەوە لێ هاتنو بەهرەی قوتابیانمان بۆ دەرئەکەوێت و لە کۆتایشدا باشترین جیهازو دروست کراوی لێ هەڵئەبژێرێتنو ئەنێترین بۆ پێشانگای گشتی لە بەغدا.

● کە چونە پێشانگاکەو قوتابیانی تیا ئامادە بوو بڕی کرد.

هۆکانی فێر کردنمان بینی سەرنجی راکێشاینو بە پێویستمان زانی گفتوگۆیەکی ڕۆژنامە نووسیانە لە گەڵ سەرپەرشتیارو قوتابیەکاندا بکەینو بەم جۆرە دەستمان بڕی کرد.

● کاک نجاة رشید عبدالله کە سەرپەرشتیاری مەڵبەندی هۆی فێر کردنە لە پارێزگای سلێمانیدا ئەشێوەیەکی گشتی دەربارەی پێشانگاکە وتی:-

× ئەم پێشانگایە دەبەسین پێشانگای هۆی فێر کردنو ڕوونکردنەوەیە کە هەموو قوتابخانەکانی سلێمانی بە هەرسێ قۆناغەکەوە هاوبەشیان تیا کردووەو هاوبەشیان لێرەدا بەخەڵات وەر گرتنو پێش بڕکێ کۆتایی دێت، دوای ئەوە لێ هاتنو بەهرەی قوتابیانمان بۆ دەرئەکەوێت و لە کۆتایشدا باشترین جیهازو دروست کراوی لێ هەڵئەبژێرێتنو ئەنێترین بۆ پێشانگای گشتی لە بەغدا.

● **کاک نەجات ئەی بەگشتی نامانچی پێشانگایە چیە؟**

× خۆی لە خۆیدا کردنەوەی ئەم پێشانگایە هۆیەکی سەرەکیە بۆ هاندانی هەموو قوتابخانەکان کە هۆی فێر کردن دروست بکەن، چونکە فرێشتەی کۆتایی جیهازێکی دروست کردبوو کە بۆ یەکەمجارە لە سلێمانیدا بەو شێوەیە بکرێت وتی:-

× من ئەم جیهازەم دروست کردووە بۆ دڵۆپاندنو تەنها جیاوازیشی ئەوەیە کە هیچ کەرەسەیەکی ناو تاقی‌گام تیا بەکار نەهێناوە، بەڵکو خۆم هەموویم لە بوری ئاسنو پارچە تەختەو تەختەکە دروستە کردووەو تاقیشم کردۆتەوە، ئەم شێوەیە زۆر سەرکەوتوەو حەزیش ئەکەم لەم ڕووەوە زیاتر بایەخ بە هۆکانی فێر کردن بڕەم و جیهازێک دروست بکەم کە نموونەی کەم بێو هەموو قوتابخانەکان کەڵکی لێ وەربگرن.

● **ئینجا لە قوتابی تورکستان عبدالقادرمان پرسی کە بەدیار هەندێ جیهازەوە وەستا بوو ئەی ئێوە چیتان کردووە؟ :-**

× من قوتابیم لە پۆلی پێنجەمی زانیاریو خۆم زۆر حەز لە دروست کردنو بەکارهێنانی هۆی فێر کردن ئەکەمو حەز ئەکەم هەرچی تاقی کردنەوەکان هەیە، خۆم بەدەستی خۆم بیانکەم، جا لەو هەوڵانەی خۆمەوە ئەمساڵ جیهازێکم دروست کردووە کە (زجاجة لیدن)ی پێ ئەڵێنو ئەم جیهازە شەحناتی کارەبایی کۆ ئەکاتەوەو بە هۆی هەندێ سورب و تەنی تری مەعدەنی یەوە دروستم کردووەو، ئەتوانی کە کارەبا کۆبکاتەوەو دووایی لە کاتی پێویستدا بەکاری بهێنێ.

● **خوشکە کوردستان ڕەنگە ئەم ئامێرەی ئێوە وەکو فلاشی ڕەسم گرتن وابێ؟.**

× بەڵێ عەینەن هەڵو وایەو بەڵام ئەم بچکۆلەیەو بەتەدەر ئەو توانای نیە چونکە ئەو شتانەی لێ دروست کراوە وەکو هینی ئەو بەرگە ناگرن.

● **پێشانگای ئەمساڵت لاچۆنە؟.**

× من ڕادەی سەرکەوتنی هینی پار نازانم چونکە هاوبەشیم تیا نەکرد بەڵام وەکو باسی ئەکەن ئەمساڵ ئامێری تاقی کردنەوەی زۆرترو تازەتری تیا پێشان دراوە، لە سەرێکیشەوە هێشا بەگوێرەی دڵێ ئیمەو ڕادەی چاوەڕوان کراو نیەو پێریستە لەم ڕووەوە توابیانیشو مامۆستایانیش زیاتر خۆیان هیلاک بکەنو

بڕوانە ل: ٧

کاروباری کۆمەڵانی خەڵک

سینەماکانی شارەکانی ناوچەی کوردستانو چەندوشەیەک

مەغدید حاجی

ئاشکرایە کە سینەما دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگو کاریگەر لە ڕۆشنبیر کردنی ڕۆڵەکانی گەڵدا بگێریت جا ئەم ڕۆشنبیر کردنە بەهەر ڕووکارێکدا بێت، پێشکەوتنخوازانە یان کۆنەپەرستانە، بە کەڵک بان بێ کەڵک.

ژمارەی سینەماکانی دارێزگاکانی ناوچەی ئوتۆنومی لە کوردستاندا ناگەنە ژمارەی پەنجەکانی یەک دەست، خاوەنی ئەم سینەمایانەشی ئامانجی سەرەکیان قازانجو دەسکەوتی زیاترە، تەنیا لەم لایەنەشەوە بۆ کارەکەیان دەڕوانن. فلیمەکانی جنس، هیندی، میسری کۆن، کاوبۆی، پۆلیسو پالەوان بازی شانۆی سینەمەکانی کوردستانیان داگیر کردووەو، بەدەگمەن دەبینی یان دەبیستی کە لە یەکێک لە سینەماکاندا فلیمێکی بە کەڵک پێشان دەدرێت، لەم حالەتەشدا ئەم جۆرە فلیمانە لە دووسێ ڕۆژ زیاتر پیشان نادرێن لێرەدا خاوەن سینەماکان کەڵک لە نزمی ڕادەی هۆشو ڕۆشنبیری ژمارەیەکی زۆری لاوان وەر دەگرن کە ئەنجامی نەخوێندەواریو بلاوی سەرخڕو بنمیچ زۆر تەسک پێویستە، بەڵام وزەی بەرهەمی ئێمە بۆ ئەم دوو جۆرە لە سنووریکی دیاری کراودایە.

پرسیمان: هەندی لە هاوڵاتیان سکاڵای ئەوەیە دەکەن، ئەو پانکانەی ئێوە دروستیان دەکەن دوای ماوەیەک لە کار دەکەوێ، ئایا چارەیەک بۆ کێشەیە هەیە؟

ـ لەم وەرزەدا، هاوڵاتیان هەست دەکەن چاودێری وردی بەرهەمەکانمان دەکرێ، چونکە نەخشەی وردەکاری و وردبینی بۆ ئەم مەبەستە دانراوە، وەک فەحسی بانکەکان لەسەدا سەد دەکرێ بەر لەوەی بچێتە بازار، نەک وەک جاران تەنیا چەند شتێکی فەحس دەکرا. هەر ناتەواوی بەکێش لە هەر جیهازێکدا هەبوو بەکەوراست دەنرێتەوە بۆ کارگەو چاک دەکرێ، دیسان کاروباری وردو پێریست کراوە بۆ پێچانەوەو هەڵگرتنیان بە جۆرلاڵە زبان بیپارێزێ.

ـ ئەی دەربارەی کەموکورتی لە جیهازی سارد کردنەوەی هەوادا؟

ـ کەموکورتی لە دوو لاوەیە ئێمە لە دەزگاکەمانو ئومیدانیای بەرهەمی زوربەی بوونەوەی بیروباوەری کۆنو بۆرژوازیە.

سەرەرای ئەوەی کە بە درێژایی چەندان سال ئەم جۆرە فلیمانە پێشان دراونو کاری خۆیان کردۆتە سەر حێزی خەڵکی.

بە پێویستی دەزانم ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوان دەستپێشخەری بکات بۆ کردنەوە، یان بە کرێ گرتنی سینەمایەک لە هەر دارێزگایەکی ناوچەکەداو، فلمی بە کەڵکو پێشکەوتنخوازانەیان تێدا پێشان بدات، بۆ ئەوەی ئەم سینەمایانە وەکو سەرچاوەی سوود بەخشی ڕۆشنبیری سوودیان لێ وەربگیرێت.

هاوکاری وکومەڵانی خەڵک

بەرامبەر بەو نامەیەی هاوڵاتیانی گەرەکی بەکر لە سلێمانی ناردبوویان بۆ چارەسەری کێشەی هاتووچۆو ڕێکوپێک کردنی بەڕێوەبەریتی هاتووچۆی سلێمانی بە نووسراوی ژمارە (٣٧٠١) لە ١-٣-١٩٨٠ دا بارێزگاری سلێمانی وەڵامێکی بۆ هاوکاری نووسیوە. سوپاسی ئەم بەتەنگەوە هاتنەیان دەکەینو ئەمەشی وەڵامەکەیە:

وەڵامێک لە بەڕێوەبەریتی هاتوو چۆی سلێمانیەوە

بەپێی ئەو نووسراوەی کۆمەڵێ هاوڵاتی لە گەرەکی بەکر پێشنیارەکەشیان کردبوو دەربارەی ئەو جادەیەی لە نێوان دوو ریانەی سەرچنارومالی پارێزگار، ئەم ڕوون کردنەوەیە ڕادەگەیەنین:

١ ـ ئەو شەقامە شەقامێکی گشتیە.

٢ ـ شارەوانی سلێمانی ئێستا خەریکی چاک کردنو دروست کردنی دیواری ناوەراستە کە زیاتر لە مانگێک دەخایەنێ.

٣ ـ ڕێڕەو بۆ هاتووچۆی پیادەو مندال کراوەتەوە.

٤ ـ ئیشاراتی هاتوو چۆوریاکردنەوەو ئاموژگاری دوای تەواو کردنی چاککردنی شەقامەکە دادەنرێ.

٥ ـ مەفرەزەیەکی هاتووچۆی زیاد لە پاسکیلەهەوابیەکان لەوناوە دانراوەبۆ سزادانی هەر شۆفێری هەڵە بکا یان زیاد لە خێرایی پێویست لێ بخوریو کاری یاسای بەرامبەر سەرپێچی کەران دەکرێ، تکایە ئاگاداری ئەمانە بین.

عەقیدی هاتووچۆ
بەڕێوەبەری هاتووچۆی
پارێزگای سلێمانی

بڕوسکەیەک

بۆ بەڕێوەبەرێتی بەرژەوەندی گواستنەوە لە سلێمانی.

تکایە ئەو ڕاگەیاندنەی لە ناو پاسەکانتانا نوسیوە (جگەرە کێشان قەدەغەیە) بیسرنەوە چونکە وەک بڕێک لە جەماوەران وا دیارە تا ئێستا لە مەبەستو ناوەڕۆکی ئەو ڕاگەیاندنە نەگەیشتوە بەو جەشنەش برا شۆفێرو بلیت بڕەکان بەتەنگیەوە نایەن بە بەڵگەی ئەوەی کە زۆر جار خەڵکی دەبینن لەناو پاسەکان‌دا جگەرە دەکێشن بەڵام هیچ پێیان ناڵێن چونکە جگەرەکانتان فرێ‌دەن چونکە جگەرە کێشان لەناو پاس‌دا قەدەغەیە .... !

راستە ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا دەڵێین پێویستە جگەرەکێشش خۆی هەست بەوە بکات بەڵام ئەگەر هەندێکیا هەستیان پێنەکرد یان ڕاستر نێین گوێیان پێنەدا . . . ئەوا بزانم ئەگەر چەند جارێک یەک دوو کەس تەریق بکرێنەوە، لەلایەکەوە بۆ شۆفێرو بلیت بڕەکان ئەرکی خۆیان بەجێ هێناوە لەلایەکی ترەوە سود بە کەسانێکی تر دەگەیەنن کە جگەرەکێشان لەناو پاسەکان‌دا قەدەغەیە .

فریا عبدالله

لە گوندی دوکەڵەوە

نامەی هاوڵاتی عزەت‌ڕشید دوکەڵەیی دەڵێ:

ـ گوندەکەمان ١٢٠ ماڵدەبێ و ١٣ کم لە ناحیەی قوشتەپەوە دوورە، یەکێکیری ئێتیوازی لێیەو لە گوندەکەش دوورەو لەڕۆستاندا بەگران ئاوی لێ دەهێنرێ. خۆزگە لێپرسراوان دڵسۆزانە بۆ چاری بێ ئاوی گوندەکەمان هەوڵێکیان دەدا.

لە قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی

قوتابی کانی محمود لە قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانیەوە ئەم نامەیەی ناردوە:

ـ ساڵی خوێندنی ١٩٧٨ ـ ١٩٧٩ پارەی کرێ هاتوو چۆ کردنمان ـ قائمة السفر ـ نەدرایەو ئێپرسراوان لە بیر خۆیان بردەوە.

ـ داوای پارەی کرێی هاتووچۆی ئەمساڵمان کردوە وەڵامێکی دڵنیامان نەدراوەتەوە ـ بەپێی یاسای «دامەزراوی «دامەزراوی فێرکردنی بنەڕەیی» هەموو ساڵ قوتابیان پارەی جلو بەرگ وەردەگرن، ئەمە شیان ئەمساڵ دەنگی نیە.

ـ هەموو ساڵێک، لەسەرەتای دامەزراوی ناوبراو دەبێ بۆ قوتابیانی دوا ساڵ گەشتی زانستی ساز بکرێ بۆ ئەوەی قوتابیان شارەزایان زیاتر ببێ، ئێمە نە پارو نە ئەمساڵ لە قوتابخانە کەماندا ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکراوە.

هاوکاری:

ئەم ناحیەیەی قوتابی‌ناوبراو دەخەینە بەر چاوو چارەڕێی وەڵامێکی ئیدارەی قوتابخانەی پیشەسازی سلێمانیش دەکەین.

Institut Kurde de Paris

مردوو خەوین نابینێت

عەبدوڵڵا سەراج

گۆشەی بینینم تەماویە ، خۆ لە خەویشا نیم ! بەشکو هی ئەوەبێ کە ئەم بەیانییە چاویلکەکەم بەکاغەزی (بافرە) نەسڕیبێتەوە ! خەوی‌چی! ئەوەتانێ هەموو شتێك لەرەنگی سروشتی‌ی خۆیەتی، بەنجەرەو پەلکی دارەکان بەخوناوە شۆر دراون . ئەی ئەم بیرە ناکاوییەم ! کە چەشنی پڵنگ گرژ بۆتەوە بۆ هەڵمەت بردن ! چۆن بە مێشکۆلەمدا لکاو ئاسوودەیی کردم بەهەوتو وەراورد ؟ مادامەکی هەست بەخۆم دەکەم ، بێ‌سوو ، بەئاگام ئەمیش ڕۆژنامەکەی گیرفانمە. کەوابوو هەم . بەیانەکی نارانم لە سونگەی چی‌بوو وا بەگوژم خۆم هاویشتە ڕوباری کۆڵانەکەمانەوە ؟ دەرگاکەمان کلکی کوجەکە گ؟ ؟ دەداو ئیتر دەرناچێت ، بەگەر بەدەگمەن نامۆیەك سەری پیا بکات . ناوێکی سەربشی هەیە : (سەسەروەر ! ؟ وا بەبەلە بوم تەنانەت حگەرەو حەرخەکەشم حتهێشت . هەستم بەس بڵاویەك دەکرد. ئەودال دڵتك بوم . لە ئامێتك دەگەرام گەرم نکاتەوە . تەنیای شەختەبە ، بەستەڵەکە .. دەموبست ئەستێرەکی بەنگاوەی دەروونم ڕەها بکەم و هەرچی ڕوو دەدا بە قیرو بەسیبان .. درۆ .. درۆ .. درۆ ، لە درۆشـ ترازێ هیچی تر نییە .

دوێنێ ئەو باڵا زراڤـە لەهەمان جێگاو لە سەر هەمان تەخت دانیشتبوو ! دەشێ ڕەچاوی کەسێك بکات ؟ خۆمن نیم . دەزگیرانی هەیە؟! بەشکو چاوەڕوانی برا بچکۆلانەکەی دەکات ، منیش کە منداڵ بووم لە کەسوکارم دادەبڕام . جارێك دوای (بووکە بارانە) کەوتم و لە گەڕانەوەدا چەواشە بووم . ئەی‌بۆ پای جەمام نەبووبێ‌و وجانێك لای دابێتە ئێرە ! ئەمیش مەنتیقە . خۆ وا دەست بۆ گیسووەکانی دەبات ! کەس بەدی ناکەم ، ئایا شفرەی هامرازی دەربڕینە ؟ با لەسیلەیەوە دانیشم ، سوور دەزانم چاوەڕوانی کەسێکە چونکە چاوە تیتروسکییەکانی ئەوەم بۆ دەدرکێنن . ئەمڕۆ خەڵکی کاغەزی سپی دەخوێننەوە . بۆ نەچمە تەکی و دلخوازی خۆمی بۆ هەڵڕێژم ، لەوانەیە ئەویش وەك من سووتابێ‌و کوڵێ ژان‌و سوتوویی هەلگرتبێ ، دانە ژان زمانێکی جیهانییە . ئەی بەپێچەوانە ! ڕووی گرژ کردەوە ؟! ئاسانە .. خۆ درکەزێ بەزمانمەوە نییە ، دەسبەجێ داوای لێبووردنی لێدەخوازم‌و بە شێنەیی لە بازنە قەتگەکەدا دەردەپەڕیم ، هەروا بووەو هەرواش دەروات، بێشەکی بە ڕوویەکی گۆلگونەوە ، ئێوارە باشی ، ئەی .. ڕۆژ باشی لێدەکەم. باشە دوایی ؟ ڕۆژێکی خۆشە نا ؟ لە قوڕوچلکاوت نیم هێشتاکە زەوی نسێیەو گەڵاکان هەڵدەلەرزێن . کەوابوو دەڵێم : ئەم گوڵانە چەند قازاخ‌و دلگیرن ! گیرام حەزی لەگوڵ نەبوو ، یان هەر وەڵامی نەدایەوە ! تۆ لە جیهانی ئافرەت کاراشناو بەدئەد نیبت ، واچاکە بە ڕەنگ‌و ڕوویا هەڵبلەبێتو سەرسامیت نیشانبدەی لەعاست ڕەنگ‌و جلەکەی . وای‌لێهات .. هەموو ڕەنگە ئاوێتەکانی گیتی بەکار دێنم، کتێبیشم لەبارەی ڕەنگەوە زۆرە . هەر لەمەوبەریش لەو بڕوایەدا بووم کە ئافرەت پێویستە بانتۆڵ لەبێ بکات‌و ... ئا کاوبۆیە شبنەکەی دەرفەتێکی لەبارو ڕەخساوە ، کۆشم هەیە دانە سەعاتێك لەسەر ڕەنگی شین‌و پلەکانی دەمەوەری بکەم .. بەڵێ وشەی خلیسك هەیە وەك ماسی . وشەی فێڵباز هەیە وەك ڕێوی بێروون ، ئەمانە مەگەر ڕاوچییەکی بلیمەت خۆی لە قەرەیان بدات . لە دڵێك دەگەڕێم قوڵایی زەریای هەبێ .. زەریا .. زەر . . .. یا .. یا ..

لەوەش لاری نیم کە ئافرەت پیاوانە مەچەکی ئێهەڵمالێ‌و .... جا ئەو کاتە دەبێ پێوەرێکی دیکە بۆ جوانی بدۆزینەوە . دەی ئەم هەموو ئەندێش‌و کاوبایە تبرشتەی ناوێ ، تۆ چیست داوە لەم مشتومڕە بێسەروبنە بیزنتییانە !! ئەگەر دەوێری ئەوە گەزو ئەوە جاو .

بۆنی هەرێزەکە هەراسانی کردم . نا .. نابێ زۆریش چاو لەچاوی ببڕم . داخوا هەستی پێکردووم ؟ ژێی دڵی لەراوەتەوە ! نا بەم جۆرە نابێ ، خۆ بازاڕی کڕین‌و فرۆشتنی نییەو منیش لەو بابەتە نیم کە ناوبانگی سووك‌و ڕسوای هەبێت ، دەی خۆم بە ڕۆژنامەکەوە دەخلافێنم . نەحلەت لە شەیتانت دا ئەم هەموو وەیم‌و گریشمە تامسارییەی پێناوێ، بەچاو قرپاندنێك کارەکەسان مەیسەر دەبێ‌و لەم ڕاوە ژێرکە دەبینەوە . ئەوەتا سەدان سەدەیە پیاو بەم کارە هەستاوە ، ئەمڕۆ نۆرەی ئافرەتە ، دەست پێشکەری نوێنێ‌و ناویی بچێتە مێژووەوە . نا من مەلۆسی ناکەم .. لاسایی‌و پانتۆڵ لەبەر کردن نییە ! نا .. هەڵوێستەو نایگۆڕم .. خۆ بە کەللەڕەقی ناسراووم ..وا ئەو دووانەش لە تیماری سیمەکەدا هەر ئەوەیان ماوە کە ببن بە یەك تەن ! ئای خۆ هەر بێدەنگەو منیش هەتاکو تابم تێدا مابێ ، چاوەڕوان دەبم . دەبمە بەشێك لەم تەختەی ژێرم .

سەهەنی ئەو ڕێزە دارانە بەیژەیەکی خۆرو سێبەر لەسەر زەوی ڕۆ دەکەن . یاسارییەکی بزێو دەجریوێنێ. لە چلە پۆپەی داریکەوەش وەڵام دەدرێتەوە . یەکتری بانگ دەکەن ! یا خود شەڕە جنێویانە ؟ بزۆکییەیان پەرە دەسێنێ . خۆزگە لە زمانیان دەگەیشتم . ئەمەیان دەدا لەشەقەی باڵ‌و ئەوی‌تر ، بەهەڵەداوان ڕەدووی دەکەوێ . کامەیان نێرینەکە بوون ؟ بڕوا ناکەم ئەمانە لە یاسای سروشتی لایان دابێ . نا .. ڕەوت‌و بەیوەندیی شتەکانیان نەگۆڕیوە وەك ئێمە مانان .. ئۆخەی وا بە لاچاو نیگایەکم تێدەگرێ . با خۆم گران بگرم. ئای ئەم خۆ گران گرتنە ، بەچەند لە سەرم کەوتەوە . دیارە بۆ چوونەکەم سەری گرت بەڵام شەرمێونە ! ئەم وورده هەواڵانە دەخوێنمەوە. جا کەی لە کاتێکی ئاساییدا ، لات لێکردونەتەوە ؟!

(ئەلدۆمۆڕۆیان کوشت ..) خەتای خۆی بوو . چی ! .. (سادات‌و بێگن جارێکی دیکە کۆدەبنەوە .. دوای نارلیف سەری لێشیواوە (زایۆنیزمەکان خوارووی لوبنان بۆمبا باران دەکەن) شایی‌لۆغانی مشکانە .. وا بروات داگیریشی دەکەن.

(کۆ بۆنەوەیەکی داخراو لە ...) حەز بە داخراوی ناکەم (دوو گەمییە لە یەك دەدەن) گوناهی تەم و هەڵەشەیە (لە ئاسمانا دوو کەشتی ...) ئێمە لەکوێ‌و ئەوان لەکوێ !! وا لەسەر زەوی بەیەك ناگەین ! چارەنووسی نامیبیا دەکەن) ماف‌و چەك دەبێ بکرێنە تاکە ورشەیەکی لێکدراو ـ (کۆرسیکاش دێتە ریزەوە) دەی‌با دووکەڵی لای ئێوەش بەدی بکەین . خۆ چاووم شەکەت بوو ، ملی شەیتان دەشکا ، بۆ چاویلکە سپییەکەم نەهێنا . پزیشکەکە ووتی ئەمەیان بۆ خوێندنەوەیە ، وربای چاوەکەی تریشت بە، ئەویش تووشی (انفصال الشبکیە) نەبێت .

خۆزگە کوێر دەبووم‌و ئەم ڕۆژەم نادی .. بارۆژنامەکە دوور بگرم بۆ ئەوەی نەڵێ چاوی ئێجگار کزەو .. .. ئە ئاوها .. خۆ بەتەواوی بێتە میروولەییەکان جیا ناکەمەوە ، قەیناکا ، سەیری وێنەکان دەکەم . خۆ مانشێتەکان بەسێوژە ڕەشکە دەکەن ! ئەو ڕۆژە قەرتالەبێ ترێی گۆترەم کڕیبوو ، منداڵەکان لە گوڵلاجە ترێ ئێقیان دایەوە . ئەو دوایشم بۆ کردن بە (ئەزبەری) . (ئەم وێنەیەمان بە رادیۆ پێ گەیشت) بریا ئامێرێکی ئەوتۆیان دادەهێنا بۆ گوازتنەوەی ڕازی نێو دڵان ، با سەدان کیلۆمیتریش بڕ نەکات ، لێرەوە هەتاکوو ئەوسەری باخچەکە . هەر نەبێ هەتاکوو لای ئەو تەختە. ئایی !! خۆ بەژن زراڤەکە لەوێ نەماوە ! کوێرا وا بە جەختە بۆی دەرچوو ؟! ئەم هەواڵانە چۆن فریومیان دا ! دەبوایە بیدوێنم‌و لە کەلی شەیتان بهاتایتە خوار ، هەر نەبوایە لێوێکم بزواندایە.

دەستێکم بۆ کاکۆلم ببردایە . خۆ ئافرەت هەر چونێك بێ هەر دەبێ پیاو ڕێنمایی بگرێتە ئەستۆ . نەفرەت لەم ڕۆژنامەیە دەکەم کە میملی‌بی خۆی دەرخست . قسەی پیاو بێ ئەم شەو دەبێ کارێکی پێبکەم ڕەشەبا بە چەنری شڕی نەکردبێ ، گاوان بە مانگای ڕیخنی نەکردبێ .

گشت مەزەو شەوچەرەکەی لەسەر ڕۆ دەکەم‌و پاشان دەیکەم پەڕۆی بێنوێژ . ئۆی لەدەست ئەم کۆڵانە قیرتاو نەکراوەش ، ئەمیش خەتای چاویلکەکانی منە ؟! بەبیرم دێ کە ئاسەواری ئەم باخچەیەی قەد قەڵا ، دوو گەرماوی ژنانی لێبوو . دەڵێن لە قرانییەکەدا (عەلە بەستێ) و دوو کەڵە مێردی وەك (سەیوەلی) و (ڕەشە تورکمانباخی) نەبوونایە خرستییانەکان (... ..) ژنەکانیان هەرزان فرۆش دەکرد . بە (یەکتیسر) و (حسکە) و (بەرەبێل) ەوە هێرشەکەیان بەربەرچدایەوە. ئەو مام عەلییە ماوەیەك وون بوو ، گوتیان بە نادارایی‌و کولەمەرگی سەری ناوەتەوە. ووتیان بە کەمەفتی وزەبوونی ساردیان کردەوە . ووتیانیش گوایە ... شتی‌تر دەڵێن ، باوکم دەیووت کە لە مەتەرێزی سەربانەکەی ماڵ (تۆما) وە لوولەی (شنەستیر) هامشۆکەرانی درووێنە دەکرد. ئەمیش تۆمایەو (تۆمای ئەکوینی)ش هەر تۆمای ناوە!! هەر لە نزیك ئەم‌جووتە گەرماوەوە ، کەلاوە چەپکەنی گەرماوێکی تر هەبوو کە(شوکر پالەوان) و بڕێکی‌تر بەچە ژنان دەیانکردە مەڵبەندی زۆرخانەو پوول پەیدا کردن. شناویان دەکرد. قاپە بەردیان لەسەر سینگ ووردو خاش دەکرد ! میلبازیبان دەنواند. لەسەر سەکۆیەکیش چەتەولێکی سوورفڵ لە دەفی دەداو بەزمانێکی سەیر هانیانی دەدا . ئەم یادگارانە گۆڕەوشارم دەدەن . کە گەیشتمە ماڵەوە ، هەتا سەرم دنج دەبێ دەخۆمەوە ، کاوی دڵیشم بەو ڕۆژنامە بێوەفایە دەڕێژم .. منداڵە هەراشەکان لەم ئاکارە . (هەڵماتێن) و (شێروخەت) و (میچ) ێنیان دەکرد . بێ بارەکانیش کوڕێ (سنگەو باز) و (تەنوورە خراپ) یان دەبەست . خۆزگە لەسەرگەی ئەم کۆڵاتە چرایەکیان قوت دەکردەوە ، خۆ چاوی شەمە لەسەر شەمش گا بەدی ناکات. کچۆلەکان بەسواری پایتوونی

بڕوانە ل : ٧

ژیان ژڤانە

● هەوار زێوکی ●

ژیان ژڤانە دیلبەرێ
ب بێتە خارێ
سەرێت ملا
وان گێریا
تو نزانی چ ئاگرە
ناڤ ڤی دلی
ئا ڤەمریت
هەر بێ هەلە

● ★ ●

نا ڤەمریت ب گود گودکا
ب دەوا
چەند بێژن ئەو یا مرێ
چەند بێژن یا شویکری
هەر دێ بێژم
ئەڤین دارم
هەر دێ بێژم ئەڤین دارم

● ★ ●

دیلبەرا من
سوینددێ د خوم
سوزێ د دەم
بوان چاڤێت رەش‌و بەلەك
ب ئەڤینا مەم‌و زینێ
تابم لاوك .. نابم حەیران .. بو چ قیزاو
بو چ کچا
سوزو پەیمان هەر بو تە نە

● ★ ●

ئەز نزانم هەڤالا من
چ ئاستەنگن
چ پەسارە
کەڤتیە د ڕێکا تە دا
هەتا نوکە تو لمن گرێ
ئەگەر دەریایەکا کوبرە
نەهەنگ‌و مار تێدا هەنە
تو لەشێ من بکە پرەك د سەر ڕا وەرە
ئەگەر عەستمانەکێ شبنە
مژو مورە
ببە طەیرەك د ناڤ دا بفرە
ئەگەر ڕاستە
تو یا مرێ
دا ڕۆندکا ئەز دارێژم
سەر وی گورێ بکەم گرێ
بکەم گرێ ...

ریڤی و قوربەشك

● اسماعیل تاقی ئاکرەیی ●

ڕۆژەکێ لرۆژا قوربەشەك گەهشتە ڕوویڤەکی ئینا گوتێ : ها مام ڕویڤی ویێ چەوانی لگەل ڤێ ژینێ ڕویڤی گوت ما ئەز چ بێژم برایێ قوربەشە تو باش د زانی گورگێ میرات چ خوشی بوومە ژارا نەهیلایە ئەڤ ژینا شرین‌و خوش یالە تالکری ، تو گازندێت خو کرن‌و گوتی : ئەڤە نەڤینە ئەم تێدا باترس‌و لەرز ئەگەر لگورگی رزگاربین لپلنگێ ماڵوێران رزگارنابین دوورندە زۆرن مرن گەلەك خوشترە لڤێ ژینێ

قوربەشەیی گوتێ تو ڕاست دبێژی مام ڕویڤی ئەوێ تەگوتی هەمۆ د جهێ خودایەو ڕاستە . بەلێ مانەم چ بکەین مەرێ . د ڤێت بژین ئەمیش دێ خەبتین بو ژینێ هەکی د بێژن (هەتا مرنێ کرنە) پاشی گوتێ مام ڕویڤی تو بو ناهێ‌ی پەیمانەکێ بدینە ئێك‌و پێکڤە بژین مرنو ژینامە پێکڤەبیت ڕویڤی گوتێ تو باشێ د بێژی بەلێ چەوایە ڕێکا ژینا تو دبێژی.

قوربەشەیی گوتێ جارێ دێ خو کرکە دا ئەز بێت دلێ خودا بێژم پاش تو بێت خو بێژە ڕویڤی گوتێ فەرمو فەرمو ئاخفتنا خو تمامکە ، ئێ مام ڕویڤی دێ بخو هەموو ڕۆژا چینە چولی ئو دێ بخو پێکڤە نچێرێ کەین‌و خوین ئەگەر گەهشتینە دڕندەکی چ گورگ بیت یان پڵنگ بیت ئەز نوتونەهـ ٩٩ ڕێکا د زانم کو خو پێ ڕزگارکەین ڕویڤی گوتی وڵلاهی ئەڤە گەلەك باشە ئەزیش لڤێ پەیمانێ ڕازیمە ئو ئەز ڕێ‌یەکێ د زانم ئەڤە بونە سەد (١٠٠) ڕێ ل دویڤ گوتناتە چو کێماتی ناگیتەمە ڕۆژا تەنگاڤیێ چولە ناهێت سەدێ‌سەد دێ ڕزگاربین توان دوژمنا ، لێ‌رە بخوپێك‌هاتن‌و چوون بچێرن

پاشی چەند ڕۆژا لسوی پێکهاتنێ ، هێ‌ڤاریەکی گەهشتنە گورگەکی ئو یی نیزیك‌بوو نەهشیان برەڤن ئەگەر ڕەڤی‌بان لدەستێ گورگی ڕزگار نەدبوون ، ئینا ڕویڤی گوتە قوربەشەیی ئەڤە گورگ هات‌و دێ مەخون کانێ (٩٩) ڕێکێت ڕزگابیناتە ، قوربەشەیێ خولی ب سەر لترسا بێت لەرزیت‌و دەڤێ وی قەرسی‌و نەشێت بچیت‌و گوتە ڕویڤی ماڵ میرات تو بێت‌بینی ئەسی لترسا مرم، هەموو ڕێ لبیرا من چوون ڕویڤی گوتێ نەترسە ئەز ڕێکا خو د زانم‌و ژ بیرا من ناچیت ، گورگ نیزیك بوو ڕویڤی چوو بوولایێ گورگی‌و گوتێ : ئەزبەنی میرێ مە نەڤە چەند ڕۆژە ئەزو قوربەشێ خولی بەسەر لتە د گەڕیێن مە شۆلەکایتە هەیی تونەبی ئەزبەنی کەس نەشێت شۆلا مە ڕێتەکێ ببەتی چونکە تو میرێ ڤێ وڵاتی‌ی ، گورگی گورچ گوتێ دێ زوبە مام ڕویڤی بێژە تە چ د ڤێت ، گوتی ئەزبەنی میرێ وەلاتی من‌و قوربەشەیی هەڤت چێچکێت بێن نوکە یێت مەزن‌بین‌ی ئو ئاڤبەرامە یانخوش‌بی‌ی لسەر ڤا چێچکا ئەز یێت بێژمێ چار چێچك بوومن سێ ورتە ئەویش لڤێ ل ئێڤەکرنێ ڕازی‌نابیت من گوتێ (شەریعەتێ) خو دێ بەینە لالی گورگی میرێ وەلاتیە ئەو دێ بومە ڕێ‌یەکێ بەتێ چونکە کەسی لمیرێ مە ڕاستو دروستر نیە . گورگی هزرێت خوکرن ئو د دلێ خودا گوت ئەر بوو ڤاە هەردویا ب تنێ بخوم ئو چێچکێت وان لن بەزربن مابوو وان بچێچك‌ڤە ناخوم !! پاشی ڤێ هزرێ ، گورگی گوتێ : مام ڕویڤی دەرنگە زوبیە چێچکێت هەوە لکێرێ‌نە دابو هەوە پێکڤەکەم چونکە ئەز گەلەکێ پشۆلم .

کورگی : ڕویڤی‌و قوربەشە دانە پێش خو ئو چوون‌و هەر چوون ، گورگێ میرات دەرگاڤێ د بێژیتە ڕویڤی لن درەنگە کانێ چێچکێت هەوە ، بێت د دلێ خودا د بێژیت : ئەڤە نەهـ ئەڤرو نێچیرا من یابەرکەفتیە، گەلەکاخوشە گورك زنچکا تاڤێت ئو بێ دەڤێ خو خوشتکەت لخوشیادا کلکا ئنایە هێستکا پشتێ ، پاشی گەهشتنە کونەکێ دەرکێ وێ بێ تەنگ کو بەس قوربەشە بشێن بچنە تێدا ڕویڤی گوت ئەزبەنی چێ‌چکێت مە یێت ڤێ کونێدا ، گورگی گوت : یەللا هەرە بینە دەرێ ئەزێ بکە لمن درەنگە ، ڕویڤی گورچ چوت کونێدا ئو خو کرکر بیستەکا خوش ، چونکە چوو چێچك نینە !! ئەڤ پیلانە کر دا خو لگورگێ خوین‌خور ڕزگارکەن . دیسا گازی ڕویڤی کرو : زوبیە مام‌ڕویڤی لمن درنگە .

ڕویڤی لکونێدا گوتێ : ئەزبەنی چێ‌چکێت مە یێت مەزنبین ئەز نەشێم یتنێ دەربێخم قوربەشەی بنێرە هاری من دا زوی دەربێخین گورگی گوتە قوربەشەیی هلو هەرەهاری هەڤالێ خو ئینا چوو د کونێدا نك مام‌ڕویڤی هەردۆیا خولکونێدا کرکر هەکی مەگوتی کون یا کچکەیە گورك نەشێت بچیتە تێدا چاڤێت گورگی مانە لکونێ کەسی دەرنەکەفت ، ئینا گورگی گازی‌کر ئەڤە هنگو چیە دەرناکەڤن ڕویڤی گوت : ئەزبەنی مالاتە هەرئاڤابیت مەلتە گەلەك مندتە سەر چاڤێ مە بچی ئەم لالاخو بێك هاتین وەغەرا تە ڕاخێرێ بیت .

گورگ ڤەگەڕیا دەستەك لپێش‌و دەستەك لپاش .

پەیمانا خو لگەل قوربەشەیی نەشکاند ئینا ڕزگار بوون ..

● ئەڤ چیروکە فلکلورە ل کناریت ئاکرێ د هێتە ڤەگێران ، ..

لە باغچەی فۆلکلۆرەوە

محمد بەدری

× ئەم پارچە شیعرە، فولکلوریە باسی پیاوێك دەکات کە بووراوەتەوەو کەس‌و کارەکەی لێیان وابووە کە مردووە .. دارە مەیتێکیان هێناوەو خستوویانەتە سەرێ‌و بەرەو گۆرستان بردویانە .. کە دەستیان کردوە بە شوشتنی مردوەکە زندوبوەتەوەو بە شێوەی شیعر بەسەرهاتەکەی خۆی بۆیان باس کردوەو تێیدا دەری خستوە کە چۆن ئیزرائیل تووشی بووەو چۆن توانیویەتی لە دەستە پۆلاینەکەی رزگاری بێت ..

ئیزرائیل ئەدیم چتەور شێوەی داشت
دنان ژەنگ ژەنگو ریشی خوی مەتاشت
ئیزرائیل ئەدیم بێ‌نکو بێ نوێر
دنان چوێ مەقاچ قولی ئایم گیر
قوشار دا وەپام دا بنی ڕانم
نازەێ دمردەڤی گتبی زوانم
ژنەیل وە موورە نیشتینەو کەشم
(دویەتی) دو کلیك ناپشتی چەشم
چینگە ئەو گەپ بی هەم سەر رشتە داشت
قەپانەو بالەو لەشمە وەرداشت
وەرم ئەکردن وە قوولەی هاجات
من لەدڵی خوەم کردم مناجات
ئیلاهی نوورِ سەری ئیالم
لە فەرموودەی هەق رەم بکە هالم
لە فەرموودەی هەق مەلەکی گل‌کرد
ئیزائیل لەخوار قولەیلم ول‌کرد

چتەور : چۆن	گتبی : داخرا
داشت : هەبوو	ژنەیل : ژنەکان
نوێر : ڕوناکی	مووره : شین‌وگریان
ئایم : مرۆڤ	دوێتی : ناوی کچێکە
دنان : دان	کلیك : پەنجە
گتبی : داخرا	چینگە : چۆنکە
ژنەیل : ژنەکان	گەپ بی : گەورە بوو
مووره : شین‌وگریان	سەر رشتەداشت : شارەزاییەکی هەبوو
کەشم : لە دەورم	قەپانەو بالم : دەستمی هێزدا
چتەور : چۆن	فوولە : قوبلە
داشت : هەبوو	ڕەم‌بکە : ڕەحم بکە
نوێر : ڕوناکی	گل‌کرد : ناردی
دنان : دان	قولەیلم : هەردو قاچم
ئایم : مرۆڤ	ول‌کرد : بەرەڵلاکرد
	قوشاردا : گوشا

Institut kurde de Paris

وەك دۆست داواکراون کە چەك بدەن بە عـەرەب و پێویستە عەرەب ئەگەر سۆڤییەت داوای کرد لە جیاتی ئەوات شەڕ بکات ڕەتی بکەنەوە .

لە وانەیە هەندێك لە ئێوە بڵێن ئەم بیرانە شتێکن لە بیری دواکەوتویی .. بەڵام ئێمە بڕوامان بەم شتەیە کەوتمان .. ئیمە بە برایانی عەرەب وەزیران کـاری عەرەبمان وت .. پێمان وتن : ئەم قسەیە لە بەر دەم ئێوەدا دووپات دەکەمەوە .. ئێمە ئامادەین و حازریـن و تواناکانمان تەرخان کردووە تەنانەت ئەگەر واشـی پێویست بکات کە ئەستۆی خۆمان بکەینە بردەباز بـۆ پێی عەرەب بۆ پەڕینەوە بۆ قەراخی ئاشتی و هیـچ سڵ دمە ناکەینەوە .. بەڵام بێگانە بە سەردا تێبپەڕێ ئەوە ڕازی نین نەك تەنیا پێ لە نینۆکێکمان نێ بگرە ڕازی ئێن پێ لە نینۆکی هیچ عەرەبێك بنێ شیوەو ڕەنگـی

پابەندی وشەی ئابڕوین

برانە بەم بۆچوونە بیروباوەڕەکانی ڕاگەیاندنەکـە دانراوە هەندێ برایان لە بەربەرەکانی کاران لە هەرێمێکی عەرەب سەرزەنشتمان دەکەن و دەڵێن ئێوە یارمەتـی فلانە حاکم (س) ئەدەن کە ئێمە لە دژی تێدەکۆشین و ئێوە یارمەتی ئەدەن تا ئەو ڕادەیەی دەتانەوێ پشتـی دەگرن لە کاتێکدا کە پێویستە بڕوخێ .

پێمان وتن ئێمە یارمەتی حاکمەکە نادەین .. ئێمە ئاواتمان وایە کە سبەینی ڕژێمەکەی بڕوخێ ئەمەش نهێنی نییە واتە ئێمە نەك هەر وەك کاربەدەست مافـی ئەوەمان هەیە هەروەها ئاواتی جەماوەرمان هەیە ئاواتی خەباتگێڕەکانمان هەیە . ئێمە تا ئێستاش بەم ڕێگایـە ئاوات دەخوازین و بە پێی ئەم ڕێبازە ڕەفتار دەکەین بەڵام ئێمە بە هۆی پابەند بون بە وشەی ئابڕووەوە کـە لە کونگرەی بەرزی بەغدا بەڵێنمان داوە ئەم یارمەتییە پێشکەش دەکەین ، یارمەتی دەدەین بۆ ئەوەی ڕێگـا بگرین لە بە دواکەوتنی هەنگاوەکانی سادات یاخـود ئەوەی زرووفەکەی لەم مەیدانەدا دوور نیە بیخزێنێتـە ئەم چاڵەپڕ مەترسییەوە .

مێژو : -
سادات خاینە
بە لەعنەت بێ

تەنیا ئەمەیەو . ئێمە دەزانین کە ئەم ڕژێمە هەندێ لەو بارەبەمان دەکات بە پیلان دژی هەرێمـی عیراق و لە گەڵ ئەمەدا دەنگ ناکەین ... واتە لـەم جێگایەوە بێ دەڵێین یا پیلان بگێڕێ و گوێ نەداتـێ یا چەندی لە تواناو لە بارە هەیە بیکات چونکە ناتوانـی شورش لەق کات و پارە فەرج کردن ناتوانی شۆرشـی لەق بکات و چلکاوخۆر بەڕێ گرتنیش ناتوانن شۆرش لەق بکەن و ڕێوشوێنی تەکنیکی یاری کردن و غـەدر ناتوانن شۆرشەکان بڕوخێنن ، ئەوی ئەتوانێ حاکـم و ڕژێمەکان لابەرێ گەلانن کە شۆرش بەرپا دەکەن ... کاتێك ڕەت دەکاتەوە کاتێك دەکاتـە حالـەتـی جیابوونەوە لە نێوان ئەوان و حاکمـەکـە . . . هەندێ حاکمی عەرەب ڕێوشوێنی تـەکنیکـی و یاری کردنیان بۆ دوا ڕادە بەکار دەهێنا بەڵام هەندێکیان کەوت و هەندێکی تریان .. من وای بۆ دەچم کە هـەر دەکەون .. واتە مەسەلەی ڕوفان .. مەسەلەی ئەوەی تەنانەت صدام حسین لە سولتە نەمێنێ ... ئەمـە گرنگ نییە ... لەوانە صدام حسین سالێك دووان و دەوێنێ .... ئەمە مەسەلەکە نییە بەڵام ڕوخـان حالەتێکی لێك دابڕانە لە نێوان کاربەدەست و گـەل . کاتێك هەر حاکمێك دەگاتە ئەم حالەتە ئەوا کۆتایـی دێت واتە مەسەلەکە مەسەلەی کاتە .. پێوەبوونـی ڕاستەقینە ئەمەیە ... پێوەبوون داگیرکران لە لایـەن بێگانەوە نییە بە ڕێوشوێنی دەوڵەتی گـەورە یاخود بە ڕێوشوێنی دەوڵەتی ئەونجی ... پێوەبوونـی ڕاستەقینەی حاکم ، پێوەبوونی مێژوویی مەبدەئـی حالەتی لێك دابڕانە لە نێوان ئەوو گەلەکەی . سادات

بێ گومان ویستی بە ڕێوشوێنی هونەریی و ڕاگەیاندن یاری بکات و ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواو تەنانەت هەنـدێ دەزگای گومانلێکراون ڕائەیاندن کە لە نیشتیمانـی عەرەبدا دەردەچن یارمەتییاندا و ویستی هەنـدێ نێوەندی گەلەکەمان لە میسر تەفرە بدات هەوڵیدا وای بخاتە مێشکەوە کە گوایە ڕزگاربوونی گەلی میسر لـە مەدایەو ئەو سی ساڵ لە جیاتی عـەرەب شـەڕی کردووە .. بەم جۆرە شتەکان نیشان ئەدات و ئێستا پێویستە لە سەر عەرەب کە لە جیاتی خۆیان شەڕ بکەن بە بێ گەلی میسر هەر وەك گەلی میسر بە شێکـی بازرگانی ئەم حاکمە یان ئەری تریان بێ ، ئەڵێم توانی کار لە هەندێ نێوەندی گەلەکەمان بکات لە میـسر بەڵام ێوە دەبینن و لە مەولاس دەبینـن ڕۆژ بە ڕۆژ سادات نەك تەنیا لە نیشتیمانی عەرەب بەڵکو لە نێـو میسرو لە نێوەندەکانی گەلی عەرەبدا لە میـسـر دەخلیسکێتە ناو پێوەبوونی مەبدەئی مێژووییەوە لـە لایەنی کردەکییەوە . لە مەولا دەبینن کە ڕۆژێك چۆن خۆی دەبینێتەوە کە وەك شای ئێرانی بە سەر هاتووەدو بە هەر حاڵ و بە بێ گوێڕانە هیچ ئەنجامێکی کردەکـی مێژوو لە مەولا لە نیشتیمانی عەرەب و لە میسـر لـە مەو بەولاوەی پێ ناڵێ کە . خاینەو هەموو لەعنەتێکـی لێ بێ .

ئەوی بە وێژدانی نابینێ
دەسەڵات تەفرەی دەدا

برانە هیوادارم کە کۆششەکانتان بە بەر بـێ و سەرکەوتوویی و ئاواتەخوازم کە هەر یەکێك لە ئێوەو هەموو هاوولاتییەکی شەریفی عەرەب لە نیشتیمانـی عەرەب و لە دەرەوەی نیشتیمانی عەرەبدا سەربەرز بێ و لەو ڕێگایەدا سەرکەون کە هەڵیان بژاردووە تەنیـا ئەو ڕێگایە بەدەر کە زیان بە نەتـەوەی عەرەبـی دەگەیەنێ .

وە لە بەر ئەوەی کە ئێستا سەرۆکی دەوڵەتـی عیراقم پێ دەوترێ . ئەو شتەی دەمەوێ بیڵێـم ، پشتیوان بە خوا ئەو بیروباوەڕانەمان لە بیر ناچێتـەوە کە باسمان کردن ڕاستە دەسەڵات لەعینە ... بزانن کە لە دەسەڵات چەپەڵترو بە لەعنەتتر نییە کاتێك کە لە خزمەتی گەلدا نابێ ، هەندێ کەس تەفرە ئـەدات و تەفرەی داوە ئەو دیوارە دەبینن چەند ئەستورە بـەڵام دیواری کۆشکی کۆماریی کە منی لێم سێ ئەوەنـد ئەستورە ئەوی بە وێژدانی نابینێ دەسەڵات تەفـرەی ئەدات ، بەڵام هەمیشە وێنەکەتان لە بەر دەممـان دادەنێین ، وێنەی گەلە جوامێرەکەی عەرەبمان لـە هەموو جێگایەك لە بەردەممان دادەنێین .

هەست بە دەست
ڕۆیشتن دەکەین

وێنەی گەلە جوامێرەکەمان لە عیراق کە هەموو ڕۆژی دەیبینین لە بەر دەمی خۆمانـی دادەنێین و دەبینین کە چۆن لە گەڵ ئەم پەڕۆدوایە ئەمەمان لە بیر ناچێ و لە خۆمان بایی نابین و هەمیشە هەست بـە دەسترۆیشتنی پەیوەندی دار بە گەل و بە بیروباوەڕەوە دەکەین . هەمیشە بڕوامان بە خۆمان دەبێ چونکـە بڕوامان بە ئێوە هەیەو بڕوامان بە هەموو جوتیارێکی سادە هەیە لە میسرو لە سودان کە ڕاستەقینەیەکی گەورە لە مێشکی دا سەر هەڵئەدا چونکە وێژدانـی ڕاستەقینەیەکی گەورەیە .

جارێکی تر بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ئـەوەی لە بەغـداو بە ناوی هەمـوو عیراقییەکانـەوە پێشوازیتان بکەم و بێ گومان ئەوان بە پێشـوازی کردنتان شادمانن و داواکارم و هیوادارم کە سەرکەوتوو بن و داوای لێبووردنتان لێدەکەم چونکە ئەبێ بڕۆم و لەوێ پێشوازیتان بکەم .

ئا. د. ع

جەژنی « پاشماوە »

ئەمە یەکێکە لەجەژنەکانیـان لەساڵی ١٩٢٠دا .

نیزیکەی مانگێك پێشـی ئاوروژ دەستیان ئەکـرد بەئامادە کردنی پێویستـی سەبرانەکە .

١ – پێش حەفتەیەك لەبەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوای ئاوەکەی سەرچنارا ڕەشماڵ و خێوەتێکی زۆریانی دائەکوتا .

لە خواردەمەنی و پێویستەکان ئێجگار زۆر ئەبراو کۆمـەڵ ئەکرا لە لاوانی چالاك پتر لـە دەسەد عەسکەریانی بـە بەرگی تایبەتیەوە ڕێـك ئەخست ئیشوو کاری سەبران ئەورایە دەستیان وە بـەناوی فەرماندەوە یەکێکی بـە تواناپان دائەنا .

٢ ڕۆژێ بەر لە جـەژن هەموو تفاقێکی سەبـران لە خواردەمەنی و هەمـوو شتێك بەشی دە ڕۆژ ئامادە ئەکراوا ئەنێردرا بۆ سەرچنار .

٣ – پاش حەفتەیـەك دەهۆڵ و زوڕنا لێدانـی ئاوشاردوە ئەنێرراینە سەبرانگە وئەکرا بەبەزم و ئاهەنگ .

٤ – ڕێکخراوەکـەی سەبران بۆبەڕێوبـەری دامەزراندێکی ڕێك وپێکی .

١ – هەڵبژاردنی پاشا :–
عەمی = سەعەی دەوڵەت بازرگانی تووتن .

٢ – وەزیـری دەستەڕاست :–
دەستا توفیق = سەرۆکـی کەوشدرو وەبازرگاتی کەوش .

٣ – وەزیری دەستەچەپ :–
عبدان ئاغا = توتنچی

٤ – لە ڕکاب و نیگاهداری پاشادا :–
١ . ٥٠ سـوار و ٥٠ پیادە بەچەکی دارینەی ڕەنگاوڕەنگ بەرگی تایبەتـی سـوور وئاسەوز .

٥ بەڕێوەبەری پولیس :–
حمەکوردە = مسگەر .

لە ناو شارەوە تا مشیر ئاوا کە دەشت و چۆڵی بـوو دەستەدەستە هەر پەنجـا کەس لە عەسکەرەکـان هەردنگێك لەهـەر دوولای ڕێقامەکە بەچەکە کانیانـەوە ڕاوەستان و سـوارەشـ... ڕیزیان ئەبەست لەگـەڵ دەرکەوتنی پاشاو پاردگاکەیدا دەنگی بژی پاشای گـوێ ئاسمانی کەڕ ئەکرد دوو دەستە دەهۆڵ و زوڕنا بەپێشـداری پاشاو وەزیران ئەڕۆیشت .

ئەسپی پاشا بە پارچـە کوتاڵی ئاباب و ئاوێنـە ڕازابەوە خوشـی بەبەرگی تازەو قەڵپاخێـك لەسەرا وە وەزیرەکانیشـ هەروەها بەرگی تازە ناسراویان لەبەر ئەکردو ڕوو ئەسەرچنار ملی ڕێگائەگیرا .

٦ قولی : –
پیاوێکی ڕەش چاوێکـی کوێر زۆر قەبەو کەڵەگـەت لەتوونخانەکەی حەمامـی شێخ مارف بەپەین ئاگـر کەرو زۆر ڕووخـۆشـ و ئێستەنەستە و گاڵتەکەر و کار گوزاربوو . بـەم چەشنـە ڕازانیانەوە .

١ – دەمووچاویان بەتەواوی ڕەش کردو لەئاوینەو زەنگوڵەو لەپێستی بزن کراسیکیان بـۆ دروست کرد و کردیانەبەری .

٢ – بە تیروکـەوان و سانیان « شیر »ێکی درێـژ وتفەنگێکی کۆنەو کلاوبکـی درێـژ لە مقوا بـە دوسـێ گولنکـەی ڕەنگاورەنگەوە کردە سەر .

٣ – گابەتی باری بەرەنگ گراوی و ڕازاننەوە بەرەنگوڵەو زەنگەی زۆرەوە قولیـان سوارکرد و لە ناو هـەزاران چەپلە لێدەرا ئەڕۆلێت .

٤ – بەچوار پیاوو پەیـژە ئاوێنەی حوشترا کۆتەڵیـان دروست کردبوو لەسـەر بەرزەکانی پشتی یەکێـك سەمای ئەکرد . پێیان ئـەوت کەرۆکەو زۆر شتی خۆشی بەخشیاتی دروست کرد بوو . ئەیپشتی بزنەوە پانزە کەسـی کەس سەمای ئەکرد لە بەکـەم ڕۆژا و خۆ دامەزراندن لەسەر فەرمانی پاشا دە پاساولـی گێڕراو چوون لەسلیمانـی وە حاکمـی سیاسـی و بەڕێوەبەریان بەبێ هێنـا بۆسەرچنار لەبەردەرگـای حکومەتی پاشادا پاسـاوڵ ڕێگایان لێ برین ، تالـە لایەن پاشاوە فەرمویان لێکرا جرونە ژوردوە بەپـێوە وەستان . ئینجا فەرمانـی پاشا .

١ – پاشا فەرمووی – ئایا ئەزانن لە ئیمرۆوە ئیمە ژێـر دەستی ئێـوە نین ئازادو سەربەستین ؟ !

فەرمانم دا بەبەرەڵا کردنـی ئەو بەندیە سیاسیانەی کە لـە سەراوا لە بەندیدان . حاکم – دەرمانی پاشا بەسەرچـاو ، ئەمە نامە بۆ بەرەڵا کردنیـان ئەوەیش بزانن حاکمەکـە مەجرسۆن بوو وە خۆی لـەم کارانە دا زانا بوو .

٢ – پاشا . چراکانـی ئاوشار لـەناو چـوون . کولانەکان بەسـن . مانگانـەی دەبزاروکانی بەلەبە کەمـە . ئیودکان پیس و بۆگـەنن . ئەمانە پش ئەبێ تـەواو جێبەجێ بکرێن حاکم – بەبێ قسەو تەگەرە جێبەجـێ ئەکرێـت وە لەسـەرزەوی بەددەست نیوەڕۆژو پاشـ... حـ...واردن ئاهنـگ و ...ـەزم بـەتـەواوی دە ڕۆژی تەواو کێشـەی بێدراو بەبەزم وزەمزەمـەوە بۆسەر کارو پێویستەکانـی خۆیان گەڕانەوە وئیتر هەموو ساڵیک جەژنی نەوروز لەگەڵی کردو هەموو گەلانی گێتـی سەروزبێ .

ئەوان « پاشماوە »

بو یەکێ نەبوو) و (سـارای مەحشەر) و (مالـی حەمالیەکان) و (ڕێگـای ئاونامە)و (دەردی دڵـی مەلا قوربان عەلی)دا ڕۆلێکی گەورە بینی لە بەرەوپێشـ بردنی ڕۆمانی فارسی ... کە تائێستاش بەزیندوویـی ماو نەتەوە . گەورەیـی جەمالزادە)ش لەوە دایـە کە بەشێوازو زمانێکی نـوێی تایبەت بەخـۆی شاکارەکانی نووسین و هەروەها (بزرگی عەلەوەی)ش لە کۆمەڵـە چیرۆك و ڕۆمانی – جانتا – و – کانمەزە دراوەکانی زیندان–و – دێو – دا بەشداری خـۆی بواند هەرچەندە ئەم نووسەرە ژیانێکی سـەختی لـە زیندانەکانی ئێـران ڕابوارد بەڵام هەرگیز کۆڵی تـەداو زیاتر لەسەر گەرمی نووسین وورە هەتا – خنکێرا .

ئەم بازە گەورە لەئەدەبی فارسیدا وە ئەبێ لە خۆشی ژیان و خۆشبەختـی نووسەران و هێمنی بـاری ڕامیاری و ڕێك و پێکی ژیانـی ئابوری و کۆمەڵایەتی بێ نەخێر .. ئەم نووسینانە هەموویان لە ناوگەرمەی دواکەوتـن و زۆرداری و ناخۆشی ژیـان زیندانەکانەوە چەکەرەیـان کردو نووسەرێکی وەك سادق حێ لەخێزانێکی خوایێـداوی ئورستوکرانیدا بوو بـەڵام ئەو ژیانە یاخی بوو تێکەڵـی کۆمەڵانی خەڵك بوو .

ئەم سەر چاوانەی سودیان لێوەرگیراوە .

١ – قصص من الادب الفارسي المعاصر – صادق هدايت – ترجمه – د. ابراهيم الدسوقي .
٢ – نثر فصيح فارسي معاصر – دكتور جلال متيني – ١٣٣٨ – چاپ اول .
٣ – شعلههای جاويد – بانتخاب – فريدون – كار – ١٣٣٦ .

بەرەسەندن « پاشماوە »

ڕای دابنێ بە هۆی بازدانەوە چەند تاکێك لە (ئاسـك)دا ڕادەکەن – هەڵگرەکانی ئـەم دروست دەبن کە خێـرا سیفەتە دەتوانن چاکتـر خۆراك پەیدا بکەن و زووتـر خۆیان لە دوژمنەکانیـان بپارێزن . خۆ ئەگـەر وا ڕێ کەوت خۆراك کەم بۆوە یـا ئەدا ئەم تاکە خێرا ڕۆیانـە لە وانی تر چاکتر خۆراکیـان دەست ئەکەوێ و کەمتر بـەر چنگی دوژمن دەکـەون . بە پێچەوانەی ئەمانـەوە ، هێواشڕۆکان لە برساو بـە دەستی دوژمن تیا دەچن . کە وابێ ئاسکە خێراکان لـە ململانێی مانەوەدا زاڵـن و باشتر زاووزێ دەکەن و نـەوە دەخەنەوە . بەم جۆرە لەگەڵ ... اتدا ژمـارەی ئاسکەخێراڕۆکان لە نەوەکانی دوایدا زیاد دەبێت و ژمارەی هێواشڕۆکان کەم دەبێتەوە .

لە پاش ماوەیەکـی زۆر جۆرەکە سەراپا ئەگۆڕێ بـۆ ئاسکی خێراڕۆ .

ئەم گۆڕانە بەزمانـی بەرەسەندن پێی دەوترێـت سروشتە هەڵبژاردن و تاکـە خێراکانیش پێیان دەوترێ گونجاوترین . واتە سەرەنجامی سروشتە هەڵبژاردن مانەوەی گونجاوترینە . مەبەستیش لە (گونجاوترین) گیانـەوەر ئەوەیە کە لە هەموو ئەوانـی تر زیاتر گونجاوە بۆ ئـەو دەورو بەرەی سروشتـە هەڵبژاردنەکەی تیا ڕوودەدا ، لە نموونەکەی سـەرەودا دەوروبەری خۆراك کەمـی و دوژمن زۆری .. .

نموونەیەکی تری ڕووداوی بەرەسەندن هـەڵگۆڕانـی زەڕافەیە لە ملکورتییـەوە بۆ ملدرێژی .

گۆرانی « پاشماوە »

دەستیان کرد بە خوێندن . داسەکە تووڕە بوو . هەڵمەتی بۆ بردن .. هەڵمەتی بـۆ دەرکامێکیان ئەبرد . ئەوانـی تر ئەیان خوێند . واشەکە زیاتر ڕقی هەڵدەستا .. زیاتر ڕقی هەڵدەستا .. نەئەیزانی هەڵمەت بۆ کامیان بەرێ .. ئەوەندەی هەڵمـەت بردبوو . ماندوو بووبوو .. ئەوانیش کەزانیان مانـدوو بووە . بەهەموویـان هێرشیان بۆ برد . بەدەنووك چڕیـان دەرهێنـا ... ئەوەندەیان دەنووك لێگرت ، تا کوشتیان ...

ئیتر کە واشە مـرد . باڵندەکانی ئەو دارستانـە بەئارەزووی خۆیـان بـە سەربەستی گۆرانیان ئەووت و بەبێترس بەیەکـەوە دەستیان ئەکرد بەخوێندن .

دەیەمین « پاشماوە »

هەوڵ بدەن ئامێرو جیهازی تازەو جۆراوجۆر دروسـت بکەن .

● هەردوو قوتابـی یاسین کەریم و سامان محمد نوری لە سانەدی ئەزمر بـۆ بەکەمجار دوو جۆر دەرمانیان دروست کردبوو . بۆ نەهێشتنی شوێنەواری برینی سوتاندن و بۆ لابردنی زیکەی دەمووچاوو کە لێمان پرسین وتیان :

× ئێمە خۆمان لە خۆمانەوە هەوڵی دروست کردنی ئـەم دوو دەرمانەمان داوەو سێ و چـوار جـۆرە ماددەی کیمیاویمان تیا بەکار هێناوە ، خۆشمان لە لاشەی خۆماندا تاقیمان کردۆتـەوە ، زۆر سەرکـەوتـوو زۆر زوو کاری خۆیان ئەکەن .

دەرمانی یەکەمیان بـۆ لابردنی شوێنەواری برینـی سوتاوە کە کاتێك دەمـوو چاوویان دەستوپلی ئەسوتێ شوێنەکەی دیار ئەبێـت گەرمی یەکەی ئەگاتە ٣٠٠م دو ئەم جیهـازە بـۆ زۆر ڕوونکردنەوەی زانیـاری بەکاردێت .

ئەم مامۆستایەش بەگشتـی دەربارەی پێشانگاکە وتی :–

× بەڕاستی ئەم پێشانگایە هەوڵێکی چاکـی بۆ دراوەو بە گوێرەی توانای قوتابیـان شتی زۆر چاکی تیا دروست کراوە . بەڵام بەرای مـن مامۆستایانی بەشی زانیاری ئەبێ زیاتر خۆیان هیلاك بکەن و هەوڵی زیاتر بدەن بۆ بـەدی هێنانی داهێنانی چاکتـر و باشترو دروست کردنـی هۆی فێر کردنی وا کـە تازەبێ و تاکو ئێستا دروست نەکرابێ و هەوڵ بدەن قوتابیان منمانە بکەنە سەر خۆیان .

● مامۆستا احمد محمـود ئاماس مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی برایەتی جیهازێکـی فارسی کارەبایی دروسـت کردبوو ، کە لە توانـەوەی ئاسن و تەنەکانی تـەردا بەکاردێت و ڕووناکییـەك دروست ئەکات کـە

● مامۆستا ئەنوەر عمـر یونس لە قوتابخانەی بێخودی سەرەتایی ئیستگەیەکـی بێتەلانەی ناوخۆیی دروست کردبوو ، کە سەرنجـی زۆر لە بینەرانی ڕائەکێشا لـە پێشانگاکەدا وەکو شتێکـی تازە وابوو کە لە نزیکـەی ١٥٠ مەتردا ئیشی ئەکرد ، بەڵام داخەکەم مامۆستـای ناوبراو خۆی لەڕێ ... بوو تاپرسیاری چۆنیەتی دروست کردنی لێبکەین .

چیرۆکی « پاشماوە »

ئاوەڕاستی تەمەنیدا بـوو ، بالابـەرز ، پرچێکی بـە بەکراچوو ، درێژ ، ڕەشـ، چاوەکانی ڕەش .... ڕەشـ، لێوەکانی تێنووی ماچ بوون ، زەردەخەنەیەکی لە سەر لێوان بوو ، ددانەکانی بە ئاسـتەم وەدیاردەکەوتن ، وا پێدەچوو کە بڵێ :

تەماشاکەن ، من چەنـد پیس و چەند جوانیشلم !

هەندێ داوی ئاوریشـم و هەریر ، بە سەر لەشە جوان و ڕێکەکەیدا پەخش بوو بوو ، بەڵام وا دیار بوو بیارخـۆی نەیدەویسـت بەو ووردە ئاوریشمانە لەشی خـۆی دابپۆشێ ، بـۆیـە وەك خونچەیەك کە لە هەوەڵـی بەهاریدا بپشکوێتـە . خـۆیوا دەردەخست .

ئافرەتەکە مەی دەخواردەوەو گۆرانی دەگوت . ئەو کەسەی حەزیشی لێبوایە ، لە گەڵیدا

دەست لە ملانێی دەکرد ! »

قەشە نورانییەکە . درێژەی بە قسەکانی دەداو دەستەکانی دەلەرزین و باسی کوشتنـی ئازەڵ و سوارچاکی و شانـۆو هۆڵی نیگارکێشانی دەکرد . بە ئەلبامەوە قسەی دەکرد . دەنگێکی بە گوڕ . دەتگـوت ئاوازێکی سامناك لێدەدا . وەشەکانیش زۆر بە دیقـەت تەماشایان دەکردو گوێیـان بۆ شل کرد بوو . بـە خۆشییەوە هەناسەیـان هەڵدەکێشا ! ئەویش لە بارەی شەیتان و لەشیجوانـی ئافرەتەکەوە دەدوا .

قەشە نورانییەکە شەیتانی بە لەعنەت کردو دەرگـای ژوورەکەی داخست . بۆ ڕۆژی دوایی ، کەسێکیان لە دێرەکەدا نەمابوون ، هەموویان ڕوویان ... کردبوە شار .

مردوو خەون « پاشماوە »

بەختەو دەم بە بەسـتە . دەچوونە سەیرانگـای ئوسەڵلا) و (قۆریـە) . هەرخۆفەلەکی ئـەم سەیرانگایانە لەوەی (جـووت حەمام) ... ـوون . ئەوساکە کێ قودرەتی هەبوو کە لای ئیمامەکەی (قـەد قەڵا) وە گوزەر بکات . بـە ڕۆژی ئەمڕۆ . دەسبەجـێ حەردەو خرانکار ڕووتیـان دەکردەوە . نزرگاکەشـ ... ئەوو کەچی ژنـان ... تەوە ! جۆرەها مرازو سکالایان بـۆ دەڵدەڕژت . دەڵێـن ... ئیمامەکەش کحتکی عازەب بـووەو ... ەکان ورگیـان هەڵدڕیوە ! ئێستا ئـەم هەموو مێژووە بۆتە باخچـە قەد قەڵا ، منێکیش لـەم باخچە فراوانەدا مایە بـووچ بووم !

هەر سەی بەیانی دیسـان ... باخچەکە گلێر دەبمەوە . ... ئازادارە مرۆڤ نەبوو . ... ڕانگەی قژی .. کانیـی چاوی .. ڕووباری بەژنـی ... زانە دەریای دڵمەوە . ناوی ئازانە . ناوی دەنێـم (کیژەکەی قەڵای تورەکـە ڕێژ) . دەمێکە بە ئاواتـەوەم کە ڕووکاری ئەم قەڵا دێرینە تەخت بکرێ بۆ باخچـەی مـ...ـداڵان و گیانـداران و ئەخۆشخانەو شتی تر . دیارە (ئەو خۆزنوسەر) یش هـەر ... ڕۆژەکەی من هەبوو ، بۆیە لە نێوان ئەو سەر گـرددا ، بە ... قەڵاتەکەی بنیات نا . لە گەرانەوەدا لـە ... سەر حـووەکان . لافاوێکی دڵی ڕاپێچ کـردو ... ڵالە سەری (دانیـاڵ) ... بە یادگاری لـەوێ ... . ئەمشەو جارەکـە ... هەڵـدەدەم و ... دەنگ بۆڵای ... زراوەکە دەچم . چونکە ... بەڵام نابـەزێ – ئەمە قسەی من نییە – بـە ... نوێ دەبێتەوە . ... ڕاستیش ، هەبێ ئـەو مرۆڤ خۆیەتی .

تەمووزی ١٩٧٨

تێبینی

بافرە : جۆرە کاغزێکـی تەنکە بۆ جگەرە پێچانەوە .
خوناوە : ئاونگ .

سەیـرەوەر : ناوی گوڵاتێکی تەنگە لە شـاری نووسەر .

ئەستێرەك : گولێکـی دەستکردە بۆ بانگاندنەوەی ئاو بۆ کاتی پێویست .

بووکە بارانە : لە داروپەڕۆ دەزکرا کرابە بۆ ئـەوەی باران ببارێ .

بیروون : بیابان . جۆلێکی ... چلە .

تیماری : قەراخی . ڕۆخی . نزیکی .

سیم : مەبەست لە شوورە تەیەندەکەی باخچەکەیە .

تاب : تین . هێز .

گۆترە : شتێك بەبێ کێشان بفرێت .

ئەزبەری : جـۆرە سەردەمەنییەکە وەك چلدورە .

قڕانی : مەبەست (شەڕی یەکەمی جیهانییە) .
(عەبە بەستی) سەبوەلی)

(ڕەشە تورکمانیاخی) نـاوی ڕاستین و تەنانەت هەندێکیان دەزێن .

(تۆما) (شوکر پاڵەوان) .
(بەکتیر) (شەمسـتیر)
(حسکە) (پـەردبێل) : جۆری چەکن .

(زۆرخانـە) (میل) (شناو) : جێگای وەرزشـ و پاڵەوانی بووە (میلێنیـان دەکردو شناویان وازی (دەکرد) (هەڵماتین) (شێرو خەت) (سیجین)

(سنگەو باز) (تەنـوورە خراپ
ناوی یارین منداڵانن

(موسەڵلا) (قۆریـە) : ناری گەردکی شـاری نووسەرن و ناوبانگیان بـە سەیرانگاکانییانەوە هەبوو .
(جووت حەمام)

وارش : دیواری نزرگا .
شەمۆلە : ژنان نیـازی خۆیان بە بەرد هەڵواسین دەگرنەوە .

باڵەفرەی وشەکان

× هەموو ئەو وشەو زاراوانە بکە پێ‌پیلکانە ، کە بەرەو قووڵایی‌یە نەبوو نەبینراوەکانی دەروونت دەبەن .. ئەو مەودایەی کە ، خۆت، لە خودی خۆتدا ، ون دەکەیتو ، هەناسەیەکی ئارام هەڵدەکێشی . . هەموو شتێ بوو بە هەڵم . هەموو شتێ سووکە وەك هەوا ؛ وەك ئەستیرە ، وەك تیشکێکی سپی !!

× هەموو دەردێ ، بەبێ دەرمان کپ بوو . پەیامە قورسەکەی ژیانت لەسەر لاچوو ، تەنانەت ، وەك بیر کردنەوە ، خەیاڵیش بێزارت ناکاو ختووکەی ویژدانە مات بووەکەت نادا .

× ئیدی دەتوانی پاکانە ٤ - هیچ لەدەست نەهاتوویت بکەی . مادام خود هەموو دنیایە ، بۆ باری دنیای دەرەوە هەڵبگری . . ئێستا دەتوانی مەستبی‌و ، لە فەنادا - فانی - بی ، و پرشنگەکانی سەر رۆخی بوون‌و نەبوون لە باوەشی بگری .. دەتوانی ، بەبێ ئەوەی هەست پێ بکەی ، بەوە منداڵێکی ساواو مەمکی - عەزرایەکی - داوێن سپی؛ بمژی .

× تەنها پێداری‌یەك ، رێت پێ‌دەبا ، کە لەمەستی‌دا، لە دانك دەبێ . بەڵام - ئەفسووس - هەرچۆنێ‌بێ، پێداری‌یە .

× نیمچە خەوێك دەتباتەوە سەرت دەخەیە سەر ئەژنۆت. ئەوا دەمارە سرەکانت ، سەر لە نوێ ، گەرمایی‌یان تێدا دەگەڕێ .. دەنگێك بەردەی گوێت دەسمێ ! دەستێك لە دەرگای دڵت دەدا ! هاوارێك هۆشت دێنیتەوە بەر .. کەللەت رادەوەشێنی . فریشتەکان لە شەقەی باڵ دەدەن . فرمێسکێکی گەرم بە حەیەساوی لە سەر لێواری دەوەستێ . بتەوێ‌و نەتەوێ تۆ مرۆڤی .. هۆشت ئاوێنەی ئەم گەردوونەیە .

× ئەوەتا لەگەڵ کەوتنی ئەو دڵۆپە فرمێسکە گەرمەدا، تێکەڵ بەخاك‌و خەڵك دەبیەوە! .

چەپکێ گوڵ وهیوای سەلامەتی

لە رۆژی ١ی نیسان ، یەکی لە بەکری گیراوەکانی کۆنە پەرستو داخ لە دڵەکانی رژیمی ئیران ، بۆمبای قینی رەشی گرتە قوتابیەکانی زانکۆی مستنسریە ، یەکی لە دەستەخوشکەکانمان نووسەری «هاوکاری »خوشکە سمیرە محمد علی بەکاری رۆژنامە نووسی لەوێ بوو، لەئەنجامدا بریندار بوو ، لەکاتێکدا چەپکە گوڵ پێشکەش بەخوشکە سمیرە دەکەین‌وهیوای سەلامەتی‌و چاك بوونەوەی زوو بە زووی بۆ دەخوازین . دڵنیاین ئەو جۆرە ئوسلوبەی کونەپەرستو داخ لەدڵان گرتویانەتە بەر ناتوانی کاروانی بەرەوپێشەوەچووی گەلی عیراق بوە ستێنێ‌و رووی رۆژیش بە بێژنگی کۆنەپەرستی ئیران‌و نوکەرانی ناگیرێ‌ئەو رێگایەی رژیمی ئێران‌و نۆکەرانی گرتوویانە ،رێگای هەڵدێرەو رێگای کاروانی گەلی عیراقیش رێگای بنیات‌نان‌و سەرکەوتنەو رۆشتنی بەرەپێشەوەو بێ گەڕانەوە .

دیاردەیەکی شارستانی لەوڵاتەکەماندا

گەشتو سەیران لەوڵاتەکەماندا ، بایەخێکی بەرفراوانی پێ‌دەدرێ‌و کارووباری گوج‌و گوڵ بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچەسەیرانگاکانیش بەردەوامەو میوانخانەی نوێ‌و شوێنی‌پشوو حەوانەوەی زیادیان لێ‌دەکرێتەوە .

ئەم کارەش بێگومان ، پێویستی بە ئامادە کردنی کادیری رووناکبیرو لێ‌هاتوو هەیە ، کە بتوانن ئەو شوێنە سەیرانگایانە بەڕێوە بەرن . ئەم ئەرکەش سپێردراوە بە خوێندنگایەکی تایبەتی بۆ فێربوونی بەریوەبردنی کارووباری میوانخانەکان کە خوێندن تیایدا دوو قۆناغە بەکەمیان دەرچووی سەرەتایی دووەم دەرچوی خوێندنی ناوندی تیا وەردەگیرێ کە کە قوتابیەکان لە لایەن رێکخراوی کاری دەوڵەتانەوە فێر دەکرێن ، سەرەرای شارەزایانی خزمەت‌گوزاری‌و پێشوازی‌و میوانداری .ئیستا ژمارەی قوتابیان لەم خوێندنگایە هەزار قوتابی دەبن‌و (٥٠٠) قوتابی تر ئیستا لە دامەزراوە گەشت‌وگوزاریەکان مەشق دەکەن .

ئەم هەنگاوە ، لە وڵاتە ئازیزەکەماندا ، هەنگاوێکە بەرەو چەسپاندنی شارستانیەتی هاوچەرخ‌و زیاتر ئاوەدان کردنەوەو پێشخستنی سەیرانگاکانمان.

ذکریات محمد حسن

لە چالاکیەکانی کۆمەڵەی هونەرو ویژەی کوردی - هەولێر

● کۆمەڵی هونەرو وێژە لقی هەولێر لە روژی ٢٠-٤-دا شانۆگەری - بوکی بەفر - لە نووسینی مەهدی ئومێدو دەرهێنانی هونەرمەند طلعت سامان پێشکەش دەکا ، تیایدا کۆمەلێك لە هونەرمەندانی شارەکە بەشدار ئەبن .

● ئەوەی شایانی باسە ، هەفتەی رابوردوو کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر کۆرێکی ئەدەبی بۆ نووسەر جەمال خەمبار لە ژووری بازرگانی‌دا سازکردو تیایدا باسێکی سەبارەت بە ئەدەبی منداڵان پێشکەش کرد .

لەهەڵەبجە کۆرێکی شیعر

لەم دواییەدا ، لە شاری هەڵەبجە ، لە رێگای مەڵبەندی لاوانی شارەکەوە ؛ چەند چالاکیەکی رۆشنبیری بەکەڵك پێشکەش کراوە ، لەمانە ، هەفتەی رابوردووتر کۆرێك بۆ کاك انور محمد رشید ساز کرا کە چەند شیعرێکی خۆیی تیا خوێندەوەو لەم کۆڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەدەب دۆستان ئامادە بوون .

هەرجارەی نووسینێك

جەزا عەلی ئەمین

کچان چی دەخوێنینەوە

خوێندنەوەی باش یەکە هۆیە بۆ نەکاندنی مێشك‌و بیر لە تەپوتۆزی دوا کەوتوویی‌و کۆنە پەرستی .. تامرۆڤ بە چەکی تێگەیشتنەوە ڕووبەڕووی ژیان بێ .. خۆ دیارە خوێندنەوەی هەر بابەتێ بیگری پێداویستی بە چاو هەڵگلۆفین‌و مێشك گوشین‌و تەمەن کاڵ بوونەوە هەیە .. کە دەست دەدرێتە گۆڤارێك ، کتێبێك ، رۆژنامەیەك دەبێ پێشەکی بیر لەوە بکرێتەوە ئاخۆ دەهێنێ تەمەنی خۆمانی دەرخوارد دەین .. یان نا .. ئەگەر وابین هەرگیز لەو کتێبانە ژێوان نابینەوە کە لە کتێبخانەکەمانا دەیابنینین .. ئێمەی مرۆڤ ناهەقمان نیە بە تەنگ ئەمانەوە بین چونکە هەزار ساڵێك ناژین تا پەرۆشی کاتمان نەبێ .. بۆیە جێی داخ‌و سەرسامییە گەورە کچەکانی شارەکانمان سەرگەرمی خوێندنەوەی جۆرە گۆڤارێکن کە هەرگیز ئافرەتی بیر رووناك‌و تێگەیشتوو خۆی لە قەرەی گۆڤاری - موعدو شبکەو سمرو ...) چونکە مێشکیان بەوە زاخاو دەدا تاکو ئەستێرە بریقە دارەدرۆ نیەکانی (هوڵێود) بناسن .. یان جل‌و بەرگ‌و هەڵس‌و کە وتیان بکەنە کەتەلۆکی رۆژانەو هەمیشە لە جانتاکانیانا هەڵی‌گرن‌و وەك دیارییەکی سەنگین لە پۆلەکانی قوتابخانەو لە ماڵانا دەستاو دەستی پێ‌بکەن .. دیسانەوە دەبڵێینەوە جێ‌داخە کچە کوردی مە لەم سەردەمەدا تەنیا مەراقیان ئەوەبێ ئەو گۆڤارانەی کە دێن تا بیخوێننەوە .. ئەرکی داك‌و باب لە ماڵاو مامۆستاکان لە قوتابخانەکان ئەوەیە کە قوتابی‌و جگەر گۆشەکانیان لە سەر خوێندنەوەی باش ڕابێنن ...خوێندنەوەیەك لێی ژێوان نەبنەوەو بەهۆیەوە بگەنە ڕاستییەك کە دەرك کردنی کوڵ‌وکەسەری خۆیان‌و گەلانی دنیایە .. بەو مەرامەی بتوانن ئاڵ‌و گۆڕێکی بنەڕەتی بسازێنن‌و کۆمەڵگا بۆ هەرێمێکی باشترو ئازادتر ببەن .

کۆرێکی شیعر خوێندنەوە بۆ نەورۆز و بەهار

● **بەبۆنەی جەژنەکانی ئازارو نەورۆزی پیرۆزەوە لیژنەی رۆشنبیری بەریوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانی کۆڕێکی فراوانی ساز کرد بۆ چەند شاعیرێکی لاو کە هەر یەکەیان‌وشەی جوان‌و پڕماناو بە جۆشی هەموو رووەکانی‌ژیانی گەلی کورد شیعری پاراوو رازاوەیان خوێندەوە .**

ئەم کۆرە لە هۆڵی وەرزشی کرێکاران ساز کراو جەماوەرێکی زۆری ئەدیب‌و ئەدەب دۆستان ئامادە بوون.

سەرەتا شاعیری لاو کاك جەمال غەمبار کە کۆرەکەی بەڕێوە ئەبرد بەخێرهاتنی دانیشتوانی کرد ئینجا شاعیری لاو کاك جلال شکۆ شیعرێکی بە تاونیشانی (ساڵی ٩٧٩ رۆشت) دوای ئەوە خوشکە منیرە محمد هەورامانی پارچە شیعرێکی بەزمانی عەرەبی بە ناونیشانی (گەڕانەوە بەناو وەرزەکاندا) خوێندەوە دوای ئەوە نۆرەی شاعیر کاك هیدایەت عبداللە حەیران هات‌و پارچە شیعرێکی بە ناونیشانی (ژاڵە) خوێندەوە ، دوای ئەو کاك عبدالقادر سعید شیعرێکی بە ناونیشانی (وەرزی ئازار) خوێندەوە ، خوشکە شەوبۆ محمد مرادیش بە ناونیشانی (لە پاڵ چیای دڵ تەنگی‌دا) شیعریکی خوێندەوە کاك شارباژێریش بە پارچە شیعری (پەیمانی گەوهەر) هاوبەشی کردو لە کۆتاییدا شاعیری لاو کاك رضا حمە فرج شیعرێکی بە ناونیشانی (سروشت‌و شاعیر) خوێندەوە .

حمە سعید حمە کریم

چاوپێ کەوتنێك

محمد قدری یەکێکە لە موسیقازانەکان‌و هەندێ گۆرانیشی لە ئزگەی کوردی‌تۆمار کردوە . لە چاو پێ‌کەوتنێکدا لێمان پرسی :

- سەرتا ، لە کوێ‌وە دەستت پێ‌کرد ؟

- هەر لە منداڵیەوە خولیای موسیقا بووم ، تاکە قوناخی یەکەمی خوێندم تەراو کرد لە ساڵی ١٩٥٦ چوومە ئاموژگای هونەرە جوانەکان - بەشی موسیقاو لەرێ بەپلەیەکی سەرکەوتوو دەرچووم‌و لە سەرەتاشدا یەکەم کارم سەرپەرشتی موسیقابوو لە قوتابخانەکان .

هونەرمەند محمد قدری ئاوازی بۆ چەندان گۆرانی کوردی داناوە ، بێجگە لەو گۆرانیانەی خۆی تۆماری کردوون لەم بارەیەوە دەڵی :

- ئاوازی هەر گۆرانیەك چەشنی وشەی گۆرانیەکەو دەنگی ئەو هونەرمەندەی گۆرانیەکە دەڵێ دەوری تیا دەگێرێ‌و ئینجا بەهرەی دەهێنانی ئاوازدانەر ، ئاوازی زۆر گۆرانی‌و سروودی پشتمانیم داوە ، یەکەم ئاوازشیم بۆ گۆرانیەکی هونەرمەند (یحی مرجان) داناوە ، دوایی بۆ چەندان هونەرمەندی تری وەك : خواد حمد، خلیل وەندی ، نەسرین شیروان ، جمال جلال‌و ئەوانی تر .

- لە دواییدا ؟

- ئیستا چەند ئاوازیکی تازەم بە دەستەوەیە بێجگە لە دانانی ئاوازی موسیقا فلیمێکی وەسائقی کە باسی دەستکەوتەکانی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش دەکا لە ناوچەی کوردستان .

سمیرە ئامادەی کردوە



چاپکراوی نوێ

لە چاپکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاو کردنەوەی کوردی .

لە چاپکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاو کردنەوەی کوردی کۆمەڵێك چیرۆکی منداڵان لەبەرهەمی مامۆستا جمال نوری لەم بەرهەمە منداڵانەیەلە (٩٢) لاپەڕەی مام ناوندیدایە، وەك نووسەر دەڵێ (ئەم چیرۆکانە، گەرچی شێوەی فولکلوری‌یان وەر گرتوە) بەڵام بەرهەمی بیری داهێنانی نووسەرن .

جیهانی منداڵان

چیرۆك بۆ منداڵان

گۆرانی کێویلە

- محەمەد حەمە باقی -

واشەیەك لەناو دارستانی نزیك شاخێکا ئەژیا ، دارستانەکەش پڕ بوو لە کۆترە کێوی‌و چۆلەکەو ریشۆڵەو کەو .. ئەم واشەیە فرمانی دەرکردبوو کە نابێ کە نابێ هیچ باڵندەیەك بخوێنێ .. هەر باڵندەیەکیش بەقسەی نەکردایە ، یان دەری ئەکرد بۆدارستانێکی تر ، یان ئەبخوارد ..

ئیتر هیچ باڵندەیەك لە ترسا نەئیەوێرا بخوێنێ ..

رۆژێکیان بەرەبەیان کەوێکی بچکۆلە ، لەبەر خۆیەوە دەستی کرد بە خوێندن ، باڵندەکانی تر سەریان سووڕما .. هاتن بۆ لای کەوەکە ، پێیان ووت:

- بۆچی ئەخوێنیت ؟.

ئەویش پێی ووتن :

- ئەمەوێ دەنگی خۆم تاقی بکەمەوە ..

ئەوانیش ووتیان :

- ئەگەر بخوێنیت ، واشە، تووڕە ئەبێ‌و لە ڕقا ئێمەش ئەخوات ..

بەڵام کەوە بچکۆلەکە بەقسەی نەکردن‌و هەمدیسان بۆ سبەینێ سەرلەبەیانی دەستی کردەوە بە خوێندن ، کە گوێی لە دەنگی خۆی بوو، زۆری پێ‌خۆش بوو .. کە لەخوێندن بۆوە ، باڵندەکانی تر هاتنەوە بۆلای‌و پێیان ووتەوە :

- ئەگەر واز لە خوێندن نەهێنیت ، لەم دارستانە دەرت ئەکەین .

کەوە بچکۆلەکەش بەقسەی نەکردنەوە . بۆیە لەو دارستانە دەریان کرد ، ئەویش رووی کردە دارستانێکی تر ، لەوێ بەیانیان پڕ بەهەموو دەنگی ، ئەی‌چریکاندو ئەبخوێند .

باڵندەکانی ئەم دارستانە کە گوێیان لە دەنگی خۆشی کەوە بچکۆلەکە بوو ، هاتن گوێیان لێ‌گرت ...هەرچی باڵندەیەکی تری تیابوو ، ئەوانیش بەیانیان دەنگی خۆیان تاقی کردەوە ، کەزانیان دەنگیان خۆشە ، هەموویان بەیانیان دەستیان ئەکرد بەخوێندن .

رۆژێکیان بڕیاریان دا بگەڕێنەوە دارستانی نزیك شاخەکە .. لەوێ پێکەوە

بڕوانە ل : ٧

نامەی هاوڕێیانی جیهانی منداڵان

بیرۆز بایی :

هاوڕێیانی گۆشە : طەخضر خۆشناو لە هەولێرو انور محمد لە کەرکووك‌دورنامەو کارتی جەژنە پیرۆزەیان بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی پیرۆزەوە ناردوە ، سرپاسیان دەکەین‌و کامەرانیان بۆ دەخوازین .

ببورن :

خۆشەویستان : عبدالباقی‌عبدالخالق لە چەمچەماڵ ، بێستون امین لە سلیمانی ،کامل قادر لە کەرکووك ، فیصل حسین لە هەولێر ،سابیر عبدالرحمن لە کفری سوارە جلال لە هەولێر،ئازادسعید لە سلیمانی ببورن بەرهەمەکانتان یان جارانی تر بڵاو کراونەتەوە ، یان کەمووکورتیان تیا هەبوو هیوادارین زیور نەبن‌و چاوەڕێ بەرهەم‌و دیاری ترتان دەکەین .

- شیعر بۆ منداڵان -

جووتیار

جوتیارێکی چالاکم
زۆر دڵ‌خۆش‌و بێ‌باکم
ئێستا وەکو جاران نیم
بەندی کۆت‌و زیندان نیم
بەری ڕەنجم بۆ خۆمە
کەس نیە بمکا لۆمە
زەوی خۆم ئاوو ئەدێرم
بە خاکەنازو بێلێم
دوورم لە ماتەمینی
گەروی ئازار جێ دێڵم
هێزیی چینی چەوساوەم
دەنگێکی نەبڕاوەم
ڕێڕەوی خەباتمە
هەتا ماوم لەژیان
تێئەکۆشم بێ‌وچان
هەتا لەدڵی شەوێ
گزنگی ڕۆژ دەرکەوێ !

سەیران گیلان

منعاف خرات

چاوی کامیرا

کوپەیەك

نوسینی : فریا عبدالله

وێنەکان : مامۆستا نوری مصطفی گرتویەتی

هەرچەندە (بەهار) تەمەنی چوار ساڵ دەبێ بەڵام‌زۆر زیرەك‌و بزێوە .... رۆژێکیان لە باغچەکەیاندا کوپەیەکی گەورە دەبینێ ،زۆرحەز دەکات بزانی چی تێدایە ، بەڵام کوپەکە ، لە خۆی گەورە تر بوو ، بۆیە ئەویش تەختەیەکی خستە ژێر پێی حۆی‌و تەماشای کرد بەڵام هەر بۆی دەر نەکەوت چی لەناودایە ؟ ئینجا رۆیشت کەوگیرێکی درێژی هێناو شۆڕی کردەوە ناو کوپەکەو لەپڕا لە خۆشیانا هاواری کرد (ئای ترشیات ... ! ترشیات !) بەڵام دایکی (بەهار) لەولاوە گوێی لەم دەنگە بوو ، بانگی کرد بەهار وا هاتم بۆت ! ئەویش لە ترسا رای کردو بەدەم راکردنەوە دەمی ئاوی بۆ ترشیاتەکە دەکرد .

Institut Kurde de Paris

دەقی وتارەکەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین لە کۆنگرەی نەتەوەیی میللی

برایانە بەناوی خۆم، بەناوی گەلەکەتانەوە لەعیراق سڵاوتان لێدەکەم، سڵاو لە تێکۆشانی هەر یەکێك لەئێوە ئەکەم لە مەڵبەندەکەیەوەو بەپێی ئامانجە تایبەیەکانی‌و بەبەڵ نرتنەوە پێکەوە لەسەر یەك ئامانج لە خزمەت‌کردنی نەتەوەی عەرەبدا ... ئێمە ئەو پەڕی بەختەوەرین کە لەگەڵ برایانمان لە نیشتیمانی عەرەبداو لەگەڵ برایانی عەرەب لەم جۆرە بۆنەیەدا بەیەك بگەین لەپێناوی ئەوەدا کە پێکەوە لەرێگایەکی باشتر بگەڕێین بۆ خزمەت‌کردنی نەتەوەی عەرەب .... ئێمە هەست بەبەختەوەریی راستەقینە دەکەین کە پێتان دەگەین، پێشوازیتان دەکەین‌و ناڵێم میواندارتان دەکەین چونکە ئێوە لە ولاتەکەتان لە عیراق ... هەروەها هەست بە بەختەوەری دەکەم چونکە هەندێك لەو مامۆستایانەی کە لە قوڵکردنەوەی بیری نەتەوەییمان‌و لەباری سەرنجی مرۆڤانەمانداو لە خۆش وستنی گەلدا بەشداریان کردووەو ئێستا کە لەنێوان ئێوەدان‌و هەروەها هەست بەبەختەوەری دەکەم ئەو هۆڵە لایەنی جۆر بەجۆرو پارتی جیاجیاو یەکێتی‌و کۆمەڵەی لە هەموو نیشتیمانی عەرەب و لە هەموو عەرەبەوە تێدایە .

پێویستیمان بەکۆششی هەمووان هەیە

پێم‌خۆش بوو کە ترێم لە موناقەشە گەرمەکەتان بێ کە نیشانەیەکی ناڵەبار نی‌یە لە هەموو لایەنەکانیدا بەڵکو شتی باشی زۆر تێدایە ... بەڵام لە بەر ئەوەی کاری ترمان هەیەو نانی نێوان لەگەڵ ئێوە دەخۆین‌و بۆ ئەوەی کاتمان هەبێ‌و نەپەستۆ نەخەینە سەر بەرنامەکەتان .. داوام کرد رێگام بدرێ قسە بکەم .. بەبێ گوێدان بەو بڕیارانەی کە ئەیاندەن‌و کە لە هەموو حاڵێکداو بە دڵنیاییەوە سودو قازانجی نەتەوەی عەرەبیان تێدا دەبێ ... پێویستە هەر یەکێك لە ئێمە لەو راستی‌یەوە هەنگاو بنێ کە گەیشتنە راستەقینە . ئەو پێویستی، بە کۆششی خەڵکی تر و بیری خەڵکی‌تر و ئەقڵیەتی خەڵکی تر و ویژدانی خەڵکی‌تر هەیە .. بەڵام نەك بە رێ‌وشوێنی ئەنجامی کۆ ... لە نێوان ویژدانی خۆی‌و ویژدانی خەڵکی‌تر لە براکانی‌و نەك ئەنجامی کۆی ئەقڵەکان لە نێوان ئەقڵی خۆی‌و ئەقڵی برا عەرەبەکانی‌و بگرە ئەنجامی کارتێککردن لە نێوان ئەقڵی خۆی‌و ئەقڵی خەڵکی ترداو ... ئەنجامی کارتێککردن لە نێوان ویژدانی خۆی‌و ویژدانی خەڵکی‌ترو ئەنجامی کارتێککردنە لە نێوان بۆ-وونی خۆی‌و بۆچوونی خەڵکی‌تر و هەمووبان لە پێناوی خزمەتکردنی نەتەوەی عەرەبدا ... ئەگەر لەم گۆشەیەوە هەنگاودبنێین خۆمان وا دەبینین کە تەنانەت پێویستیمان بە وانەش هەیە کە بە توند بوونەوە قسە دەکەین‌و ... ئەوانەی لە سەرخۆ قسە دەکەن‌و ئەوانەی دانیان بە خۆیاندا گرتووەو ئەوانەی هەندێ جار سنوری لە یاسا وەزعی‌یەکان تێدەپەڕێنن .

دەمارگیریی بە بڕواو
دەمارگیریی بەرچاو تەنگ

هەر یەکێك لەئێمەو لە شوێنی خۆیەوەو .. بۆ هەر حاڵەتە بەپێی زروفی خۆی وبەپێی پێداویستی‌یەکانی‌و رێگا داراکراوەکانی بووە پێودانگی بنەڕەتی چارەکردنی حاڵەتەکەیە بەو رێگایانەی کە لە هەموویان کاریگەرترن‌و لە گەڵ پاراستنی بیروباوەڕەکان بۆ گەیشتن‌و وەدی هێنانی ئامانجەکانی نەتەوەو مەبەستە جوامێرەکانی .. بە دڵنیاییەوە لە پێناوی ئەوەدا کە هەر یەکێك لە ئێمە لە مەیدانی تێکۆشاندا شەهید ببێ پێرستە لە وەوە هەنگاو هەڵگرێ کە ئەو رێگایەی دەیگرێتەبەر و ئەو ئامانجانەی بۆیان تێدەکۆشن پێویست‌بەوە دەکەن کە تا رادەی شەهید بوون تێکۆشێ . بەڵام پێویستە لەسەرمان ئەمە لە وێنەیەکی‌تر جیابکەینەوە کە قسەکانم بەو دەست پێ‌کردو کە ئەوەیە : ئێمە هەموومان بە کارتێککردن پێویستیمان بە یەکتری هەیە ... دەمارگیریی بەرچاو تەنگ کارێکی زیدن بەخشە لە هەموو ساتێکدا پێویست بە هەندێك دەمارگیری ڕەدای بە بڕوا هەیەو ... جیاوازی لە نێوان دەمارگیریی بە بڕواو دەمارگیریی بەرچاوتەنگ هەیە ... ئەو بڕوای ئەوە هەیە کە ئەو ڕێگایەی هەڵی‌بژاردوە شایانی شەهید بوونە ... ئەگینا بۆچی هەر یەکێك لە ئێمە ڕێگای تایبەتی خۆی هەڵبژێرێ ... بەڵام پێویستە لە سەری لە هەموو حاڵێکدا کە نابێ تا رادەی بەرچاو تەنگی‌و ترادەی رەفتار کردن بە دۆخی کردەکی لە سەر ئەو بنەڕەتەی کە هەر خۆی ڕاستە . دەمارگیربێ .

رێگای تایبەتیمان

ئێمە تەنیا لە بۆنەی ئاوادا ئەم قسەیە ناکەین و بگرە بڕوامان پێ‌یەتی‌و لە زۆر بۆنەی تر وتومانەو ئەمەش لەگەڵ رێگای تایبەتیمان ناکۆك نی‌یە کە بۆ خۆمانمان هەڵبژاردوە کە لەمەوبەرو ئێستاش لەو باوەڕەدابین کە ئەوە ئەهێنێ کە بۆ پێشەوەی بەربەو بۆداکۆکی کردن لەو بیروباوەڕەی کە ئەمانەوێ تا رادەی شەهیدبوون شەڕ بکەین .

بۆچی ئێمە لەو باوەڕەدابین کە سوود و قازانجی نەتەوەیی وا پێویست ئەکات کە لە عیراق دەست‌پێشکەریی بکەین لە راگەیاندنی بەرنامەی کاری هەنت خاڵیەکە کە خەمڕانەتە بەردەم نەتەوەی عەرەب لەم زروفەدا هەروەك بڕوامان دایە نەتەوەی عەرەب لە ئایندەشدا پێویستی پێی دەبێ .. نەك تەنیا بە هۆی دۆخی ئێستاوە بە هەموو بەخشنەو ئاڵۆزی‌یەکانیەوە بگرە تا سالانی لەمەولاش لە بەرنامەی کاردا پێویستی پێی دەبێ .

دۆخی‌و نێئ‌ئاڵۆزی‌یەکان
مایەی ئەم راگەیاندنە بوون

بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو دۆخانەی کە دەوری نەتەوەی عەرەبیان داوەو ئەو تێك ئاڵۆزی‌یانەی کە لە جیهاندا هەن . بنەڕەت‌بوون‌و بونە مایەی ئەوەی لەو باوەڕەدابین کە ئەم ... خزمەتی نەتەوەی عەرەب دەکات لە زروفی ڕۆڵە ئاڵۆزبونەوەدا زۆر دیاررە دەردەکەون کە مرۆڤی دڵسۆز وا هەست دەکات کە ئەمانە پێچەدانەی ویژدان‌و جەوهەری نەتەوەن‌و هەندێ جار تەنانەت لە رێگای ڕوو لە بەرزیدا ئەم مەسەلەو ئەم جۆرە دیاردانە دەردەکەون چونکە روو لە بەرزیش پێویستی بە کاری زۆرانبازیی هەیە لە نێوان کۆن‌و نوێدا . کۆرە نوێ نەك بە لێکدانەوەی کلاسیکی‌یانەی کۆن‌و نوێ بگرە لە نێوان ڕاست‌و هەڵەدا . لە نێوان ڕاستەقینە کە زۆربەی هێزە روو لە بەرزەکان دەیبینن‌و لە نێوان ئەو رێ‌وشوێنانەی کە ئەو هێزانەی سود لە دۆخە رەش‌و ناڵەبارەکان وەردەگرن . دەست بە داخنیەوە دەگرن ..

شتێکی سەیر نی‌یە برانە . هەر چەندە نەتەوەی عەرەب ئێستا بە حاڵەتی ڕوو لە بەرزیدا دەڕوا وەك ئێمە بۆی دەچین . کەم لە نیشتیمانی عەرەبدا هەبن جیاوازی لە نێوان بێگانەیەك‌و بێگانەیەکی تردا بکەن لە سەر رێگای پابەندبووندا ... پابەندبوون پلەی نی‌یە. پلە لە پەیوەندی‌دا هەیە . پلە لە دۆستایەتی‌دا هەیە . بەڵام پلە لە پابەندبووندا نی‌یە . ئەوی بە خۆی ڕاپەڕموێ پابەندی ئەم بێگانەیە یان ئەوی‌تریان بێ ڕازیش ئەبێ کە پابەندی هەموو بێگانەکان بێت .

ئەم دیاردەیە لە سەرەتای قۆناخی ڕوو لە بەرزیی نەتەوەی عەرەبدا تۆمار کرا هەروەك لە سەر ئەو وره بەرداوانە تۆمار کرا کە بەم جۆرە پەیوەندی‌یە رازی بوون‌و لە پەیوەندی‌یەکی ڕەواوە لە سێبەری پەیوەندی‌یە نێو دەوڵەتی‌یەکانداو لە زروفی نێودەوڵەتاندا کردوبانە بە پەیوەندی‌یەکی پاشکۆیتی کردن لەو هێزانە کە رازی بوون بە ڕێ‌و شوێنی نۆکەرایەتی کردن لە قۆناخی هەرەسی هێنانی نەتەوەدا لە قۆناخی ئیمپریالیزم بە ڕۆژئاواوە بەستراینەوە ... پێویستە پێتان بڵێم‌و تکام وایە کە ئەمە بە شکاندنی سنوری رێزو ئەدەب دانەنێن کە پەرستە لە عیراقی ولاتاندا رێزتان بگیرێ .

رانەهاتوین لە
بەسادا کار بکەین

ئێمە بڕوامان وایە کە پلە لە پاشکۆیتی‌کردندا نی‌یە وئێمە لەو باوەڕەداین کە هەر رژێمێك یان هەر بزوتنەوەیەك رازی بێ کە خۆی سەر بەم لایەنەی بێگانە یان ئەوی بێ‌و من وەك وتم دۆستایەتی لە پەیوەندی جیا دەکەمەوەو ترسناکی پابەند بوونی سیاسی‌و رێکخستنی دەستوری‌و کاری پابەندبوون بە یاساو دەستور واتە بە تێکستی یاساو دەستوری‌یەوە دوو پات دەکەمەوە .. پابەندبوون لە ئەنجامی کردەکی‌دا وای دادەنێ کە هیچ جیاوازی لە نێوان ئەم وێنەیەو وێنەی ئیمپریالیزمی کۆندا نی‌یەو لەوانەیە ئەم واتایانە بوونە مایەی ئەوەی هەندێ برا مەسەلەکە لە مێشکیاندا ئاڵۆز بێ‌و وای بۆ دەچن کە ئەم بەرنامەی کارەو ئەم راگەیاندنە دژی ئەم لایەنەی نێو دەوڵەتان یان ئەویان. ئەگەر ئەمە مەبەستمان بوایە ئەوا بەشەرەف‌وبێ‌ترسەوە ئەمانوت‌و وا رانەهاتوین کە لە تاریکیدا رەفتار بکەین یاخود بە دزی‌یەوە بیڵێین . ئەمە هەرگیز مەبەستی ئێمە نەبووە ..

ئەمەریکا دوژمنی
نەتەوەی عەرەبە

لە جیهانی ئەمڕۆدا دوو هێز هەیە لە هێزەکانی نفوزی نێودەوڵەتان لە سەرو هێزێك لەم دوو هێزانە ئەمەریکایەو لە سەرووی هێزەکەی تردوە یەکێتی سۆڤیەتە . ئەمە چەند راستەقینەیەکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتاندا . کاتێ ئەم قسەیە دەکەین ناماناەوێ خرابە بەرامبەر ئەم لایەنەی نێودەوڵەتان یان ئەوی‌تریان بکەین .. بەڵام ئەمە راستەقینەیە . راستەقینە وەك خۆی نەك بەو جۆرەی کە ئارەزو ئەکەین بیهێنینە بەرچاومان . لە گەڵ ئەمەریکادا . هەمووتان دەزانن . کە پەیوەندی دیپلۆماسیمان لە گەڵ ئەمەریکادا نی‌یە . پەیوەندی‌یەکە پچڕاوەو بە دوژمنی نەتەوەی عەرەب‌و بە دوژمنی عیراقی دادەنێین . لە دوانزە ساڵەوە تا ئێستا لە سەر ئەم بنەڕەتە رەفتار دەکەین‌و لە هەموو بۆنەیەکدا ئەم قسەیە دەکەین .

رۆژێك لە رۆژان فرمێسك نارژێژین‌و لە ئەمەریکا ناپاڕێینەوە کە نوێنەرەکانی بنێرێ هەروەك خەڵکی‌تر وا دەکەن . بگرە بە پێچەوانەوەو دوور نی‌یە ئەم قسەیە سنوری شێوازە دیپلۆماسی‌یەکانمان بشکێنێ . بەڵام پێویستە بڵێین‌و مانگێك تێنەپەڕێ‌و با وردتر بدوێین وا بو بە پێنج ساڵ‌و هەموو ساڵێك ئەمەریکا دوو جار یان دەجار بە هەموو رێگایەك هەوڵ ئەدا بۆ ئەوەی پەیوەندی دیپلۆماسیمان لەگەڵدا ببەستینەوەو ئێمە نایکەین . نایکەین نەك لەبەر ئەوەی لە خەڵك ئەترسین بەڵکو چونکە گەلمان خۆش دەوێ‌و بڕوامان بەو بیروباوەڕانە هەیە کە بۆ خۆمانمان هەڵبژاردوە .. نەك بیروباوەڕی تایبەتی بەڵکو بیروباوەڕی گشتی بیروباوەڕەکانی ئێوە هەمورتان کەشەریف بین‌و رێزمان لێ‌بنرێ‌و لەنیشتیمانی خۆماندا ئازادبین‌و بەگژئەوانەدا بچین کە هەوڵی سەرپێ شورکردنمان دەدەن ... ئەوی هەوڵ ئەدات بەشێك لە خاکەکەمان داگیربکات‌و گەلەکەمان دەربەدەربکات‌و ئەمەش خاکەکەمان داگیردەکات چونکە ئیسرائیل بە هێزی ئەمەریکا فەلەستین زەوت دەکات‌و ... مادامەکێ ئەمەریکا لەرێگای قەوارەی زایۆنی‌یەوە خاکەکەمانی داگیرکردوە ئەوا بەو جۆرە سەیری ئەمەریکا دەکەین کە دوژمنی عەرەبە .

هێزەکەی تر یەکێتی سۆڤیەتی‌یەو سەرۆکی هێزەکەی بەرامبەریەتی کە لەنفوزی بەرامبەر دەگەڕێ و کەلەسەر ئەم بنەڕەتە لەجیهاندا رەفتار ئەکات . ئەم هێزە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیدا هەیەو تائێستا بەدۆستی ناو دەبەین‌و هەر بەم جۆرە دەمێنێتەوە مادامەکی لەو باوەڕە دابین کە ئەم پەیوەندی‌یە خزمەتی نەتەوەی عەرەب دەکات بەڵام ئەمە دۆستایەتی‌یە بەپێی پێودانگە نێو دەوڵەتی‌یەکان . هەر پەیوەندی‌یەك تێیدا سودو قازانجی بەرامبەر تێیدا ستراتیجەکان لەم مەسەلەیەدا یان لەوی تریان بەیەك دەگەن . هەموومان ، ئەوان و ئێمە . لەو باوەڕەداین کە ئەم پەیوەندی‌یە خزمەتی گەلەکەمان یاخود ستراتیجەکەمان دەکات‌و ئەمە پەیوەندی پاشکۆیتی نی‌یە .. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو رۆژەی هەواڵمان پێدەگات کەیەکێتی سۆڤیەت لەسەر بەشێکی خاکی عەرەبیمانە بەرێ‌و شوێنی بوونی پاشکۆیتی هەردەك هەواڵمان پێدەکات کە ئەمەریکا بەرێ‌و شوێنی پاشکۆیتی لەسەرخاکی عەرەبیمانە ئەم قسەیە ناشارینەوە وە بۆ ئەوەی وای بۆ نەچن کە ئەم قسەیە نوێیە ... چونکە جاران کەس دەنگی نەدەبیستین‌و هێزە نێو دەوڵەتیەکان کە نایانەوێ یەك بست رزگاریێ پەردەیان بەسەر دەنگمان دادەدا بەدەوڵەتی میرنشینەکانی عەرەبدا تێپەڕیم‌و چاوم بەچەند رۆژنامە نووسێك کەوت ئەو کاتە پەیوەندیمان لەگەڵ سعودی‌یە زۆر خراپ بوو .

رازی نابین خاکی
عەرەب زەوت کرێ

ئێستگەی رادیۆ دژبار کرابۆوەو قسەمان لەگەڵ یەکتری‌نەبوو نوێنەر نەئەهات‌و نەئەچوو ... هتد . ئەو کاتە دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ سعودیە پرسیارم لێ‌کرا وەڵامی رۆژنامەکەم دایەوە . وەك لەبیرمە . پێم‌وتن بنەڕەتی خراپی‌یەکە لەپەیوەندیدا خراپی هەڵوێستی سعودی‌یە لە سێ دوورگەکەی عەرەب کەئێرانی شاە داگیری کردون و هەڵوێستێکی روونی رەفزکردنی ئەم . داگیرکردنەی نی‌یەو لەگەڵ عیراق هاوکار نی‌یە بۆ بەربەست کردنی ئەم داگیرکردنە لەگەڵ ئەمەش‌دا بەباشی لەبیرم نی‌یە بەڵام ئەمە ساغ بۆتەوە کە ئەگەر رۆژێك لەرۆژان لەشکری یەکێتی سۆڤیەت کە پەیوەندی دۆستانەمان لەگەڵیدا هەیە هەربەشێکی لەخاکی سعودی، داگیرکرد ئەوا لەشکری عیراق پێش لەشکری سعودی بەگژیدا دەچێ ... ئەم قسەیە ساڵی ١٩٧٤ کردوەو ئەمڕوا نەکرا وە.بۆ ئەوەی چی‌بوە بیزانن باسی بەشێکیتان بۆ ئەکەم . ئەم قسەیەمان کردو تائێستاش ئەم قسەیە سیاسەت‌و باری سەرنجمان بەرامبەر بە بێگانە لەهەر کوێ بێ دیاری ئەکات جا هەتا بمێنین ئەمە ناگۆڕێ .

جیاوازی لەنێوان بێگانەیەك‌و
یەکێکی تردا نی‌یە

لەسەر خان‌و گەل بەگژ بێگانەدا دەچین بەبێ گوێدانە بیروڕامان بەرامبەر بەرژێم‌و حوکمڕانی کارەکەو بەبێ گوێدانە پەیوەندیمان‌و ڕامان بەرامبەر بەم بێگانەیەیان ئەوی تریان .

کاتێك مەسەلەکە دەگاتە ڕادەی کوێلە کردنی گەلی عەرەب‌و زەوت کردنی سەربەخۆیی خاکی عەرەب ئەوکاتە لەلای‌ئێمە جیاوازی لەنێوان بێگانە (س)و وبێگانە (ص)دا نابێ . ئەمە نهێنی نی‌یە . ئەمە سیاسەتی ئێستا نی‌یە . ئەمە سیاسەتمانە . لەوانەیە کاتی خۆی ئەو دەنگەمان نەبووبێ کە ئەم سیاسەتەی پێ بگەیەنین‌و لەوانەشە رێگای دەربڕینمان نەتوانیبێ بگاتە خاڵێکی دوورتر و ئەمەش گرنگە ... دەنگمان بەسیاسەتێکی کاریگەرەوە نەبەسترابوو کە بەبێ بەرێ‌و شوێنێك کە بتوانێ لایەنێکی تەماعەکانی بێگانە لەنیشتیمانی عەرەبدا بەیەك بخات ..

شۆڕشی عیراق
شۆڕشی عەرەبە

ئەو قسانەی کردمن لەساڵی ١٩٧٤دا بوون‌و ساڵێکە لەساڵە ئاڵۆزەکان لەمێژووی شۆڕشەکەتاندا گشتتان ، چونکە شۆڕشی نەتەوەیە . شۆڕشی عەرەب لەخزمەتی عەرەبدایە و ئەم شۆڕشی عراقی نی‌یەو هەر پێی دەڵێین شۆڕش لەعیراق . ئەو لەم هەرێمەدا یان لەوی‌تردا (وصی) نی‌یە لەسەرتان‌و ئەو بەدڵنیاییەوە لەبری هیچ تایبەتیەتێکتان نی‌یە .

بەڵام شۆڕشێکە لە خزمەتتان دایە کاتێك ئەمەتان دەوێ‌و بەو شێوەیەی کەدەتانەوێ ... بەدڵنیاییەوە شۆڕشە بەبێ گوێدانە ئەوەی دەتانەوێ یان ناتانەوێ دژی بێگانە کاتێك سەربەخۆیی خاك پێ‌شێل دەکات‌و سوکی‌یە بە گەل ئەکات لە هەر جێگایەکدا بێ لەخاکی نیشتیمانی عەرەب دژی بێگانەو تەنانەت ئەگەر ئەو وڵاتەی عەرەب رازی بێ ئێمە لەو وڵاتەی عەرەب‌و لەو کاربەدەستەی عەرەب لەم جێگایە یان لەویان ناپرسین ئایا رێگاتان دەدەن پێتان بڵێین کەئێمە دژی ئەو بێگانەیەین‌کە خاکەکەتی زەوت‌کردووە .. ئایا رێگامان دەدەن بەو رێگایانەی دەتوانین سیاسەتەکەمان دەربڕین ئێمە ئەمە بەبرا عەرەبە کانمان ناڵێین . لەمانە بەدەر . ئەو شۆڕشێکە خزمەتی ئێوە دەکات .. بەپێی ئەو رێگایەی کە هەڵی دەبژێرن‌و چ کاتێك دەتانەوێ خزمەتتان دەکات‌و بەپێی تواناکانیش خزمەتی دەکات ساڵی ١٩٧٤ دوانزە مانگ شەڕمان لەگەڵ لەشکری شاە کرد هەر لە ئاداری ٧٤ تاوەکو ئاداری ١٩٧٥ و گرانە بەووردی باسی شەڕەکەتان بۆبکەم هەرچەندە ئێمە خۆمان پێوە نەگرتووە کەبناڵێنین و هاوار بکەین بەڵام تەنیا ژمارەی قوربانیەکانن‌و دەدەمێ کە لەشەڕەکەدا پێکران .

Institut Kurde de Paris

پاشماوەی دەقی وتارەکەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین

ژمارەکە ئەیسنە ٦٠ هەزار کەس لەنێوان شەهیدو بریندارداو ئەمەش ژمارەیەکی تۆمار کراوە هەڵە نی‌یە.
وای بۆ دەچم کە ئەو ژمارەیە زۆر لەژمارەی ئەوسەربازانە پترەکە لەگەڵ ئایۆبی دوژمندا کردوومانە. ئەو کاتە ئەم قسەیەمان کردو حەکمان لەبەکێتی سۆڤیەت وەرگرت و ئەمان وت ئەرمەنی بەکێتی سۆڤیەت بتورێ. ئەگەر بتورێ قسەکەی بەسەر لێك دەدەینەوەو ئەگەر دوای ئەم لێکدانەوەیە تێ‌ورا بانورێ.

چەپلەلێ دراوێت لەبەشدارانی کونگرەکە بە هونافەوە وتی : -

داوای ڕێکادان لەسەرۆکی بەرێزو کۆنگرەکــە دەکەم کە بڵێم دڵت سەرجاوەی زمانە و تۆ ڕاسـت بێژی و تۆ ڕاست دەکەی ..

سەرۆکی بەرێز

بەناوی خوا هەروا دەبین . من ماوەیەك لەمەوبەر بەرایانە وت لەسەرکردایەتی و ئەمەش هەستی ئەوان بوو . هەرچەندە ئێمە دڵخۆش دەبین کاتێك دەبینین گەلەکەمان لەهەرێمی عیراق زێزمان لێدەدەن‌و بەسـە خەوەدری دەبینین . کاتێك دەبینین شادمانـــەو رازی‌یە بەڵام ئەمە بەتەنیا ئاواتمان نی‌یە . ئاواتـــی گەورەترو دورترمان ئەوەیە ببیستین‌و ئێمە لەگۆڕداین کە گەلی عەرەبمان لەسیاسەتەکەمان رازی‌یە .

چەپڵەو هوتاف
دەمرین‌و بژی صدام حسین
رازی نابین ئەوەوە
بەش بەش بکرێ

هۆ برای بەگوڕو تەزوم ڕۆژێك لەڕۆژانـــــە وانەبووەکە تاکێك ئەوەندەی کۆبووبێ . بەڵکو هەمیشەو بەنا بەخوا . خوا یار بێ بەخزمەتتاندا دەبین تا ئـــەو رادەیەی دەتوانین هەرچۆنێك بێ - ئەڵێم - زۆر دیاردە هاتونەتە نێو نیشتیمانی عەرەبو زروفی نێو دەوڵەتان. ناماوێ بەدرێژی بدوێین جارێکی تر داوا لـــــە مامۆستاکانمان دەکەین کە ڕێگام بدەن تۆزێـــــــك بەدرێژی بدوێم مامۆستا الحورانی‌و مامۆستا البیطار لەیەکەم مامۆستاکانمان بوون بۆیە ئێمە شادمانین کـــە لەم جێگایەدا دەیانبینین .

پرسیارێکمان لەخۆمان کرد . ئایا قایل دەبین کـە نەتەوەی عەرەب بەش بەش بێ و هەمان وەڵامـــــی خومانمان دایەوەو وتمان نەء .. رازی نابین .. براینە کاتێك لەزروفی ئێستادا سەرنجی نەتەوەی عـــــەرەب دەدەین گەشبین بین‌و رەش بینانیش دەکرێ رەش بین بن ... کاتێك تەنیا دوحی ئێستاو تواناکانی ئێستـــا لەبەرچاو دەگرین لەوانەیە بڕیارێك بدەین بـــــــان رەفتارێك بنوێنین یاخود ئەبینە حاڵەتێك کەوامان لـێ بکات رەش‌بین بین . بەڵام کاتێك قوڵتر دەبینەوە ... بۆ نەتەوە لەوێژدانیدا و لە مێژوو هیوای‌داو لەگەڵو توانا ڕاستەقینەکانی‌دا نەك تەنیا بەو جـــــــۆرەی کەهەیەو کە کاربەدەستانی رەفتاری پێوەدەکـــەن ... بەڵکو بەو جۆرەی کە لەتوانادا هەیە بێ کاتێك هەندێ دۆخ دەگۆڕێن . ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە گەشبین دەبین.. لەگەڵ ئەمەشدا سیاسەت . وەك وتراوەو وەك ئێمـــە دەڵێین چەند حوکمێکی هەیە واتە بۆ چوونی چـــاك بەبێ کردەوەی چاك حاڵەتێکی چاك ناهێنێتەدی‌و لەسەر ئەم بنەڕەتە پێویستە بجوڵێینەوە .. وەك ئێـــوە . . ئێوە بە بەرپەرەکانی کردن ... ڕای ئێمە لە هـــــی ئێوە جیاواز نی‌یە ..

سنورمان نیشتیمانی
عەرەبی‌یە

ئەوەی ئێمە بۆی دەچین دەربارەی حاکمەکانـــی عەرەبو ڕژێمە عەرەبی‌یەکان . بـــەڵام ئایا دەبـــێ دەورمان وەك ئێوە بەرپەرەکانی کردن بێ و ئایا بـــەم ڕێگایە دەتوانین خزمەتی نەتەوەی عەرەب بکەبـــن وەك ئێوە دەتانەوێ . . ئەمە ئەو پرسیارەیە کە بەلای کەمەوە لەچوار ساڵ لەمەوبەردوە لەخۆمانی دەکەین .

براینە ئەگەر لەوبڕوایەدابانن کە ئێمە بەرامبەر بـــە دیاردەو حاڵەت‌و سیاسەتـی ڕژێمەکان‌و هەندێ حاکم بەرێگای ئێوە رەفتارمان کردایە و ئەمەش خزمەتـــی نەتەوەی عەرەبی دەکرد ئەوا بڕواتان بێ ئەمەمـــــان دەکرد . ئێمە بۆ داکۆکی کردن لە شۆڕش لە عیراقـــدا لەسەر بنەڕەتی ڕێککەوتن ڕەفتار ناکەین . ئێمە ئـــەم قسەیەمان بەبرایانمان وەزیرانی کاری عەرەبـی وت . پێمان وتن ئەم راگەیاندنە تەنیا هـــی عیراق نی‌یـــە بەدابڕاویی لەخزمەت کردنی نەتەوەی عەرەبدا . ئێمـــە لە هەموو برگەکانی ڕاگەیاندنەکەدا ساتێك لەســــنوری عیراق نەوەستاوین‌و هەمیشە سنورمان نیشتیمانــــــی عەرەبی بووەو هەمیشە باری سەرنجمان ئەوە بــــــووە چۆن خزمەتی گەلی عەرەبی بکەین نەك خۆمان بەتەنیـــا بگرە بەبارمەتی ئێوە . بەبارمەتی برایانی عەرەبمان بــــە حاکمەکانەوە هەریەکە لەمەڵبەندی خۆیەوەو بـــــەپێی زروف‌و بەیەك گەیشتنی لە راددەی کەمیدا بۆیە ئـــــەو خاڵانەمان وەرگرت کە ناکۆکی‌یان لەسەر نابێ .. ئەوانە نەبێ کە ئەیانەوێ ناکۆك بن . نۆکەرو پابەند چونکـــــە ئەمە ناکۆکی‌یە لە گەوهەرداو .. مەبەستمان لەناکۆکی لەگەوهەردا ... دەکرێ لەڕێ‌و شوێندا ناکـــۆك بین . ناکۆك بین لەوەی شت زیادبکەین .. لەوەی شـــــت فڕێ بدەین ... لەوەدا کە شت بگۆڕین ناکۆکین بـــــەڵام لەگەوهەردا ... چۆن دەتوانین ناوی‌بنێین ناکۆکی‌یەکی باك .. یەکێك دەقێك ڕەنێ دەکاتەوە تێیدا دەڵـــێ :

سوپاو بنکەو ڕێکادانی لەشکری بێگانە لەسەر خاکـــی نیشتیمانی عەرەبی قەدەغەیە .. بەرامبەر بەمـــە ئێمە وەك عەرەب لەصومال لەجەزایر یان لە عیراق سوپاس و بارمەتی پێشکەش بەو عەرەبە دەکەین ئەگەر هاتـــو بێگانە داگیری کرد .. ئەوی ئەم حاڵەتە رەت دەکاتەوە چۆن دەتوانین ئەم ڕەت‌کردنەوەیە بە ڕەت کردنەوەیەکی باك دابنێین .

لەگەوهەردا
ناکۆك نین

ئەو مەسەلانەی کە بە باوەڕی ئێمە عەرەب لـــــە سەریان ناکۆك نیە بە پێی بۆچوونی خۆمان وەرمـــــان گرتن ... لە وانەیە لە داڕشتندا لە سەریان ناڕێك بن . لە خستنەسەردا لە فرێدا لە زیادە کردنـــــــی بیروباوەڕی نوێدا . ئەمە شتێکی سروشتی‌یە بەڵام ئەو مەسەلانەمان وەرگرت کە ئێمە لەو باوەڕەدابن کـــە ناڕێکی‌یان لە نابێ ... واتە لە وانەیە عیراق رازی بێ بە وەی بنکەیەکی بێگانە لە سەر خاکی عیراق هەبێ بـــە پێی زروفی خۆی کە ناتوانێ ئەمەریکایەکان دەنـــگ بدا . ناتوانی بەرەنگاری ئەمەریکا بکات . سۆڤییەتیەکان دێن‌و پێیان دەڵێین لێرە دانیشن کاتێك عەرەبەکان دێن پێی دەڵێین نەء . کەس ئەهێنە ئێمە هەین‌و ئەو کارەی بۆ دەکەین‌و ئێمە لەو باوەڕەداین کە عەرەبێك نیە کە بـــە مەرازی نەبێ بە بێ گوێدانە ئیجتیهاد . کەوابوو ئـــەو مەسەلانەمان وەرگرت کە لەو باوەڕەداین کە ناڕێکییـــان لە سەر نی‌یەو لە گەوهەردا لە سەری ناکۆك نین .

بروانامەکەی حزب
بەرنامەی کارە

بەڵام ئەو مەسەلانەی تر کە لە مێشکماندان... کاك نعیم هەندێ باری سەرنجی خستە بەردەســـتم‌و ئێستا سەرنجم دان . دەربارەی بیروڕای بـــرایانی هەموویان شتی باشن . ئەگەر بەرنامەی کارێکـــــە بۆ عیراق بابە ئەوا هیچ شتمان لە بیروڕاکانـــــان نەدەکردەوەو وەردەگیران . هەموو ئەوەی وترا . بەڵام بەرنامەی کارەکە هەموومان وەك گەل کاری لەســـەر دەکەین‌و وەك ڕێکخراوی جەماوەری ولە هەمانکاتدا . ئەوە گرنگە . چەکێك بێ بۆ ئێوە . ڕێگایان بدەن بانیمزا بکەن بۆ ئەوەی لە دوایدا چەکەتان بەدەستەوە بـــێ بەرامبەر بەوەی کە لە ئەنجامدا لا دەدات بۆ ئەوەی کە هێرشتان بردە سەر چەکەکەشان بەهێزتر بێت . لێیان بگەڕێن با تەنیا بەرنامەی کارەکە ئیمزا بکەن بۆ ئەوەی بە دەست ئێوەوە . جەماوەر . گەل . ڕێکخـــراوە شۆڕشگێڕی‌یەکان . نەقابەیەکان . پیشەیەکان بـێ . جیاوازی لە نێوان ئەوەدا هەیە کە تێکۆشـــین دژی حاڵەتێکی مەدەنی‌و لە نێوان چوونە دەردەوەدالــــە بەرنامەی کارەکە . ئەمە کارەکەتان بۆ ئاسان دەکات . لێرەدا لەوانەیە هەندێ برای عەرەب گوێیان لەو قسەیە دەبێ واتە ئەو بابەتەی ئێمە لێرەدا دەڵێین بـــــلاو دەبێتەوە .

بە موناقەشەکردن پێیان وتـــن . بابەتـــــی دۆستایەتیتان لەگەڵ فەرەنساو دۆستایەتیمان لەگـــەڵ ئیتالیاو دۆستایەتی فلان لەگەڵ یەکێتی سۆڤییـــەت‌و دۆستایەتی فلانەلایەن لەگەڵ ئەمەریکا ئەمە دەرگایەکـی تری هەیە ... یەکەم بە ئەوەوە بڵێین ئەوان سوپایین لەسەر خاکی ئێمە نین کاتێك فەرەنسایی دێ شوێنـــی لە بەرامبەردا دێت .. کاتێك ئەمەریکایی دێ ئینگلیز لە بەرامبەریدا دێ‌و ئەو کەیە دەبینە حاڵەتێکی دوچاری دابەش‌بوون‌و بەش‌و حاکمی دەبێ بەهی هەمووان‌و لەگەڵ ئەمەدا ئێوە دەزانن کە ئێمە تا ئێستا هی‌وامان تێدایە نامەوێ بڵێ : ئەم بیروباوەڕانە خزمەتی نەتەوەی عەرەب دەکەن ... لە ... ئەمەکان ... بێ‌گومـــــان هەندێکیان دەیەوێ . وەك خوی پێوە گرتووە . بـــاری بکات . کە هەمیشە باری بەلاوە باشە .. خەڵکـــی واهەیە کە هەموو مێژووی سیاسی‌یان گەیاندوییـــە مەڵبەندی پێشەوە یاخود با بڵێین ریزی ناودراســـت یاخود سێیەم . باری‌کردن ئەم ئیشەی دەوێ . ئیشی باری‌کردن هەمیشە لە مێشکیدا حازر دەبێ‌و وای بـۆ دەچێ‌و ئــــە ئـــەوەی پێی دەڵێ ناماڵـــــەوێ بنکەی بێگانەو لەشکری داگیرکەری خاکی عەرەبیمـــان لە ئارادا بێ ... وا دەزانێ کا بەمە دەر فەتی باری‌یەکەی دەدۆڕێنێ کە ئەر خەکەی لەلای هەندێ ڕژێمـــــی عەرەب یاخود لەلای ئەمەریکا بەرز دەکاتەوە کــــــە دەیەوێ بێ‌و ڕژێمە هەرێس هێناوەکەی ڕزگار بکات‌و ... خانینش ئەوی دەوێ بۆ ئەوەی لەو مەینەتەش کە خۆی پێ‌توش کردوە دەربازی بکات یەکێك نی‌یـــە کە بە حاکێکی عەرەب بڵێ گوناهە کە ئەکـــەوێ . زۆر بە کەمی‌ی نەبێ . گوناهـ ئەو کاتە درێژەیە کە ئەیباتـــە سەر لە نێوان ئەو ماوەیەی کە پێویستە تێیدا بکەوێ‌و ئەو ماوەیەی کە بە کردەکی تێیدا دەکەوێ .. بــــە عیراقـــــەوە . . ئەگـــەر کەوتین مەڵێن گوناهن چونکە ئێمە هۆی کەوتنەکە دەبین ... ئێمە ساڵـــی ٦٣ کەوتین‌و خۆمان هۆی کەوتنەکە بووین . ئەمە هـــی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی و کێشەیەکی درێژو پان‌و بەرین بۆمرۆڤەی گەل دەخاتە لای خۆی لێی مەترسە ...

ئەوی کەمایەتی وەردەگری
کۆیەکە دەدۆڕێنێ

تەنانەت باسی نهێنی‌یەکانی ناوخۆمانتانبۆ دەکەم . قەیناکات برایان لە حزبدا لێم دڵگیر نابن .. هەندێ جار وەك لە هەموو حزبێك وایە لە جیهاندا کۆمەڵـــە پێك‌دێن‌و هەندێ جار بیر لەو کۆمەڵە بەستوانـــــە دەکەینەوە دەڵێین عەقڵیان زایان نیشان دەدات کـــــە هەمەکی وەربگرن لە جیاتی ئەوەی کە هەندەکـــــی وەربگرن .. واتە یەکێك لە نێو ئێمە کۆمەڵە پێك‌دێنێ بۆ ئەوەی چوار پێنج کەس لە حزبدا بۆ لای حـــــزبی ڕابکێشـــــێ کەوابـــــــوو بۆچـی ڕێگای حـــــزب وەرناگـــرێ ڕێـــگای راســـت . ڕێگای بیروباوەڕو هەموو خەڵك وەدەست بهێنـــێ . ئەگەر ویستی لە دەست بدات گەلی کەمایەتی لە دەست ئەدات . ئەوەی کە کەمایەتی وەردەگرێ دەبێ زۆرەکـــە لە دەست بدات . لە هەر جێگایەکدا بێ‌و لە هـــــەر حاڵەتێکداو بە هەر ڕێوشوێنێك بێ . ئەم ڕێگایـــــەی ئەدۆڕاندوە . ڕاستە مرۆڤ ماندوو دەکات‌و هەنـــدێ جار مەترسیشی لە بەردەم دایە .. ڕێگای گەلان دژی ڕێگاکەی تردە . بەڵام ئەگەر هەموومان کاتێك دەگەینـە سەر حوکم لە بیرمان بێ‌ئەو مرۆڤە بەختەوەرە کە ئـــەم ڕێگایە لە دەست ئەدات‌و ئەم ڕێگایە چەند سودبەخشـــە بە باوڕی من ئەو کاتە حەمێك لەنێو ئێمە لە ڕێ لای نەدەدا . بە دڵنیاییەوە جیاوازی لەنێوان ئەو مرۆڤەدا هەیە کە گەلەکەی هەڵی دەبژێرێ‌و ئەوی لە کۆشـــکدا خۆی دەشارێتەوەو دژی گەلەکەی خۆی قایم دەکات.. جیاوازی لە نێوان ئەو مرۆڤەدا هەیە کە لە خەڵــــــك دەترسێ‌و ئەوی کە خەڵك داکۆکی‌لێ دەکەن‌و شـــەڕی لەسەر دەکەن .

سەرۆکی خوالێخۆشبو جمال عبدالناصرمــــــان بینی .. عبدالناصر دو جاری پتر لە مەینەتێك بـــــوو وبۆمان دەرکەوت کە چەند زوروف چەند وسالێکـــــی لە زروف بەسەردا تێپەڕیو ؛ شایەد لەم هۆڵەدا هەیە . ئەفسەرێك نەیئەتوانی هێزی چەکدار بجولێنێ چونکـــە عبدالحکیم عامر رازی نابێ . کاتێك عبدالحکیم عامـــر رازی نابێ جمال عبدالناصر ناتوانێ کارەکە ڕاپەڕێنـــێ ڕاستە ئەمە حاڵەتێکی سەیرە بەڵام کردەکی‌یە .. مـــن کاتێك ئەمەم گوێ لێبووو بۆم دەرکەوت سەبارەت بـــە من دەرزێکی گەورە بوو هەرگیز لەبیرم ناچێتـــەوە . لەگەڵ ئەمەدا کاتێك دوای پێنجی حوزەیرانی ساڵــــی ١٩٦٧ دەستی لە کار کێشایەوە جەماوەر جارێکـــــی تر خستیەوە سەر کورسی سەرۆکایەتی بە دڵنیاییـــەوە هەندێ لە تەماکاران لە سوپای میسردا ئـــەو کاتـــەو هەندێکیش لە وانەی وەك سەرۆك السادات ئەگــــەر بیانزانیبایە کە دەتوانن عبدالناصر لابەرن ئەوابە ڕێگای کودەتای ئاسایی ئەمەیان دەکرد .

بەڵام دەیانزانی کە بارمتەی بنەڕەتی عبدالناصـــر لە چەند ڕێوشوێنێکی هونەری‌و جوگەلەی بچوکــــدا نەبوو بەڵکو بارمتە بنەڕەتی‌یە کەی لە قوڵایی دەریاکاندا لە گەلی عەرەب . لە گەلی میسردابوو .

برگەکانی ڕاگەیاندنەکە
هەمووی بۆ فەلەستینە

براینە ئەمە دەڵێم‌و ئەو موناقەشەیەتانم بـــەلاوە سەیرە کە دەربارەی هەر برگەیەکی بەرنامەی کارەکە یاخود بەیانامەکە دەیکرن نازانم ئێوە چـــــــۆن شتەکانتان ڕێکخستوە . هەموو ئەو شتانەی کــــــە کە بڕواتان پێیەتی لە بارەیەوە بڵێین ئێوە جەماوەری ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانن . ئێوە کار بە دەســـتن . خوزگە یەکێك لە جێگای ئێوە بایە بۆ ئەوەی هەمـــوو ئەوانە بڵێ کە دەتوانێ بیانڵێ وبۆ ئەوەی بەو جـــۆرە بجولێتەوە کە بە ئاداتیەوەرەتی بەڵام لەو باوەڕە دانیم کە لەسەر ئەوە ناڕێك بن کە ئەگەر کاربەدەستانی عەرەب ئەم بیروباوەڕانە پەیڕەو بکەن خزمەتێکی گـــــەورە پێشکەش بە نەتەوەی عەرەب دەکرێ‌و بەلای کەمــەوە وامان لێ دەکات لە مەڵبەندێکی بەهێزتر بین لەوەی ئێستا لە لێپرسینەوەی ئەوەی لەم بەرنامـــەی کارە دەچێتە دەرەوە .

برایان ، بێ‌گومان . وەفدی فەلەستین ڕای خۆی دەربارەی نەبوونی برگەیێك دەربارەی فەلەســـتین دەربڕی ئەم برگانە هەموویان نەك یەکێکیان دەربارەی فەلەستینی‌و ئێمە لە هەمان وتاردا کە دەربارەی ئەمە قسەمان کرد ئەمەمان وت . مەسەلەی ئـــەوارەی زایۆنی واتە من لەو باوەڕەدام کەس وای بۆ ناچـــێ کە ئێمە قـــەوارەی مەســـخی زایۆنـــی‌دا خاکمان بە دەوڵەت دابنێین ، بە پێچەوانەوە ئێمـــە ئێستا تەنانەت لەگەڵ هەندێ ڕژێمی عەرەب‌و لەگەڵتە نانەت ڕێکخراوە گەلی‌یەکاندا ناڕێکین ئێمە لـــــەو باوەڕەداین کە نابێ عەرەب ئیمزای بکەن‌و قایل بـــن لـــە ســـەر خاکـــی زەوت کـــراوی فەلەستین نەکەن بە دەوڵەت تا وەکو ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ .

عەرەبەکان لە بەردەممان
بوون

هەموو عەرەبێك وبێ گوێدانە دابەش‌کرانەکان‌و بێ‌لاف لێدان دەڵێین عەرەبەکان لەبەر دەممان بـــوون بەبێ گوێدانە تایبەتی‌و ڕێبازەکانیـــان‌و هتـــدو ... توێژە کۆمەڵایەتی یەکانیان‌و تا وەکو ئەوەی هــــەندێ جار بە جینەکان ناودەبرێ .. عەرەبمان لەبەر چاوبوو ... مرۆڤ سەربەستی‌و زەوی و گوێدانە تایبەتـــی‌و ڕێبازەکانیان‌و هتدو ... ترێژە کۆمەڵایەتی . یەکانیان‌و تا وەکو ئەوەی هەندێ جار بە چینەکان ناودەبرێ . . عەرەبمان لەبەر چاوبوو .. مرۆڤ سەربەســـتی‌و زەوی و لەو باوە ڕەدایی هەموو مرۆڤێکی عەرەب‌و نەك نۆکەر . خاکی پیس نەکراوی‌دەوێ حاڵەتێکـــی دەوێ کە هیچ سنورێك بۆ سەربەستی‌یەکەی دانەنێ و وای بۆ چوبن کە بێگانە سوپاکەی‌و گەشتی‌گەلەکانـی ئەهێنێ بۆ سەر خاکی نیشتیمانی عەرەب سنوربـــۆ سەربەخۆیی دادەنێ ئەگەر فەدەخەی نەکات . کە لەبەری تێدەخات یان زەوتی دەکات‌و .. سنور بۆ سەربەستی مرۆڤی عەرەبی دادەنێ . سنور ئـــەخاتـــە بە ردەم تێکۆشانتان ، مەڵێن ئەمانە چەند مەسەلەیەکی سادەن،

کاتێك حاکەکەتان بەنیتوی چەند بکەیەك‌و بـــەرێ‌و شوێنی باشکۆێتی‌و ڕێگادانی سوپایی دابەش دەکرێ بە چەند بەشێك . کاتێك دار بۆ یەکێك رادەوەشێنرێ دەبینین کەشی گەل دێتەو بنکەکە جموجوڵـــــــی تێدەکەوێ‌و . لە نێوان ئەوە داکە بێگانە لــــەدەرەوەی نیشتیمانی عەرەب بێت .. وەك عەرەب وازمان لێ‌بێنن خۆمان بەتەنیا جارەی گیرو گرفتەکانمان دەکەیـــــن‌و ناڕێك دەبین‌و ڕێك دەکەوین .. هتد .

ئەم مەسەلەیە تەنانەت لەحاڵەتی ناڕێکیشــــــدا نابێتە مایەی‌مەترسی دروست‌کردن لەبەر ئەم بەتەوەی عەرەبدا هەروەك ڕێوشوینی باشکۆێتی وبنکـــــــەو ڕێگاوان دەبێتە مایەی ئەمە .

برایەك بەســــەردار هات بۆ لامان بۆ بەغـــداو موناقەشەیەکی دوردرێژمان لەگەڵدا کرد وتی . مـــن چۆن دەتوانم ڕووبەڕووی ئەمەریکا بوەستم بەبـــێ بوونی سۆڤییەتی لەسەر حاکەکەم‌و چۆن ئەتوانـــــم ڕووبە ڕووی سۆڤییەتی بوەستم بەبێ بوونی ئەمەریکا لەسەر حاکەکەم .

پێمان وت ئێمە بەرەنگاری هێرشی ئەمەریکـــــا بووین‌و رازی نەبووین سۆڤییەت وەك بنکە لەســــــەر حاکەکەمان بێ‌و ئەو نموونانـــەمان بۆ باس کردکـــــە هێنامانەوە .

شاە بەتەنیا خۆی بەگژماندا نەدەهات . ئـــــەو لە جیاتی ئەمەریکا شەڕی لە گەڵدا دەکردین و ئەمەریکا پشتیەوە بوو . ئەمەریکا پێی لێنا کە لە پشت شاوە بوو . لە پەیوەندی کردن‌و لە ڕێگای تەیارەکانیانـــەوە کە باسمان کردن دەڵێین : بە هەڵەدا چووین‌و جارێکی تر دووبارەی ناکەینەوە . ئێمە لە دژتان بووین بـــەڵام ئێستا ئێمە نامانەوێ لە دژتان بـــین دەمانـــــەوێ پەیوەندیمان لە گەڵتاندا سروشتی بێ . هەندێ کەس کە هەمیشە مەبەستیانە باسی ئەم شتانە بکەن دەڵێن: صدام حسین ... بزانن صدام حســـین لە گـــــەڵ کیسنجەر یاخود بریجنسکی کۆبۆتەوە نازانم لە کوێ . لە سەر سنوری عیراق ئەردەن . ئەگەر بمانەوێ لە گەڵ بریجنسکی‌و کیسنجەر کۆببینەوە لە سەر سنورو بە دزی لە گەڵیاندا کۆ . نابینەوە بەڵکو لە بەغدا لــــە گەڵیاندا کۆدەبینەوە . بەڵام ئێمە نامانەوێ نە لە گەڵ کیسنجەرو نە لە گەڵ بریجنسکی کۆببینەوە لە بـــەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن .. بەم برایەم وت . پێمان وت ئێمە شەڕمان لە گەڵ ئەندامێکی پەیمانی سەنتۆ کردو ئەمەریکا ڕاستەوخۆ لە پشتیەوە بوو . هاوارمان نەکردو لە نەتەوە یەکگرتوەکانیش شکاتمان نەکردو بــە خەیاڵماندا نەهات کە ئەوەی بە گژ ئەوانەدا دەچـــێ کە لە جیاتی ئەمەریکان دەبێ سۆڤییەتی بن بەڵکو یەکەم عیراقی بن چونکە لە باری جوگرافیاوە لە ســــەر خاکی عیراقەو عەرەبەکانیش دەیان توانی یارمەتیمان بدەن . سۆڤییەت وەك دۆست پێویست بوو لـــــە سەریان تەنیا چەکمان دەێ وببینی چۆن شەڕ دەکەین و چۆن بە گژ دوژمندا دەچن . ئەوە بوو بە کردەکی بە باشی شەڕمان کرد هەرچەندە هەندێ جـــۆری تفاقو ازوقە . لەو زروەدا بـــڕیا . ئەوەبـــــوو دەست‌پێشکەری‌یەکەی سەرۆك بومیدیـــەن خـــــوا لێ‌ی‌خۆش‌بێ هانەئاراوەو وتی : ئێوە دێن بۆ کۆنگرەی ئۆبێك لە جەزایرو ڕاتان چی‌یە کە ڕاستەوخۆ لە گـــەڵ شای ئێران بە یەك بگەن ؛ بە نوێنـــــەری ســــەرۆك بومیدیەم وت خوا لێ‌ی خۆشـــب بێ ئایا ئەمـــــە دەست‌پێشکەری ئێران دەکرێ وتی : نەء . پێم وت بە سەرۆك بومیەبەن بڵێ لە ئێرانی‌یەکان بگەیەنـــێ کە ئەمە لە ئێمەوە نی‌یە لە گەڵ ئەمەشدا ئەگەر ئارەزوی بە یەك گەیشتنی بکەن لە جەزایر ئەوا ئێمە ئامادەین‌و بە یەك‌گەیشتنەکە لە جەزایر بوو نەك لە سەر ســـنور لە جەزایر لە بەردەم هەواڵ‌و کامێراو روناکی گلۆپـــــدا بە یەك گەیشتنەکە بوو .. دڵنیا بن ئەگەر چەك‌و تفاقی تەواوەتیمان هەبایە تا وەی ئەمرۆ هەر شەڕمان لـــــە گەڵ شاە دەکرد بە بێ ئەوەی لە جەزایر یان لـــــە شوێنێکی‌تر لە گەڵیدا بەیەك بگەین ، چونکە ئـــــەو دەست‌درێژکار بوو ، دەست‌درێژکەریش دەبێ بـــــە دوای دەربازبوون لە دەست‌درێژی‌یەکەیدا بگـــەڕێ ، ئەوی بە دەستی خۆی گیرو‌گرفتی خۆی چارەســـــەر نەکات کەس نادۆزێتەوە کە بۆی چارەسەر بکات .

برایانی عەرەب ... کاتێك دووچاری مەینەتی‌یەك دەبن یاخود ئاڵۆزی‌یەکتان دێتە بەردەم بە تایبەتـــی لە مەسەلەی سەربەخۆیی سەربەرزی‌و شـــەرەفدا پێویستە تەنیا تەقەللاو کۆششی عەرەبتان لە بیر بێ..

لە جیاتی کەس
شەڕ ناکرێ

ئەوەی وەك دۆست یارمەتیتان دەدات پێویستـــە لە بیرتان نەچێتەوە .. وا بزانم ساڵی ٧٢و دوای ئەوەی سادات سپۆڕەکانی سۆڤیی دەرکـــرد هەنـــدێ ڕۆژنامەنووسی لوبنانی دەربارەی کۆششی سۆڤێتـــی کە پێویستە بۆ رزگار کردنی فەلەستین بدرێ پرسیاریان لێ‌کردم وتم ئەم پرسیارە ڕەوا نی‌یـــەو رازی نابـــین پێی .

پێویستە پرسیارەکە بگۆڕێ بۆ ئەوەی بپرسرێ ئەو کۆششە کامەیە کە عەرەب بیکات بۆ ئەوەی فەلەستین رزگاری بێ .. سۆڤییەت دۆستە لە چوارچێوەی ڕێوشوێنی دۆستایەتی نێودەوڵەتاندا کە ئێوە دەیزانن واتە وەك ئەو دۆستایەتی‌یە نیە کە لە گەڵ ئەو برادەرە هەمە کە لەلای راستمەوەیە .. کە لە ناخۆشیدا لــــە گەڵی دەبم هتد .. وەك هاوکاری‌یەکی برایانــــەی مرۆڤایەتی هتد . بەڵکو ڕێ‌و شوێنی بە یەك گەیشتنی ستراتیج‌و سودو قازانجەکان وپێم وت سۆڤییەت تەنیا

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری وبلاوكردنەوەی كوردی
بەڕێوەبەری گشتی و
سەرنووسەر
اسماعیل رسول

● دووشەممە ١٤ی نیسان ١٩٨٠ ژمارە ٥٢١ ●

شەقامی الجمهوریە
مەیدانی الخلانی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوكاری

التضامن

رۆژنامەیەكی هەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

● الاثنین ١٤ نیسان ١٩٨٠ العدد ٥٢١ ●

ئەوەی دوژمنایەتی لەگەڵ عێراق و نەتەوەی عەرەبدا بكات بەردەوام نوكی رمێكی تیژین بۆ جەنگان لەگەڵ سەرفرۆشدا .

سەرۆكی فەرماندە
صدام حسین

سەرۆكی فەرماندە هەڵویستی بەباوەڕی عیراق بەرامبەر باری ئەفغانستان وناوچەكە دووپات دەكاتەوە

بەڕێز سەرۆك صدام حسین لە بارەگای تایبەتی خۆی لە كۆشكی كۆماری سەرلەئێوارەی رۆژی شەممەی رابوردوو پێشوازی بەڕێز شا محمد دۆست وەزیری دەرەوەی ئەفغانستانی كردووە .

بەڕێز سەرۆك لە چاوپێكەوتنەكەدا ئەوەی دووپات كردۆتەوە كە هەڵویستی عیراق لە بیروباوەڕەوەیەو ئاشكرایە كە زیاد لە جارێك دەربارەی ئەفغانستان دووپاتی كردۆتەوە وەلە ناوچەكەدا بەشێوەیەكی گشتی. لە چاوپێكەوتنەكەدا بەڕێز حامد علوان وەزیری دەوڵەت بۆ كاروباری دەرەوە وەكیلی وەزیری دەرەوە وبەڕێز هەڵسوڕێنەری كاروباری باڵوێزخانەی ئەفغانستان لە بەغدا ئامادە بووە .

دەوڵەتانی عەرەب وجیهان فەرمانڕەوایانی فارس ئاگادار دەكەنەوە لە ئەنجامی شەڕفرۆشتنی بە عیراق

پایتەختەكان – ١٢ – ئا. د. ع. ئاژانسەكان.

گۆڤاری ((المجالس))ی كوێتی باسی ئەم یاریەی ئێران لە شەڕ فرۆشتن بەعیراقدا واكردووە كە یاریەكی جەهەنەمی یە . هەروەها وتوویەتی .. ئەممە دوا داهێنانو دۆزینەوەی سیاسەتی ئەمریكایەمو مۆدەیەكە لە مۆدەكانی. لەسەروتاری ئەم هەفتەیەیدا كە ئەمڕۆ دەرچووە وتوویەتی ..ئێران سەر بەستەڵە بیروباوەڕوهەڵوێستیداوە ئەو بەری مافی هەیە لە مومارەسەی یاری بەهلەوانیدا بەڵام مافو سەربەستی نامێنی كەشێتێتی وای لێبكات دەست لە چارەنووسی عەرەبی بدات.

● وەلە نیودەلهی رۆژنامە هندستانیەكان فەرمانڕەوایانی ئێرانیان ئاگادار كردۆتەوە لە یاریكردن بەناگرو وهەوڵدانیان بۆ بەگژدا چوونی شۆرشی عیراق . لەم بارەیەوە رۆژنامەی «میلاب» وتوویەتی .. وا دیارە فەرمانڕەوایانی ئێران فێری ئەوە نابن بیر لە بەرژەوەندی وڵاتەكەیان بكەنەوە رۆژنامەی میلاب شەڕ فرۆشتنی ئێران بە عیراقی وا ناوبردووە كە دوور ئەبینی و شێتێتی فەرمانڕەوایانی ئێستای ئێران نیشان دەدات و وتوویەتی .. وا دیارە ئێران بەرەو ماڵوێرانیەكی تەواو هەنگاو دەنێت .

وەلە پاریس گۆڤاری « جون افریك »ی فەرەنسایی ئەمڕو ئەوەی دووپات كردۆتەوە كە ئەو كارە تاوانكاریانەی بە كرێگیراوەكانی رۆژنامەكە ئەوەی دەستنیشان كردووە كە فەرمانڕەوایانی تاران ئەم كارە تاوانكاریەیان بۆیە هەڵبژاردووە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە رەگەز پەرستیەكەیان . وە ئەوەشی دەستنیشان كردووە كە عیراق لەمەوبەر تاكو ئێستا رەفزی داگیركردنی ئەو سێ دوورگەیە دەكات كە ئێران لە ساڵی ١٩٧١دا داگیری كردوون هەروەك عیراق رەفزی ئەو چەوساندنەوەیە دەكات كە بەرامبەر عەرەب و كورد لە ئێراندا دەكرێت .

ئەو كارەی رژێمی ئێران لەم دوایەدا دژی جەماوەری قوتابیان لە عیراق كردیان هەستی دوژمنایەتی و رەگەزپەرستی بەرامبەر نەتەوەی عەرەب و بزوتنەوەی بەعسی نیشان دەدات .

پارێزەرانی سودان ستایشی بەیاننامەكەی بەڕێز سەرۆك صدام حسین دەكەن

بەڕێز مصطفی عبدالقادر محمد جێگری سكرتێری نقابەی پارێزەرانی سودانیەكان و نوێنەری بۆ كۆنگرەی میللی عەرەب ئەوەی دووپات كردۆتەوە كە راگەیاندنە نەتەوایەتیەكەی بەڕێز سەرۆك صدام حسین سەركەوتنێكی نوێیە دەخرێتە سەر مێژووی تێكۆشانی گەلان لە عیراقدا . لەو گفتوگۆیەدا كە ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لەگەڵیدا كردووەو وتوویەتی .. بیروباوەڕەكانی بەیاننامەكە حراوەتە بەر لێكۆڵینەوەو گفتوگۆوە لە ناو كۆڕی پارێزەراندا بەتایبەتی رۆشنبیرەكان و پێشەوایانی گەلی سودان ، سەرجەمی ئەو كۆڕانە بەتەواوی لایەنگیریان نیشان داوە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی لە بەیاننامەكەدا باس كراوە .

هەروەها وتوویەتی . . بەم بۆنەیەوە دەبێت ئەوە بڵێین كە لایەنگیری میللی لە كۆنگرەكەدا وێنەیەكی زیندووی نەتەوەیی بووە بۆ ئەو بیروباوەڕانە .

بەڕێز جێگری سكرتێری نقابەی پارێزەرە سودانیەكان سڵاوی پێشكەشی بەڕێز سەرۆك صدام حسین و سەركردایەتی حزب و شۆرش كردووە بۆ ئەم دەستپێشكەریە مەزنە .

هەروەها وتوویەتی : بەیاننامەكە قۆناغێكە دەبێت برایانی عەرەبی لە هەموو وڵاتاندا تێدا بەیەك بگەن ، وەجەماهیر سودانمان باوەڕی هەیەو بە توندی لایەنی برایانی عیراق دەگرێت و وەباوەڕێكی تەواوی هەیە بەوەی عیراقی شۆرش توانایەكی شۆرشگێرانەو تێكۆشانی وای هەیە كە بەس بێت بۆ ئەوەی هاوولاتیانی عەرەب نخاتە هەڵوێستێكی راستەقینەوە .. ئێمە لەم مەنتیقەوە باوەڕمان هەیە كە هاوولاتیانی عەرەب دەبێت بنە كۆڵەكەیەكی راستەقینە بۆ هەموو كارێكی نەتەوەیی لە رێگای دووپات كردنەوەی مومارەسەی دیموكراتیەوە .

وەداوای كردووە كە بە توندی دژی هەموو پیلان و نەخشە خۆبەدەستەوە دەرێكان و كامب دیڤدو ئەوەی پێ دەڵێن حوكمی زاتی و بوونی بێگانە رابوەستن ئەوەشی دووپات كردۆتەوە كە پێویستە بەرەیەكی فراوان بەستێكی گەورە بەرووی هێزی شەڕخوازی و دوژمنایەتیدا رابوەستێت كە پیلان دژی نەتەوەی عەرەبمان ساز دەكات .

– تاران –

چەند كردارێكی پاڵەوانانە دژی دەزگاكانی رژێمی خومەینی

ناوچەی عەرەبستان لەماوەی چەند رۆژی رابوردوودا زنجیرە یەك كاری سەربازیی شۆرشگێری دژی دەزگاو پیاوەكانی رژێمی خومەینی تیادا روویداوە كە بۆتە مایەی وێران كردن و تێكدانی گەلێك دەزگای ئابووری و كوشتن و بریندار كردنی پیاوەكانی خومەینی رەگەز پەرست وئەم كارانە رژێمی ئێرانی توقاندووە .

كۆمەڵێك لە لاوەكانی حەوتی نیسان لە شەشی ئەم مانگەدا چەند بۆمبایەكی میقات گراویان لەژێر بۆریە نەوتەكانی نێوان ئەهوازو دوروخێندا داناوە ، تەقینەوەی ئەم بۆمبایانە بۆتە مایەی شكاندنی بۆریكا نەوت و غاز وئاگرتێبەر بوونیان لە هەمان كاندا بۆتە هۆی ئەوەی پلەی دالەوگاكانی عەبەدان بەرهەمیان لە (٥٨٠) هەزار بەرمیلەوە بێتە (٣٩٠) بەرمیل نەوت لە رۆژێكدا ئەوی شایانی باسە ئەم بۆریە نەوتانە وغاز دەگوێزنەوە لە مزگوتی سلێمانەوە بۆ عەبەدان و مەعشور ، هەروەك كۆمەڵێكی تر لەلاوە عەرەبەكان لە ناوچەی عەرەبستان لە هەمان رۆژدا هێرشیان كردۆتە سەر بازاری جوتیاری كە رەگەز پەرستەكانی فارسی تێدا كۆ دەبنەوەو دەستیان بەسەر هەموو دووكانو بازارەكاندا گرتووە كەڵوپەلی زۆر لە دوكانی فارسەكانیان فڕێداوەتە ناو ئەو رووبارەوە كەلێیانەوە نزیكە . وەلە رۆژی چواری ئەم مانگەدا كۆمەڵێك لەلاوەكانی عەرەبستان چەند بۆمبایەكیان ناوتە ژێر بۆری غازی نێوان عەبەدان و بەندەری شاپورەوە كە تەقینەوەیان بۆتە هۆی شكاندو گرتێبەر بوونی بۆریكە .

وەلەرۆژی شەشی ئەم مانگەدا كۆمەڵێك لە لاوەكانی عەرەبستان لە ناوچەی عەرەبستان بۆمبایەكیان خستۆتە ژووری وەرگرتنی تەلەفزیونیەوە تەقینەوەی بۆمباكە بۆتە هۆی تێك و پێكدانی تەواوی ئامێرەكان وە لەرۆژی پێنجی ئەم مانگەدا كۆمەڵێك لە كرێكارانی عەرەب لە بەردەم كۆمپانیای « تیرد »دا خۆنیشاندانێكیان كردووە كە دەكەوێتە نێوان ئەهوازو محەممەرەوە بۆنیشاندانی نارەزایی خۆیان بەرامبەر ئەو كردارە نابەجێیانەی بەڕێوەبەرایەتی ئەو كۆمپانیایە دژی ئەو كرێكارانە كردوویەتی وەكرێكارانی عەرەب لەگەڵ پاسەوانەكانی خومەینیدا بەیەكیاندا داوە .

وەلە رۆژی دووهەمینی ئەم مانگەدا كۆمەڵێك لە لاوەكانی عەرەبستان چەند بۆمبایەكیان خستۆتە ژێر بۆری ئەو ئاوانەوە كە ئاودەبات بۆ جێگانەوتێكانی شاری ئەهواز تەقینەوەی ئەو بۆمبایانە بۆتە هۆی شكاندنی ئەو بۆریانە . وە كۆمەڵێكی كەش لەلاوەكانی عەرەبستان لوغمێكی دژ بە ئالیاتیان لە ناوچەی (وەهرلان) حەشار داوە لوغمەكە لەژێر ئۆتومبیلێكی سەر بازیی ئێرانیدا تەقیوەتەوەو بۆتە هۆی كوشتنی پێنج نەفەر لە پاسەوانەكانی خومەینی لەناو ئەوانەدا دوو ئەفسەری سێ نەجمەی تێدا بووە لەگەڵ بریندار كردنی دووكەسی كەش . لەهەمان رۆژدا كۆمەڵێكی كەش بۆمبایەكی مقات كراویان لە كارگەیەكی خاوی حازر بەدەستدا داناوە كە دەكەوێتە نزیك شاری ئەهوازەوە تەقینەوەی بۆمباكە بۆتە هۆی تێكدانی بەشێك لە كارگەكەو ئەو شمەنەفەرانەی بەرهەمی كارگەكە دەگوێزنەوە بۆ ئەهواز .

وەلەرۆژی پێنجی هەمان مانگدا بۆمبایەك لە شاری مەحمەرە بە ئۆتۆمبیلێكدا دراوە تەقینەوەی ئەو بۆمبایە بۆتە هۆی كوشتنی پێنج كەس لەفارسە رەگەز پەرستەكان و بریندار بوونی چەند كەسێكی تر .

● هێرشی سەركوت بەردەوامە ..

وەلەلایەكی ترەوە كار بەدەستە رەگەز پەرستە ئێرانیەكان بەردەوامن لە هێرشی سەركوت كەری و تاوانباریدا دژی گەلی عەرەب لە عەرەبستاندا لە هەوڵو تەقەللایەكی بێزاریدا بۆ كەم كردنەوەی تێكۆشانی جەماوەری گەلی عەرەبستان لە پێناوی مافو سەربەستی خۆیدا . هەندێ كەسی سەر بەخومەینی لوغمێكی لە ژێر ئۆتۆمبیلێكی هاوولاتیەكی عەرەبدا داناوە لە محەمەرە شەهید بوونی ئەو بێتاوانانەی لەئۆتۆمبیلەكە دابوون كەئەوانیش بریتی بوون لە حسین احمدو لطیف یاسر و كریم یاسر . هەروەك تەقینەوەی لوغمەكە بۆتە هۆی بریندار كردنی چەندەها وولاتیەكی عەرەب. جەماوەری تەلەكەمان لەمحەمەرە ئەوەی دووپات كردۆتەوە كە تۆڵەی ئەوخوێنە بێتاوانانە دەستێنێت كە بەدەستی رژێمی خومەینی رەگەز پەرست رژاوە .

عیراقی تەنیا وڵاتێكە ئەو پارەیەی بەخشیووە كە لە كۆنگرەی بەرزی تونسدا بریار درابوو

كوێت – ئا. د. ع .

رۆژنامەی ((الرای العام))ی كوێتی لەسەرچاوەیەكی لبنانی ئاگادارەوە ئەوەی گەیاندووە كە عیراق تەنیا وڵاتێكە لەناو وڵاتانی عەرەبدا كە بەشی یەكەمی ئەو پارەیەی بەخشیووە لەو یارمەتیەی كە لە كۆنگرەی بەرزی تونسدا بریاری لەسەر درابوو .

رۆژنامەكە لەو ژمارەیەیدا كە رۆژی پێنجشەممەی رابوردوو دەرچووە ئەوەی نووسیووە كە لبنان تاكو ئێستا ئەو یارمەتیانەی وەرنەگرتەوە كە لەو كۆنگرەیەدا بریاری لەسەر درابوو لەگەڵ ئەوەدا كە سێ مانگ بەسەر كاتی بەخشینی یارمەتیەكەدا تێپەڕ بوو ، وەدەستنیشانی ئەوەی كردووە كە دكتور سلیم الحص سەرۆكی حكومەتی لبنان نامە بۆ ئەو دەوڵەتە عەرەبیانە دەنێرێت كە تا ئێستا ئەو یارمەتیانەیان نەداوە .

فەرمانڕەوایانی تاران پێچەوانەی داخوازی خۆیانن

لە ژێر ناونیشانی (بۆچی ئێران دوژمنایەتی بەتین دەكا) رۆژنامەی ((العرب))كە لە شاری لەندەن دەر دەچێت رۆژی چوارشەممەسەر گوتارێكی نووسیوەو لەو گوتارەیدا وتوویەتی :

ئەگەر دەسەڵاتدارێتی تاران بەراستی دڵێیت كە ئەمریكا بڕیاری داوە جەنگی بەرامبەر بكات كەچی هەڵوێستی ئەو بەرامبەر عیراق كە دوژمنایەتیەكی نیجگار توندو تیژی لەگەڵ ئەمریكادا هەیە هەڵوێستێكە كەمترین شوڵی بەیەكەوە گونجانی تێدا بەرچاو ناكەوێت ، چونكە ئەو كارە لە مەنتیقەوە زۆر دوورە كە ئێران لە یەك وەختدا بەرەورووی ئەمریكا رابوەستێت وەلە هەمان كاتیشدا لەگەڵ عیراقدا كە ئاشكراو روونە هەڵوێستی بەرامبەر ئەمریكای دژ بە هەموو هیواوی گەلانی دنیا چۆنە .

ئەو رۆژنامەیە دیسانەوە پرسیاری كردۆتەوەو وتوویەتی :

چۆن دەتوانین بە دەسەڵاتدارێتی خومەینی بڵێین كە جەنگ لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریكاو ئیستیعمارو زایونیتی دا دەكات لە كاتێكدا هەتاكو ئێستا كە هەر خۆی داگیركەری سێ دورگە عارەبیێكەیە وەخواستی گەورە بونو تمساح كاریتی خۆی بەرامبەر خەلیجی عارەب و دەوڵەتەكانی ناشارێتەوە .

رۆژنامەی « العرب » ئەوەشی دەست نیشان كردووە كە دەسەڵاتدارێتی تاران پێویستی بە خۆراگرتن و پەشیمان بوونەوەیە لەو بۆچوونانەی كە بەرەو هەڵوێستی هەڵەی دەبات ، وەوابزانین زۆر زۆر پێویستی بەوە هەیە كە بە چاكی ئەوە پێ بزانێ كە ئاژاوە چاندن لە دەوڵەتەكانی هاوسێیدا لەژێر سایەو سێبەری ئەوەی پێ دەڵێت شۆرشی مسولمانێتی هەموو دەستكەوتەكانی بەپێچەوانەی ئەوەوە دەبێت كە چاوەڕوانی لێ دەكات .

رۆژنامەكە سەرلەنوێ ئەوەی دووپات كردۆتەوە كە فەرمانڕەوایانی تاران هەڵەیەكی تەواو دەكەن ئەگەر وابزانن كە بۆ ئاتێكیشی نەتەوەی عارەب پشتی كۆمەك لە عیراق بەردات ئەگەر تووشی هەر دەستێوەردانێكی كاروباری ناوخۆیی ببێت .

ئا. د. ع

مەسەلەی فەلەستین سەرلەنوێ لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتانی

واشنتۆن – ٨ – ئا. د. ع :

كۆمەڵەی عەرەب لە نەتەوە یەكگرتوكاندا لە كۆبوونەوەیەكدا كە لە نیورك شەوی رابوردوو كردوویانە بڕیاریان داوە كە باسی مافی گەلی فەلەستین لە خشتەی كاری ئەنجومەنی ئاسایش دەوڵەتاندا بهێلرێتەوە .

سەرچاوەیەكی ئاگادار لە بارەگای نەتەوە یەكگرتوكان لە نیورك وتوویەتی .. كە كۆمەڵەی عەرەب بڕیاری داوە كە دەستنووسی پرۆژەی بڕیارەكە لە هەفتەی رابوردوودا نووسینەوەی تەواو بووە نوێنەرانی عەرەب بڕیاریان لە سەرداوە لەگەڵ لیژنەی تایبەت بە مومارەسەی گەلی عەرەبی فەلەستین بە هەموو مافە چەسپاوەكانی .

هەروەها وتوویەتی . . بڕیارێكی تر دراوە بە پێویستی ئەوەی نوێنەرانی عەرەب رای خۆیان لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشدا دەربڕن بەتایبەتی نوێنەرانی ئەو دەوڵەتانەی كە هیچ بەیاننامەیەكیان بۆ ئەنجومەن سەبارەت ئەو باسە دەرنەبڕیوە .

Institut Kurde de Paris

دوو مەرسوومی كۆماری دەربارەی دامەزراندنی دوو سەرۆك بۆ تایەفەی یەزیدی وئەرمەنی ئەرسۆذۆكس

مەرسوومێكی كۆماری دەرچوو بە دامەزراندنی میر بایزید اسماعیل الاموی بە سەرۆكی تایەفەی یەزیدییە ئەمەوییەكان لە عیراقدا .

هەروەها مەرسوومێكی كۆماریی دیكە دەرچوو بە دامەزراندنی ئەرشمندێت آفاك ئاسكین سادۆریان كە عیراقییە بە سەرۆكی تایەفەی ئەرمەنی ئەرسۆذۆكس لە عیراقداو بۆ ماوەی چوار ساڵ .

دابەش كردنی دیاری یەكانی سەرۆكی فەرماندە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا

رۆژی چوارشەممەی رابوردوو ١٣٠ ماڵە جووتیاری گوندی (دێرەلوك)ی هاوچەرخ لە قەزای ئامێدیی سەربە پارێزگای دهۆك هەر بەكەو تەلەفزیۆنێكیان وەرگرت كە دیاریی سەرۆكی بەرێز صدام حسین بوون .

لە ئاهەنگێكی جەماوەریدا كە لە گوندەكەدا ساز دراو هاورێیان لێپرسراوان و رێكخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە قەزاكەداو ئەندامانی لقی یەكێتیی ناوچەیی كۆمەڵە هەرەوەزییەكانی جوتیاران ئامادەبوون ، بەرێز جەلال عبدالله قایمقامی قەزاكە دیارییەكانی سەرۆكی بەرێزی بەسەر ماڵە جووتیارەكاندا دابەش كرد .

ماڵە جووتیارەكانی گوندەكە رێزو سوپاسی بۆ دیاریو خەلاتەكەی بەرێز سەرۆكی فەرماندە دەربڕیو بەبمانیان پێدا هەمیشە بۆ پێشەوە بچی لە پێناوی پەرەوكردنی رێڕەوی شۆڕشە سەركەوتوەكەمان .

بە دابەش كردنی ئەم دیارییانەی سەرۆكی بەرێز ئەوا ژمارەی ئەو ماڵە جوتیارانەی كە ئەم دیارییەیان بەر كەوتووە گەیشتووەتە دوو هەزارو ٦٩ ماڵە جووتیار لە سەرجەمی سێ هەزارو ٦٢٤ ماڵە جوتیار كە لە یازدە گوندی هاوچەرخدا نیشتەجێن و بریار دراوە ئەم دیارییانەیان پێ ببەخشرێت .

● ٣١٤ ماڵە جووتیاری هەردوو گوندی تەلاچوالان و بارێزەی هاوچەرخی سەربە قەزای شارباژێر لە پارێزگای سلێمانی هەر یەكەو تەلەفزیۆنێكیان وەرگرت كە دیاریی سەرۆكی بەرێز صدام حسین)ە .

دیارییەكان بەرێز زهدی حمد محمد قایمقامی قەزای شارباژێڕ لە دوو ئاهەنگدا دابەشی كردن كە رۆژی پێنجشەممەی رابوردوو لە هەردوو گوندەكەدا سازدراو هاورێیان لێپرساوو ئەندامانی رێكخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و ئەندامانی لقی یەكێتیی ناوچەیی كۆمەڵە هەرەوەزییەكانی جووتیارەكان لە قەزاكەداو هاوولاتییانی هەردوو گوندەكە ئامادەی بوون .

ماڵە جووتیارەكانی هەردوو گوندەكە پێخوشحاڵیی و رێزلێنانی خۆیان بۆ دیارییەكانی سەرۆكی بەرێز دەربڕیو پەیمانیان تازە كردەوە بۆ پتەوكردنی رێڕەوی حزب و شۆڕشەكەمان و دەستكەوتە مەزنەكانیان .

بەمەوە ژمارەی ئەو ماڵە جووتیارانەی لە گوندە هاوچەرخەكاندان و دیارییەكانی سەرۆكی بەرێزیان وەرگرتووە گەیشتە ١٩ هەزارو ١٩٥ ماڵە جووتیار لە سەرتاپای پارێزگاكەدا .

سەرۆكەكانی تایەفە مەسیحی یەكان سوپاس گوزاری و رێزی خۆیان بۆ سەرۆكی فەرماندە دەردەبڕن

سەرۆكەكانی تایەفە مەسیحییەكان لە بەغدا سوپاس گوزاری و رێزی خۆیان بۆ سەرۆكی فەرماندە صدام حسین دەربڕی بۆ ئەو چاودێری و ئەو بایەخ پێدانەی بۆ هەموو تایەفە ئایینییەكان لە وولاتدا هەیەتی .

ئەوە لە برووسكەیەكدابروە كە بەبۆنەی جەژنی (فصح)ی پیرۆزەوە بۆ سەرۆكی بەرێزیان ناردووە . ئەمەی خوارەوەیش دەقی برووسكەكەیە :

ئێمە سەرۆكەكانی تایەفە مەسیحییەكان لە بەغدا هەست بە بایەخ پێدانی نوكایەتیتان و چاودێریی هەمیشەییتان دەكەین بەوەی دەبێتە هۆی سوودمان ئەوە برو بە بۆنەی جەژنی پیرۆزی (فصح)ەوە بە خشڕشتێكی نرێتان بە كلیساكانمان بەخشی . لە خودا دەپارێینەوە چاودێریی بەرێزتان و بەرێزان هاورێیان ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش بكات و دەستتان بگرێت بۆ بەردەوام بوونی كاری بەسوود بۆ قازانجی وولاتە ئازیزەكەمان و گەشەكردن و بەرزیی شكۆمەندی هەموو نەتەوەی عەرەب .

هەركەسێك سەر بە حزبی دەعوەی چڵكاو خۆر بێت و خیانەتی خاكی نیشتمان و بەرژەوەندییەكانی نەتەوەی عەرەبمان بكات لە سێدارە دەدرێت

ئەنجوومەنی سەركردایەتیی شۆڕش بڕیاری دا مادەی ١٥٦ی یاسای سزادان بەسەرئەو كەسانەدا جێبەجێ بكرێت كە راستەوخۆ سەر بە حزبی (دەعوە)ن یان ئەوانەی لە پێناوی بەدیهێنانی نەخشە چڵكاو خۆرییەكانیدا كار دەكەن لە ژێر پەردەو ناوی دیكەدا ئەویش لەبەر ئەو پەیوەندییەی حزبی ناوبراو بە بێگانەوە هەیەتی و لەبەر خیانەتكردنی خاكی نیشتمان و ئامانج و بەرژەوەندییەكانی نەتەوەی عەرەبمان .

بەپێی دەسەڵاتی برگە (ا)ی مادەی چل و دووی دەستووری كاتی ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش لە كۆبوونەوەی رۆژی ٣١-٣-١٩٨٠دا ، ئەمەی خوارەوەی بڕیار دا :

لەبەر ئەوەی رووداوەكانی لێپرسینەوەو بەدادگادان بە بەڵگەی ئەوتۆ ئەوەیان چەسپاند كە حزبی دەعوە حزبێكی چڵكاو خۆری سەر بە بێگانەیەو خیانەتی خاكی نیشتمان و ئامانج و بەرژەوەندییەكانی نەتەوەی عەرەبی كردووەو ، بە هەموو هۆیەكەوە هەوڵی ئەوە دەدات رژێمی فەرمانڕەوایی كردنی گەل لەناو بەرێت و بەرەنگارییەكی چەكدارانەی شۆڕشی (١٧)ی تەمووز بكات .

لەبەر ئەوە ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش بڕیاری دا دەسەڵاتی مادەی (١٥٦)ی یاسای سزادان بەسەر ئەو كەسانەدا جێبەجێ بكرێت كە راستەوخۆ سەر بەو حزبەن یان ، ئەوانەی لە ژێر پەردەو ناوی دیكەدا بۆ وەدیهێنانی نەخشە گڵاوەكانی كار دەكەن .

ئەم بڕیارە بەسەر ئەو تاوانانەدا جێبەجێ دەكرێت كە بەر دەرچوونی ئەم كراون و بڕیار نەدراوە بخرێنە بەردەم دادگای تایبەت .

صدام حسین
سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش

ئەوەی شایانی باسە مادەی (١٥٦)ی یاسای سزادان بەم جۆرەی خوارەوەیە :

هەر كەسێك بە ئەنقەست كارێكی ئەنجامدا بە مەبەستی زیانگەیاندن بە سەربەخۆیی وولات یان یەكێتیی یان سەلامەتی خاكەكەی و ئەو كارە بەبەریەوە بوو ببێتە هۆی ئەوە ئەوا بە لە سێدارەدان سزا دەدرێت .

ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش بڕیاری دا سلفەی ژن هێنان فەلەستینی یەكان بگرێتەوە

ئەنجوومەنی سەركردایەتیی شۆڕش رۆژی پێنجشەممەی رابوردوو بڕیاری دا ئەوەدا ئەو فەلەستینییانەی لە داموودەزگاكانی دەوڵەت و هەردوو كەرتی سۆشیالیستی و تێكەڵدا كار دەكەن سلفەی ژن هێنان بیانگرێتەوە كە لە بڕیاری ئەنجوومەنی ژمارە (١٥١٧)ی رۆژی ١٢-١١-١٩٧٩دا هاتووە .

ژمارەی بڕیار : ٥١١

بەرواری بڕیار : ١٠-٤-١٩٨٠ .

بەپێی دەسەڵاتی برگە (ا)ی مادەی چل و دووی دەستووری كاتی ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش لە كۆبوونەوەی رۆژی ١٠-٤-١٩٨٠ ئەمەی خوارەوەی بڕیاردا :

١ ـ ئەو فەلەستینییانەی لە دام و دەزگاكانی دەوڵەت و هەردوو كەرتی سۆشیالیستی و تێكەڵدا كار دەكەن سلفەی ژن هێنان بیانگرێتەوە كە لە بڕیاری ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕشی ژمارە (١٥١٧)ی رۆژی ١٢ - ١١ - ١٩٧٩دا هاتووە .

٢ ـ وەزیرە پەیوەندیدارەكان جێبەجێ كردنی ئەم بڕیارەیان دەكەوێتە ئەستۆ .

صدام حسین
سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش

هەروەها لە بڕیارێكی تردا بڕیاری دا ئەو شت و مەكانەی لە كۆگای بەرهەمەكانی دەزگای رۆڵەكانی شەهیدانی فەلەستین (صامد) دەفرۆشرێن باجی داهات و قیودی تایبەتیی پارەناردنە دەرەوەیان لەسەر هەڵگیراوە.

ئەمەیش دەقی بڕیارەكەیە:

ژمارەی بڕیار : ٥١٣ .

بەرواری بڕیار : ١٠-٤-١٩٨٠ .

بەپێی دەسەڵاتی برگە (ا)ی مادەی چل و دووی دەستووری كاتی ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش لە كۆبوونەوەی رۆژ ١٠-٤-١٩٨٠دا ئەمەی خوارەوەی بڕیاردا :

١ ـ ئەو شت و مەكانەی لە كۆگای بەرهەمەكانی دەزگای رۆڵەكانی شەهیدانی فەلەستین (صامد) دەفرۆشرێن باجی داهات و قیودی تایبەتیی پارە ناردنە دەرەوەیان لەسەر هەڵگیراوە.

٢ ـ وەزیری بازرگانی و وەزیری دارایی جێبەجێ كردنی ئەم بڕیارە دەگرنە ئەستۆ .

صدام حسین
سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش

وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن چاوی بە ژمارەیەك لە شاعیرە میللی یەكان دەكەوێت

بەرێز اطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن نیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممەی رابوردوو چاوی بە ژمارەیەك لە بەرێزان ئەندامانی كۆمەڵەی شاعیرە میللییەكان كەوت لە پارێزگاكاندا :

لە چاوپێكەوتنەكەدا باسی پێداویستییەكانی میهرەجانی شیعری میللی وولات كرا كە لە بیستویەكی ئەم مانگەدا بەبۆنەی یادی سی و سێهەمین ساڵەی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە دەگێڕرێت.

شاعیرەكان كۆمەڵێك هۆنراوەی میللییان پێشكەش كرد تیایدا ریزیان لە سەرۆكی فەرماندە صدام حسین نا .

هۆنراوەی شاعیرەكان دووپاتی پشتگیریی گەلان لە سەركردایەتییە نەبەزو ئازاكەیان دەكردەوە لەگەڵ بەرەنگاری كردنی هەموو ئەو پلانانەی دژی گەل و نەتەوەكەمان ئەنجام دەدرێن .

بەكەم میهرەجانی رۆشنبیری كوردی

سێ شەممەی رابردو چەند لیژنەیەكی لقی بۆ راپەراندنی كاروباری یەكەم میهرەجانی روشنبیری كوردی لە دەزگای روشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردیدا پێكهاتن كە بریتین :

١ ـ لیژنەی ربك خستن و سەرپەرشتی مەركەزی .

٢ ـ لیژنەی پێشوازی و ئامادەكردنی شوێنی میوانەكان .

٣ ـ لیژنەی سەرپەرشتی گواستنەوەو هاتوچۆ .

٤ ـ لیژنەی كورە روشنبیریەكان .

٥ ـ لیژنەی راگەیاندن .

٦ ـ لیژنەی سەرپەرشتی هونەری .

٧ ـ لیژنەی سەرپەرشتی پێشانگای كتێبی كوردی .

٨ ـ لیژنەی میوانداری .

٩ ـ لیژنەی پێشكەش كردنی بەرنامەی میهرەجان .

بەرێز بەڕێوەبەری دەزگا كۆبوونەوەیەكی فراوانی لەگەڵ ئەندامانی لیژنەكاندا كردو راسپاردەی پێویستی دەست كردن بەكارو بواری بێ راگەیاندن .

ئەوەی شایانی باسە یەكەم میهرەجانی رۆشنبیری كوردی لە ٢٠ ئەم مانگەدا الالاین دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەدی كوردی لە شاری هەولێر ساز دەكرێت ژمارەیەكی زۆر لە رۆشنبیرو نووسەرو ئەدیبانی كورد بەشداری تیا دەكەن و نومایشێكی گەورەی رۆشنبیری دەبێ .

اعلان

وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن

كتێبی :

((الیشن))

چیرۆكی جمعه اللامی

بەشی یەكەمی ئەم كۆمەڵە چیرۆكە باسی ژیان و تێكۆشان دەكات .. پاڵەوانەكانی نموونەیین رێگای مردن و قوربانیدان بە تاكە رێگای بەرەنگاری كردنی جەورو ستواندنی و ستی مرۆڤایەتی دەزانن . لە بەشی دووەمی چیرۆكەكانیشدا پاڵەوانەكان لە پێناوی ژیان و پاشەڕۆژدا كۆشش دەكەن .

كەوتە بازارەوە ..

دابەش كردنی :

الدار الوطنیة للتوزیع والاعلان ـ بغداد

میهرەجانی وەرزشی ی قوتابخانەكانی سلێمانی

حمه سعید حمه كریم — پ. هاوكاری لە سلێمانی

● هەفتەی رابوردوو لەژێر چاودێری بەرێز ارشد احمد محمدا بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی میهرەجانی وەرزشی قوتابخانەكانی ناوەندی و سانەوی سازكرود سەرەتا میهرەجانەكە بەرێ رەوی تیپی وەرزشی قوتابخانەكان دەستی پێ كردوو ئینجا لە هەموو سەرانسەری یاری گاكەدا كەیاری گای سلێمانی گشتی بوو هەموو جۆرە یارییەكان دەستی پێ كراو ماوەی نزیكەی دوو سەعات و نیوی خایاندو بە شێوە یەكی گشتی میهرەجانەكە زۆر رێك و پێك ورازاوە كاربەدەستانی بەڕێوە بەرێتی چالاكی وەرزش ئەركو هەوڵێكی چاكیان لە گەڵدادابوو ئەنجامی بردنەوەو سەركەوتنی تیپەكان لە میهرەجانەكەدا بەم شێوەی خوارەوەبوو .

لە ئەنجامی رۆیشتن و رێك و پێكی ناو ساحەدا لە قوتابخانەكانی سانەوی كچاندا سانەوی خانزاد یەكەم بوو ، سانەوییەكانی كوڕان سانەوی ئەزمر یەكەم بوو ، لە قوتابخانەكانی ناوەندی كوڕاندا ناوەندی سیروان یەكەم بوو .

ئەنجامی بردنەوەی هەموو میهرەجانیش بۆ قوتابخانە ناوەندییەكانی كوڕان بەر قوتابخانەی ناوەندی سیروان ی كوڕان كەوت كەلە هەموویان خاڵی زیاتری بەدەست هێنابوو . سانەویەكانیش ئامادەیی سلێمانی كوڕان بوو وەلە ناو قوتابخانەكانی كچانیش دا یانەی مامۆستایان یەكەم بوون پاڵەوای ساحە لە قوتابیەكانی كوڕاندا قوتابی سەردار جەمال بوو لە سانەوی هەڵكەوت و لە قوتابیانی كچانیشدا قوتابی صبیحه محمد علی بوو لە یانەی مامۆستایان .

● ئەوەی شایانی باسە لە كۆتایی میهرەجانەكەدا بەرێز پارێزگاری سلێمانی دیاری و خەڵاتی دابەش كرد بەسەر قوتابخانە و قوتابییە یەكەمە كاندا و نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلەمپی و یەكیەتی ساحەو مەیدانی سلێمانی خەڵاتیان تەرخان كرد بوو بۆ هەموو ئەو قوتابیانەی كە پاڵەوانی ساحەو بەكەم بوون و رەقەمی قیاسیان شكاند بوو.

● ئەم میهرەجانە میهرەجانێكی ساڵانە یەو هەموو ساڵێك لەم كاتەدا بەرێوە بەرێتی چالاكی وەرزش و دیدەوانی لە پەروەردەی سلێمانیدا سازی ئەكات و ئەوەی ئەمساڵ جیاوازی بووبێ لە نێوان ساڵانی پێشودا ئەوە بوو كە قوتابخانەكانی قەزاو ناحیەكانیش هاو بەشیان تیاكرد برو . كە ئەم هاو بەشی یە هاندانێكی چاكە بۆ پێش كەوتن و بوو ژاندنەوەی رۆحی وەرزش لەو جێگایانەدا . ئێمەش داوای سەركەوتنی زیاتر یان بۆ ئەكەین .

كورتە هەواڵ

● بەبۆنەی حەوتی نیسانەوەرۆژی لە دایك بوونی حزب لە هەولێر دوو هەزارو سێ سەد ۃڵانمی گوێزرانەوە بۆ رێكخراوی نەوجوانان ئەویش لە ئاهەنگێكدا بوو كە لە بارێگای بەڕێوەبردنی ناوچەیی سازدراو هاورێ علی حسین ئەمینداری نهێنیی سەركردایەتیی لق و بەرێزان مینان پۆلس ئەندامی نووسینگەی سكرتاریەتی رێكخراوی یەكێتیی لاوانی عیراق لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی و خلیل حمد امین ئەمینداری نهێنی ئەنجومەنی باسادانانی ناوچەكە .

● بەبۆنەی یادی سی و سێهەمین ساڵی دامەزراندنی حزبەوە لە پارێزگای سلێمانی بەرێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی پێشانگایەكی بۆ هونەرەكان كردەوە كە سانەوەی فریشتەی كچان پێكی هێنا بوو ، لە كاتی كردنەوەی پێشانگاكەدا هاورێ عبدالرزاق فارس ئەندامی نووسینگەی رێكخراوی باكوور ئەمینداری نهێنیی سەركردایەتیی حزب لقی سلێمانی و هاورێیان ئەندامانی لق ئامادە بوون .

● لە پارێزگای دهۆك یەكێتیی گشتیی لاوانی عیراق لقی دهۆك ئاهەنگێكی هونەریی لە هۆلی ئامادەیی كاوە پێك هێنا قایمقامی قەزاكەو هاورێ حكمة الطعان نوێنەری سەركردایەتیی حزب لقی دهۆك و هاورێیان ئەندامانی لق ئامادەی بوون ، ئەم ئاهەنگەیش بە بۆنەی سی و سێهەمین ساڵی دامەزراندنی حزبەوە بوو .

● ئەمینداریەتی گشتیی بەڕێوەبردنی پەروەردەو فێركردنی بالالە ناوچەی ئۆتۆنۆمی پێشانگایەكی فۆتۆگرافی لە پارێزگای سلێمانی پێك دەهێنێت سێ رۆژدەخایەنێت و پەنجا تابلۆی فوتابخانەی میللی و ئەنجامی مەوداكانی هەڵمەتی نیشتمانیی فراوان بۆ بەزۆر نەهێشتنی نەخوێندەواری و فوتابخانەی میللی و ئەنجامە فراوان بۆ بەزۆر نەهێشتنی نەخوێندەواری و قوتابخانەی میللی و ئەنجامە باش و شارستانییەكانی پێشان دەدات ..

بڕوانە ل : ٧

ئاهەنگێك بە بۆنەی جەژنی دارودرەختەوە لە سەرچنار

بەبۆنەی جەژنی دارودرەختەوە رۆژی ١ی نیسانی ١٩٨٠ لە هاوینەهەواری سەرچنار لە پارێزگای سلێمانی بەڕێوەبەرێتی دارستانی پارێزگا ئاهەنگێكی سازكرد .

لەم ئاهەنگەدا بەرێزان نوێنەری پارێزگاری سلێمانی كاك بهجت عزت لەگەڵ بەڕێوەبەری دارستان و بەڕێوەبەری ناحیەی سەرچنارو میوانێكی زۆر ئامادەبوون .

سەرەتا لە لایەن بەڕێوەبەری دارستانەوە وتارێك بەم بۆنەیەوە خوێنرایەوە تیایدا دەستنیشانی كەڵكەكانی دارو درەختی بەوە كرد كە بەكار دەهێنرێت بۆ چەندەها پیشەی جۆربەجۆر وەك كاغەزو تەختەو داودەرمانی پزیشكی و سوتەمەنی و ئامێری كنست وكاڵی جۆر بەجۆر ، جگە لەوەش زەویی و رار بەپیت دەكات و رەشەباو تۆز كەم دەكاتەوەو ئاو وهەوا جوان دەكات و باران زۆر دەكات و لافاو كەم دەكاتەوە ... هتد . بەم بۆنەیەوە داوای لە جەماوەران دەكرد كە منداڵەكانیان فێری خۆشەویستی دارو درەخت بكەن و لە بڕین و سوتانیان بپارێزن هەروەها داوای دەكرد كە هەوڵی ئەوە بدرێت ژمارەی دارو درەخت لە پارێزگاكەماندا زۆرتر بكرێت وچەشنەكانیان چاكتر بكرێت .

شایانی باسە ئێستا پانتای ئەو زەویانەی لە پارێزگای سلێمانیدا دارو درەختی تیادا روێنراوە زیاتر لە (٢٥) هەزار دۆنمە سەرباری ئەوەش هەوڵی چاك كردنی سەد هەزار دۆنمی سروشتی دەدرێت و ئێستاش هەر لەم لەم پارێزگایەدا نزیكەی (٤) هەزار دۆنم لە جێگا شاخاویەكان ورێگای هاوینە هەوارەكان بەدارو درەخت سەوز كراون .

دوای ئەم وتارەش لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی سەرچناری كچانەوە سرودی نەورۆزو ئەی دڵێران پێشكەش كرا ئینجا لەلایەن باخچەی ساوایانی سرچنارەوە تۆرانی گوڵاڵەی بەهارم پێشكەش كرا هەروەها خوشك و برا لاوەكانی سلێمانی بە هەڵپەركێیەكی میللی هاوبەشی ئاهەنگەكەیان كرد .

دوا جار لە لایەن بەرێز نوێنەری پارێزگارەوە بەمامێك نێژرا كە ئەمەش نیشانەی مۆڵەت دانی تمام ئاشتنە لە پارێزگادا .

فریا عبدالله
پ. هاوكاری لە سلێمانی

میهرەجانێكی هونەریی فراوان لە هەولێر

هەولێر : شێرزاد عبد الرحمن

لە ژێر دروشمی « هونەر بۆ شۆڕشە »و بە سەرپەرشتی بەرێز ئەمینداری گشتی پەروەردەو فێركردنی بالا مامۆستا موسی عبدالصمد بۆ ماوەی چوار رۆژ و لە هۆڵی ئیبنی مستەوفیدا شاری هەولێر گەورەترین میهرەجانێكی هونەریی گرتە باوەش كە ساڵانە بە هاوبەشی سەراپای قوتابخانەكانی وولات سازدەكرێ وتیایدا چەندەها جموجۆڵی هونەریی پێشكەش دەكرێ .

لە میهرەجانەكەدا كە بەرێزان ئەمینداری گشتییەكانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و مامۆستا بەهائەدین ئەحمەد پارێزگاری هەولێر ئامادەی بون تیپی كۆرال و منداڵان لە پارێزگاكانی وولاتدا هاوبەشییان كرد بە نواندنی چەند سروودو پارچە مۆسیقاو كۆرالێك و لیژنەیەكی باڵا پێك هێنراوە بۆ هەڵسەنگاندنی تیپەكان و خەڵات كردنی سەركەوتوەكان و نرخ دان بەو جموجۆڵە هونەرییانەی لە میهرەجانەكەدا پێشكەش كران .

بوهارە ، شوینکاتیە ،تەبرو تەوالا خاندنە ، فرینە، هەر دەنگەکێ ژ ڕەنگەکی نێت ، کولیلکێت پەتین و بێت بشکڤین ، باهیف نەبکێت گەهین ، زارو کا یاری‌یە ، کەیف و بەزم و خوشی‌یە ، کچ و کوڕ و ژن و مێر ێیت کارکرینە ل سەربێنە بچن پشکداریێ د گەل ڤێ بوهارێ ب کەن ، کەس د گوندی دا نەما ، دەرچون سەلاڤبون جانتک و بوخچکێت خو ێیت پری چەرەزو حارن کرین .

ڕێنجبەری خۆبە خۆشتڤیێ خەلکی بە

● حمزه طاهر ●

بەهشتا ئەڤیندارایە ، بەهشتا خورت و گەنج و جحێلایە ، هەچی لاێ تو د چی‌یێ ماڵەکا ل بن سێبەرا دارەکێ روینشتی ، هەچی جهێ تو د چی‌یێ دەهوات و گ ڤەندن ، ملانێ‌یە ، ئیفیتخانی‌یە ، هەچی پاناڤا تو د بینی بەرێکانا جحێلایە ، برانی‌یە ، سێپێنگاڤ و تێلانی‌یە ، ئەڤ دیمەنا هوویا حووان ب ڤان کولیلکێت سورو زەر ، ب ڤان دارا، ب ڤان چیا ، هندی دی یا، جوان و خنتر بووی ب ڤان قیزکاو ڤان پەریا ، کچکێت هەژدە سالی ، خودان کراستێت هەفترنگی و ئەلپەلیك و لەوەندیا، خودان کەزیێن زێر و زیڤی ، گەردەنلغو ڕستك و تیتو پوشی‌یا .

کویڤی و ڕوستەم و سوسو چەند زەلامێت دی بێت دوبرن ژ سەبرانی‌یا ، بێ کەیفن بێ هوشن دل مانە،خو بێت بەردانەڤ بنێ زوبرەکێ، دوبرن ژ دیمەنێ چیاو ئاڤا کانی‌یا های ژ عەسرێ دنیایێ نینە ، نزانن چی‌یە ژین ، چی‌یە بوهارو چی‌یە ئەڤین ، نە د چنە کەیفێ و نە د چن نو خو شول ب کەن ،

گوندی توزەکا تێت ، چەند دەغەل و مەغەل و چیلکێت بلند کرینە ئەسمانا ، هەر پیچ پیچە ئەڤ توزە نێزیك بوو خورتر لێهات ، ئەڤ توزە بو هوڕدە ، بو باکوزوبرك ، دارا ب ڕەهـو ڕوبشاڵڤە تینتە دەرێ ، د گەل هندێ ئەڤرەکێ ڕەش سەروادا گرت و بو گوڕەگوڕا ئەڤراو تەرگێ لێکر ، بریسی لێ چون ، هێرشە ل سەر سەبرانی‌یا ، جەنگە د گەل هێتیم و سێوی‌یا، جیا لەرزین ، ئەرد شەقشەق بو ، ڕەنگێ بوهارێ گوهری ، بوڤە زستان ، بهن نەمان ، گول جرمسین ، مروڤ شەپلین ، هەمی‌یا بەردا ڕەڤێ ، کەتنە غار و چارگاڤێ ، هەڵ وی‌و نانێ وی خو خلاس کەت ، کەسێ های ژ کەسێ نەما، تێك هاتن و تێك چون ، نزانن کیڤە بچن کیڤە ب ڕەڤن، ئەڤ جیهانا بێ بن و هندە فرەهـ لە بەر چاڤێت سەبرانی‌یا وەکی کلوسکەکێ لێهات ، وەکی گوڕەکێ تەنگ و تاری لێهات ، بەرێ هندەکا کەتە چولی و بەرێ هندەکاژێ کەتە ناڤ گوندی ب وی لەشێ گران و بریندارڤە ، ب دلەکێ قوت قوتی و پڕ ترس و لەرز،

سەبرانی‌بیت مەژی وەساییت مانە د خوشیاو سوحبەتادا نەشێن لێ دەرکەڤن ، خوهـ دێ بێژی بەس ئەڤ سالە بوهارەو چ جارێت دی ناهێتەڤە، دەبەنگ و تەمبەلێت دی ژی هەر ڕوژ دێ گەهنە ئێك و بەربنە ناڤ کولانێت گوندی و ل سەرێت ڕێکا ڕادوەستن ، ئەڤ دەمێ هندە گران و پڕ بەها ژ خو د برن بێ ورج و بێ فایدە ، ودسا تێدگەهن هەر ئەڤیە ژین ، هەر چەوا بیت بوراندنا ڕوژێ‌یە .

سەرێ بوهارێ‌یە ئادارە ، بێهنا نێرگزا وا تژی دەشت و دوول و چیا کری ، خەلك هەمی بێ مژویل و سەرخوش کری ، هندی د بینن ل ژێریا

بێخاس و بێ هوشن ، بێ هێز و بێ ڕەوشن ، چ دبینن نە ئەو ماڵ و نە ئەو حال ، گوندێ سەرێك و بنێك بی‌ی ، مالێت کیمەکا بێت مانە ئاڤا، کەسێ‌ف مالا خو ناکەڤیت ، تازی و شینی‌یە ، گری و گازی و ڤیری و هەوارێت تێك هەل بین و بێت بلند بوینە ئەسمانا ، گریا بجیکانە ، ڤیری و هەوارێت ژنانە ، نالە نال و ئوف ئوفا پیرو نەخوشانە ، هەر ئێکێ ئاخفتنەکێ دکەت و تشتەکی د بێژیت : ئەڤە چ بوو ؟ چ ب سەرێ مە هات؟ خودێ خێر کەت خودێ خێر کەت ...

ڕوژێ پێنج پێنجە خو ئێزیکی ئاڤا بونێ د کرو

د ڤیبا خاترا خو ژ گوندێ باب لێ مری و مروڤێت هێتیم و سێوی ب خازیت ، گاڤەك بێ نەچو ڕوژ ئاڤا بوو، گوند هێلا د تارستانی‌دا ، گوڕەکێ ژ ڕاستایە ، سەرو سەرمایە،چەق چەقا ددانایە.

خەلکێ گوندی مانە هـو، مانە مەلوبل و مەندەهوشی ، هەڤ نساخ و لەش نەخوش ، سەرێت خو ێێب چوکێت حو کرین ، بێ دەنگ و بێ لڤین ، ئەڤ شەڤا هو یا کورت ل بەر وا بوو سالەك ، سالەك ، هەر گاڤەك بوو هەیڤەك ، نزانن کەنگی دێ بیتە سپێدە ، کەنگی دێ ڕوژ لێ هەڵێت و هێزێ گەهینتەڤ گیانێ وا.. هومان !! هەتا دەنگێ دیکەکی گولێ بوین ، زانین بەر سپێدەیە نێزیکە ب بیت ڕوژ ، پێچ پێچە جیهان رون بو ، تیژکێت ڕوژێ د ناڤ دەرزو گەلیکێت چیادا ئەدان و سلاڤەکا مروڤەکێ خەریب و دلسوتی ل توخمێ گوندی کر ، مروڤێت گوندی ژی بەرسڤەکا دلدارا لێڤەدا ، کەیف خوش بوون ، هێز هاتەڤ گیانی ، هەر وەکی مروف ئەڤیندارا خو د بینیت .

خەلکێ گوندی دەرکەتن ، تێك هاتن و چون ، گوندێ ل بەر چاڤا هاتی گوهارتن ، مالا ئاڤدەلی نە یا هو بو !! یا بەرسڤکا مالا تەتەری کا ؟ کەسێ باوەر ناکەت یا ژ واڤە خەونە و ڕاست نینە، بەلێ دەما هەیامەك بێ چووی خرا زانی ڕاستەو خەون نینە ، گەلەك ژی تێکەهشتن بوچی خانی هەرفتن و دەست و دان د بنڤە مان ؟ چتوڤ کاریتە قریان و دلوبێت بانا ب بونە زەمبەلەو سوورك د سابیتکادا د هاتنە خارێ ؟ ئینا گەلێ گوندی رابون و دەست ب چێکرن و ئاڤا کرنا خانیێت خوکرو جونەڤ سەر شول و کارێت خو .

جارەکادی دەبەنگ چوونەڤ سەر ئێکا خو ، بێ شولن ، دفن بلندن ، د بەر زەلامێت گوندی‌را د چن و سلاڤ نا کەن ، وەدبارە د سلن ئان ژی خو مەزن د کەن و خاری و چەوتی‌یا وا د کەن ، هەر ڕوژ دێ کەڤنە ناڤ کولانێت گوندی های ل ژی‌بێ جیهانێ نینە ، ژ کێڤەتێت و دێ کیڤە چیت، نزانن ڤان ڕوژو شەڤا خولێك دانە ، ڤێ جیهانێ هەمی جەنگە ل سەر پاشەڕوژێ ، ئەڤ بوهارا خوش و ئەڤ هاڤینا هندە درێژ ل خو د برن بێ ورج .

ڕوژەکێ پشتی بانگێ ئێڤاری دای و نڤێژ کرین چەند پیرەمێرێت گوندی دەرکەتن و ل بەر تاقێ مزگەفتێ روینشتن ، تەمبەلێت مە هاتن و د بەر وێ کوما زەلامارا چرون و تێپەرین بێ سلاڤ ، دەمێ تێپەرین وێ کوما زەلاما گەلە شەرم ژ خوکر ، بەلێ ئێك ژ وا گەلە بێ نە خوش بوو و گازی کرە وان :

ڕوستەم کویڤی : سویسو ، نەرێ بێ زەحمەت هێڤە ناهێن و گوتێ : براینو بەسە بەسە مێشکێ خو بیننە سەرێ خو ، پیچەکێ هزرێت خو بکەن ، ب خودێ تەمبەلی و هاتن و چوونا ژ قەستا ورجا کەسێ نە کریەو ناکەتن ، شەرمە بو هەوە هنگ ئەڤ تولازە د کەڤنە سەرێت ڕێکا ، دێ سەحکەنە زەلامێت گوندی و چان و رخێت خو چەوا بێت کەتینە ناڤ زەڤی و ئاقارێت خو ، چەوا بوخو شول د کەن ، سەخبێرو چاڤدێریێ لێدکەن ، ئەڤا بوری چوو ژ نوکە پێڤە هین ژی وەکی هەمییا دەست باڤنە کارەکی ، ما ئوسمان و حەسەن ژ هەوە چێترن ؟ شەرمێ ژ فارسی ب کەن،

بروانە ل : ٧



لەوەبەر (سەمیحە) ماسی‌یەك بوو لە دەریادا ، دوایی بوو بە تکەیە ئاو لە هەورێکدا ، لەو ڕۆژەوەی (سلەیمان)یشی بینی بوو بە ژنێکی جوان ، ئەو شەبدای ئێری تەنکی بوو کە ئاگرو ئاوو مۆسیقاو هەواو تینێکیان دەدا ، سلەیمان ، کە لەبەردەم ئاوێنەکەدا ڕادەوەستا بەدەنگێکی بەرز ، وەك وتاربدات ، حەزی دەکرد بڵێ :

هەمو ڕۆژێ بەجووتە بەشەقامەکاندا دەگەڕان ، بەناو بیناو دارەکاندا ، لەو ساتانەدا سەمیحە دەبووە دوو چاوی کچێکی منداڵ و دەنگێکی برسی . سەمیحە بە سلەیمانی دەگوت :

– بڕوانە ، بڕوانە گەڵای ئەو درەختانە !
– چی‌یانە ؟
– بۆچی دەلەرزن ؟
– چونکە حەزیان لە کچێك کردووە ناوی سەمیحەیە .
– درۆمەکە ، لەترسی پایز دەلەرزن .

بەدەم پێکەنینەوە پرسی :

– دەزانی ئەگەر ئێستا دەستم بگری چ دەبێ ؟
– چ دەبێ ؟
– وەك گەڵای ئەو درەختانە دەلەرزم و چەشنی باڵدار دەفڕم .

دەستی‌برد توند مەچەکی گرت و وتی :

– حەزدەکەم ببینم پیاوێ بفڕێ .

ئەمیش توند پەنجەکانی ئاڵاند لەدەستی چۆلەکەیەکی بجووکی ڕۆح سووکەوە .

– دەستم بەردە ... دەمخنکێنی .
– تۆش و ئەویش سەردەبرم .
– بێ‌دەنگ بە ، دەڵێی ئەسابی قسەدەکەی .
– من بێ‌دەنگبم ؟ . . دەبێ ڕێزی ئەوکەسە بگری کە دەبێتە باوکی منداڵەکانت.
– ئەی ؟ ، لە سەرچۆك و بەفرمێسکی پەشیمانی‌یەوە قسە بکەم ؟ !
– دەتوانی بەپێوە قسەبکەی ، چونکە وەك دەزانی من بێ‌فیزم .
– دەزانم دەزانم . هەروەك دەزانی منیشی تەنیا بەس فیزی یەکەتم خۆشی دەوێ.
– (تەنیا بێ فیزی‌یەکەمت خۆشی دەوێ) ؟ ، دەبێ تۆڵەیەکت لێ‌بکەمەوە هەرگیز لەبیرت نەچێ ، دەبێ سەد منداڵمان بێ ... بزانە سەد منداڵ دەورمان بدەن و بقیژێنن : دایە جوانە ... بابە بێ‌فیزە .
– گوێ‌بگرە ، حەزدەکەی خۆشەویستی‌یەکی شێتانەم بەرامبەرت هەبێ ؟
– پێم ناخۆش نی‌یە .
– کەواتە بێ‌دەنگ‌بە .
– بێ‌دەنگ دەبم و قسەناکەم .

ئیتر ڕۆشتن و دەستیان لەدەستی یەکترناو بەبێ‌دەنگ حۆیان دابووە دەست خۆشی‌یەکی ناسکی شیرین ، پاش ماوەیەك لەبەردەم دوکانێکدا وەستان و بە زەردەخەنەوە ڕوانیانە چەرپایەکی فراوان .

– چەرپایەکی جوانە .
– مەمهێنەرە قسە .
– کێ دەستی ماچ‌کردوویت و دارای قسەی لێ‌کردووی ؟
– قسەناکەم بەڵام دەڵێم وێنم لەچەرپای فراوانە ، چەرپایەکەمان دەبێ تەسك و بچووك‌بێ .

بەشەقامەکاندا دەڕۆیشتن و تیشکی ڕۆژیش کە لەناوابووندا بوو لێی دەدان ، کەم کەم لەشار وەدوورکەوتن. لەباخەکان نێزیك دەبوونەوە .

– بگەڕێینەوە ؟
– هیلاك بووی ؟
– داپیرەنیم ، دەتوانم تا ئەوبەری دنیا بڕۆم .
– کەواتە با ئەوپەری دنیا بڕۆین .

لارێ‌یەکی خۆڵاوی‌یان گرت. ئەم لاو لاکەی باخ و باخاتێکی سەوز کە لەپشت دیوارێکی نزمی گڵدا خۆی شاردبۆوە.

– لەخانوویەکی ناو باخ جوانتر نی‌یە .
– کەمارەم کردی لە باخێکدا دەژین .
– گوڵیشی تێدا دەچێنین .
– سەوزەو میوەش ، تاکو ئەگەر ڕۆژێ بێکار بووم برسیمان نەبێ .
– جلی ژنە جوتیاری لەبەردەکەم و بەبێ‌خاوسی دەگەڕێم .
– دەبیتە ژنە جوتیار ؟

لەبەردەم دەرگایەکی کراوەدا وەستان ، دەرگاکە دەچووە سەر باخێکی پڕ لەدرەخت .

– وەرە سەیرکەین .

چوونە نێو باخەکەوە ، بەجووتە لە دنیایەکی سەوزدا دەگەڕان . سەمیحە پڕ بەسینگی بانی هەوای هەڵ دەمژی کە وتی : ئەم باخە چەند خۆشە !

هەردوو باسکی بەرز کردەوەو وتی : چەن حەزدەکەم لەسەر گیا بنووم .

ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی : فەرموو ... کێ ڕێی پێ‌گرتووی .

– دەترسێم کراسەکەم پیس بێ .
– سابوون هەرزانە .

بە نازێکەوە وەڵامی دایەوە: یانی ناتوانم ؟

لەپڕ لەسەر گیایەکە باڵ‌کەوت ، ڕوومەتی نووسان بە زەوی‌یەکەوە .

– ئەوە چ‌دەکەی ؟
– گوێ دەگرم .
– لەچی ؟
– پێ‌کەنینی ... زەوی پێ‌دەکەنێ .
– پێ‌دەکەنێ یا دەگری ؟

بەتەمای وەڵام بوو کە دەنگە دەنگێکی ناساز پەیدا بوو ، ئاوڕی دایەوە ، چوار زەڵام بۆلایان دێن ، یەکێکیان دارێکی بەدەستەوەبوو یاری پێ‌دەکرد . سەمیحە گورج هەستاو بەرەنگی بزرکاوەوە

لە نێزیك سلەیمانەوە وەستا.

زەڵامەکان دەوریان گرتن و بەگرژی و گاڵتەوە تێیان دەڕوانین ، داربەدەستەکەیان وتی :

– ئەوە لێرە چ دەکەن ؟!

سلەیمان وتی : سەیر دەکەین .

یەکێکیان پێ‌کەنی و وتی : سەیر دەکەن یا نوێژدەکەن.

داربەدەستەکەیان وتی : ئەمە کێ‌یە ؟

سلەیمان بەگاڵتەوە : موبارەکە .

داربەدەستەکە بە سلەیمانی وت : درۆ دەکەی ، ئەگەر دەزگیرانت بووایە نەت‌دەهێنایە ئێرەکانێ .

یەکێکیان بە داربەدەستەکەی وت : ئەم پێچ‌و پەنایەی بۆچی‌یە . چیمان دەوێ پێی بڵێ .

داربەدەستەکە بە سلەیمانی وت : گوێ ڕاگرە، ئەموومان گەنجین و دەزانین بۆچ هێناوتەتە ئێرە . . . بەشەرەفم جێگات دەست ئەکەوتووە .

سلەیمان وتی : ئەم قسەیە چی‌یە ؟ عەیبە ! داربەدەستەکە وتی : سەغلەت مەبە ، ڕێ دەکەوین ، ئێمە شوێنێت بۆ پەیا دەکەین . . بڕوانە ... بەشی هەموومان دەکا !!

قبنێکی زۆری خەست سلەیمانی گرت . باڵێکی بە داربەدەستەکەوە ناو دەستێکی توند سەمیحەی گرتوو بەرەو دەرگاکە ڕۆیی ، بەڵام دارەکە توند درا بەسەریدا ، کەمێ وەستاو زەوی ، سەمیحە قریشکانی ، درەخت و گیا سەوزەکانیش لەگەڵی‌دا قریشکاندیان ، سەمیحە قریشکانی بێ‌ئەوەی بتوانێ ببێتە تنۆکێ ئاوو بەلە هەورێ ببات .

کە سلەیمان وەئاگا هات سەمیحە جلەکانی لە بەردا هەڵا هەڵا ببوو لەژێر پیاوێکا بوو . گورج چاوەکانی لێك نایەوەو ملی نابە بەر نرسێکی ساردی لەرزۆك ، توند نووسا بە گیاکەوە ، گوێی لە گریانێکی بەکوڵ دەگرت کە لەژێر عەردەوە دەهات و تێکەڵ بە هەنیسکی دەورە بەبانێ دەبوو کە بۆ ئاو دەگەڕا .

لەوکاتەشدا ڕۆژ ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو بەرەو ئاوابوون دادەکشا ...شەوی تاریك هات .

نموونە لە ئەدەبی ئینگلیزی

ئەگەر گوڵی بەهار
لە ڕوومەتی ئەو کچە نەچێ
پێم نالێی کێ خۆشی دەوێ ...؟
ئەگەر ئاسمانی شین ..
لە چاوی ئەو کچە نەچێ
کەواتە کێ سەر هەڵدەبڕێ و تێی بڕوانێ ..؟
ئەگەڕێنەو کچەش
وا جوانکیلەو پاك نەبێ
ئاخۆ گەورەیەك بە بانانەوە دەمێنێ ...؟!

عەشق

شەو ڕەنگینە ..
پڕ لەززەتە شەو ..
بە پووش و پەلاش پۆشراوە
مەستانە .. بە ڕێگابەکی ڕۆشنا تێ‌دەپەڕم .
نەرمینە شەو .. چ پڕ لەززەتە شەو
بە دەم دەریاو باوە ماچم بۆ دێن
لێرەو لەوێ ماچی ڕۆشن لە دەورما گوڵ دەگرێ
بە دەم‌دەریاو باوە ماچ دێت
کەچی ڕۆشنایی‌دڵەکەم هێدی هێدی دەکوژێتەوە
لێوێشم تامەزرۆی ماچێکی مەزنە
شەوی خۆشیش .. تریفەو مانگە .
کەچی ڕۆشنایی دڵەکەم هێدی هێدی دەکوژێتەوە.

دوای مەلە

باش مەلە ... با بە یەکەوە بڕۆین
بە تەنهایی .. لە کەنار ئەم دەریایەدا گوزەر بکەین
لەبەر گڕو تیشکی خۆرا
تا قژو ئەگریجەی تەڕت ووشك دەبن
با پێی بەتیت بخزێتە ..
سینگی ئەم لە نەرمە ..
هەر شەپۆلێکی تەڕەللاش .. بێ‌هودە
دەیەوێ ماچیان بکا
لێم گەڕێ مەستانە زارم بەم دەریایە تەڕکەم
بە ڕووی دەریای چاوەکانت ..
لە ژێر هەتاو .. لەسەر پانتایی شان و ملت ..
تا زولفانت ووشك دەبنەوە ...

گۆرانی

دەریا .. دەشت .. با .. گۆرانی دەڵێن
هەموو شتێ هەر گۆرانی و چربەیە
دەریاو دەشت و باش گۆرانی دەڵێن
تۆ دەزانی دڵیش دەشت و بایە
کاتێ ئەو عەشقە پڕ خەمەم وەئاگا دێ
دەریاو دەشت و باش گۆرانی دەڵێن
هەرچی هەیە .. هەر گۆرانی و چربەیە ...

بەیان

وەکو ڕۆژانی بەسەر چووم
وەکو ڕۆژانی ڕابردووم
تەواو .. منیش بەسەرچووم
داڕزام و پەڕوباڵم هەڵوەری
ئەوا ڕۆیشتم
ئێستا من مرۆڤێکی بە ساڵاچووم
بیر بووم و جێیان هێشتم
بەڵام لەم ڕۆژە خۆشانەدا
کە (با)ش هەڵیکردووەو گڤەی دێ
دڵە جێ ماوەکەم ..
دەنرکێنێ و لە سۆزدایە
را هەست ئەکەم هێشتا گەنجم
وەك لەمەوبەر پێیان وتم
دڵم هەر کۆنە ئاگری جارانە هەڵدەگرێ ...

شیعری : رانت ئاغاجان
وەرگرانی لە ئینگلیزیەوە : شێرزاد حەسەن

شانۆگەرییەك لە نێوان مامۆستایان و قوتابییانی هونەرمەندەکاندا

ـ بەهرە ـ

خوێنەری بەڕێز :
لە لاپەڕەی هونەریی مانگی ڕابوردوودا، ڕاپۆرتاجێکمان دەربارەی ئەو شانۆگەرییە بڵاو کردەوە ، کە کۆمەڵی قوتابی لە چوارچێوەی وەرزی ڕۆشنبیری یەکێتی نووسەرانی کورد ـ مەڵبەندی گشتی داپێشکەش کراو شانۆگەرییەکە « مرۆڤێکی ئاسایی » بوو لە نووسینی چیرۆك نووس ڕەئووف حەسەن و دەرهێنانی هونەرمەند بارزان عثمان ، لەو کاتەدا پێمان ڕاگەیاندن کەچەند بیرو ڕایەك دەربارەی ئەم کارە هونەرییە بڵاوده کەینەوە .

لەکاتی پێشکەش کردنی شانۆ ییەکەدا ، دەستەیەك لەمامۆستاو شارەزایانی شانۆ لە خوێندنگای هونەرە جوانەکان هاتن بۆ بینینی شانۆییەکە ، لەمانە « پرۆفیسۆر سلویك » کە لەلایەن خوێندنگای ناوبراوەوە بانگ کرا بووبۆ بەستنی چەندکۆڕێك بۆ قوتابیانی خوێندنگا کەو قسەو باسی کرد دەربارەی شانۆ ، هەروەها مامۆستای هونەرمەندی ناسراو «جعفر سعدی» ومامۆستای ناسراو دوکتور ابراهیم مامۆستای خوێندنگای ناوبراو .

دوای پێشکەش کردنی کردنی شانۆییەکە چاومان پێیان کەوت و داوامان لێ کردن ، بیرو ڕای خۆیان دەربارەی ئەم کارە هونەرییەی قوتابیەکانیان دەر ببڕن و والێرەدا بۆختەی ئەو قسانەیەن بڵاو دەکەینەوە.

● **پروفیسۆر سلویك وتی :**
ـ لە ماوەی پێنج ڕۆژی ڕابوور دودا ، کە چاوم بە قوتابیەکان دەکەوت ، سەرنجم دەربارەی کاری ئەکتەر دەردەبڕی ، هەندێ وای لێك دەدەنەوە کە ئەکتەر بیری (فکرە) ئەوشتە لەباد دەچێ کەپێشکەشی دەکا ، ئەمە وانیە ، بەڵکو ئەکتەرێ لەسەر ئەوەدا

دەگرێ ، جیاوازی لە نێوان خۆی و کەسانی تردا دابنێ بەکاتی نواندنا ، لەبینینی « شانۆگەری مرۆڤی ئاساییدا » ئەمرۆ ئەم ڕاستییەم بەدی کردو من بەمە شادمانم ، بەڵام باری سەرنجی ئامۆژگاریم ئەوەیە : هەندێ جوڵانەوە زیاد بووندە توانرا وازیان لێ بهێنرێ ، باشترین دیاردە لەشانۆ گەرییەکەدا قسە کردنی ڕاستەو خۆ بوو لەگەڵ بینەران ، هەندێ هەڵچوونی زیادەی (حسن شخصیەکەم)م بەدڵ نەبوو، دیمەنی هاتنە سەر شانۆیی « پەیمان » وگونجانی تەواوەتی لەگەڵ دەورەکەیدا بەرامبەر (حسن) سەرکەوتوو بوو ، دەربارەی دەرهێنەر ، ئەوەندە یارمەتی ئەکتەرەکانی دابوو لەگەڵ هەموو جوڵانەوەیەکیاندا خۆی دیاربوو .

●**مامۆستای هونەرمەند جعفر سعدی وتی :**
لەگەڵ ئەوەشدا کەکوردی نازانم ، بەڵام لەهەموو ناوەرۆکی شانۆ گەرییەکە گەیشتم ، تارادەی گونجانی تەواو لەگەڵیا ، تەنیا ئەوەندە هەیە ، حەزدەکەم سەرنج بۆ ئەوە رابکێشم کەهەندێ جار ، گفتو گوی بەقیژەی نێوان ئەکتەرەکان تارادەیەك بوولە هەندێ جار عەزیەتی تەماشاکەرانی دەدا ، دیسان دەربارەی هەندێ جوڵانەوەی زیادی ئەکتەرەکان باری سەرنجم لەگەڵ پرۆفیسور سلویك دابە ،

× بەختیارم بەوەی شانۆی کوردی لەبرەودایە ، شانازیش دەکەم بەوەوە کەیەکێك بووم لەوانەی بەدڵسۆزیەوە ، هەوڵی ئەوەم داوە زۆرترین قوتابی کورد لە خوێندنگا هونەریەکان وەربگیرێن ، ئەو بەرهەمەی ئەمرۆ قوتابیەکان پێشکەشیانکرد یەکێك بوو لەبەرهەمە چاکەکانی سەرشانۆ ئەمساڵ دیومن .

● **هەروەها دوکتور ابراهیم خطیب وتی :**
ـ ئەمرۆ کەئەم شانۆگەریەم بینی ، لەڕۆژە خۆشەکانی ژیانمە ، چونکە وەك هونەرمەند هانی کاری پێ دەدەین و ئەم شانۆگەرییەش لەبەرهەمە باکو سەرکەوتوەکانی بوو ، ئومێدم وایە تواناو بەهرەتان زیاتر بەرەوپێ بدەوبەرەو چاکترو چاکتری بەرن .

● دوای ئەوە ، قسەمان لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە داکردکە شانۆییەکەیان پێشکەش کردو **هونەرمەند بارزان عثمان** کە شانۆییەکەی دەرهێنا بوو وتی :
ـ بەپێی تێگەیشتنی خۆم ، مامەڵەم لەگەڵ دەقە شانۆییەکەدا کرد وەولە ڕووی هونەرییەوە ، شێوەی دەرهێنانی شانۆییەکە سەر بەقوتابخانەی (کروتۆسکی)یە، من وای دەبینم ، توانیومە مەبەستت لە دەقە شانۆییەکە زیاتر لەسە رشانۆ ڕوون و ئاشکرا دیارە .

دەربارەی باری سەرنجی مامۆستاکانی وتی :
ـ من وای بۆدەچم ، دەرهێنەر ، زۆر شت دروست دەکا ، بەڵام هەموو شتەکان نەء ئەوەی دەمێنێتەوە ، پەیوەندی بەوزەی داهێنەرانەی ئەکتەرەکانەوە هەیە .

● **هونەرمەند حسن علی** کەدەوری سەرەکی دەبینی لە شانۆییەکەدا وتی :
ـ وەك ئەکتەرێ ، توانیم ، بەیارمەتی دەرهێنەر مەبەست وناوەرۆکی شانۆ گەری گەری « مرۆڤێکی ئاسایی » بە بینەران بگەیەنم ، حسن لە ماوەی ئەم کارە هونەرییەوە متمانەم بە خۆمان پەیدا کرد کەدەتوانین کاری هونەری گەورەتر ڕاپەڕێنین ؛

بڕوانە ل : ٧

چەند سەرنجێك

پرۆفیسۆر جوزێف سلویك دەربارەی ئەکتەر

نوسینی :
کەریم عوسمان

پرۆفیسۆر جوزێف سلۆیك لە دەرچوانی ئەکادیمیای پۆلۆنیایە بەشی خوێندنی باڵا ، شەش مانگ لە ژێر دەستی دەرهێنەری ناسراوی پۆلۆنی « کرۆتۆفسکی »دا وەك قوتابی یەك گوێ ڕایەڵی فەرمانە هونەرییە سەختەکانی بووەو کارێکی گەورەی کردۆتە سەر ژیانی هونەری سلۆیك .

لە مانگی ڕابردوودا هاتە بەغدا بۆ ئەوەی تاقی کردنەوە هونەرییەکانی خۆی و بەتایبەتی ژیانی شەش مانگی لەگەڵ « کرۆتۆفسکی »دا بگەیەنێتە قوتابیانی ئەکادیمیاو پەیمانگای هونەرە جوانەکان و بینینی شانۆی عیراقی ، لەو کاتەدا کە ئاسیمان باشتر ئەوە بوو کە لە یەکێتی نوسەرانی کورد خەریکی پێشکەشکردنی شانۆگەری « مرۆڤێکی ئاسایی » بووین ، بۆیە بانگمان کردو بەم شێوەیە بە شانۆی کوردی گەیشت ، پاشان کۆمەڵێ ڕاو سەرنجی وردو زیرەکانەی پێ بەخشین و ئەڵێ دلشاد بوو بە بینینی هیوای بەردەوامی بۆ دەخواستین .

لەو ڕۆژەی کە پرۆفیسۆرم بەدی کرد تا ڕۆژی هاتنی بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان ، بە دوای کەوتم و هەوڵمدا لە ڕاو سەرنجەکانی و تاقیکردنەوە تایبەتییەکانی تێبگەم ، بۆیە بە باشترم زانی کەمێ لەسەر ئەو خاڵانە بدوێم کە پرۆفیسۆر سلۆیك لە هۆڵی پەیمانگا کورتە باسێکی ژیانی هونەری خۆی بۆ کردین ئەمەش کورتەی دامەکەیە . ئێستا پرۆفیسۆر سلۆیك مامۆستای بەشی نواندنە لە ئەکادیمیای شیکاگۆ .. لەو ئەکادیمیایەدا قوتابی هونەر وانەکانی نواندن و دەرهێنان دەخوێنن . گرنگ ترینی ئەو خاڵانەی کە پرۆفیسۆر زیاتر دەستنیشانی دەکردو لە سەری دەدوا ، پەیوەندی نێوان دوو ئەکتەر وەیا ئەکتەرەکان بەگشتی و چۆنیەتی دروستکردن و بەتین کردنی ئەم پەیوەندییە لە ئەکتەرێکەوە بۆ ئەکتەرێکی تر یان ئەکتەری بەرامبەری لە پێناوی بەستنەوەی بینەر بە شانۆوە ئەم پەیوەندییە چییە ؟ ئەم پەیوەندییە بریتییە لە وەرگرتن و دانەوە (تسلیم و استلام) لە نێوان دوو ئەکتەرداو جاودێری کردنی یەکتری و دەرخستنی کارو کاردانەوە (فعل و رد الفعل) بەڕای پرۆفیسۆر ئەم کارە سەختترین کارە لە هونەری نواندندا کە تا ئێستا بەو شێوەی کە پێویستە بێت نەبینراوە لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەر ئەکتەر کە هەستی بخاتە کارو سەربەستی بینەگرێ تا تێکەڵی کاراکتەرەکەی ببێت و بنیاتی پەیوەندییەکە بنێ لەگەڵ ئەکتەری بەرامبەریدا پێویستیشە لەسەر ئەکتەرکاتێ ئەرکی بینینی دەورێکی ئەدرێ بەسەردا بکەوێتە قسەکردن لەگەڵیدا یان ئەتوانین بڵێین : تۆ ئەو کەسەنیت کەدەورەکەی دەبینی بەڵکو تۆ ئەکتەریت و تەنها تەجسیدی ژیانی ئەو کاراکتەرە دەکەیتی کە دەورەکەی دەبینی ،لەبەر ئەوە تۆ وەك ئەکتەرێك ئەکەویتە بەردەمی سەدەها پرسیارەوە دەربارەی ئەو کەسە ، چونکە هەموو کاراکتەرێك داوات لێ دەکات کە بگەڕێی بە شوێنیداو پرسیار بکەیت تا دەیناسیت ئەو ساو تەعبیری لێ بکەیت ، کەواتە پێویستە هەمیشە بیربکەیتەوەو هەوڵبدەی بچیتە ناخییەوە تا تێی دەگەیت .

پێویستە لە خۆت بپرسیت .. ئایا جی تر ماوە تابەجێی بێنی ؟ ئایا تۆ (هملت)ی شکسپیریت .. نەء .. بەڵکو تۆ لە ڕوانگەی بینینی خۆتەوە تەماشای (هملت) دەکەیت .

ژیانی تایبەتی زاتی ئەکتەر خۆی مەرجێکی سەرەکییە لە هەموو کارێکی هونەریدا .

لە نواندندا هەوڵ بدە بینەر لە خۆت و ڕووداوەکان نزیك بکەیتەوە ، ئەمە کاتێ کە بینەر دەکەیتە هاوڕێی خۆت و ئەبێتە بەشدارێك لە ئیشە هونەرییەکەدا .

(بوونت چییە لە بەرد کاری هونەریدا ؟ پرسیارێکی گرنگە کە پرۆفیسۆر زیاتر لە متەری دەدوا ، وەك ئەکتەرێك لەبەر دەم ئەم پرسیارەدا چۆك دابدەو مەبەڵە دەرهێنەر بەردەمت لێ بگرێ، بەڵکو بگەڕێ ! .. بپرسە ! بیر بکەرەوە !)

پاشان لە ڕووی دەرهێنانەوە کەوتە دوان و دەربارەی ئەرکەکانی دەرهێنەری کرد لە شانۆی ئەقیردا ووتی :
(کاتێ کە ئەجمە ناو هۆڵی مەشق کردنەوە ، هەوڵ ئەدەم وەڵامی کۆمەڵێ پرسیار بدەوەوە کە لە مێشکمدا بەنگی خواردۆتەوە هەوڵ ئەدەم بۆ وەڵامەکانی بگەڕێم لە خلالی مەشقی کردن و بەیارمەتی لەگەڵ ئەکتەرەکاندا، چونکە ئیشی هونەری بەتایبەتی شانۆ بریتییە لە پرسیارو وەڵام ، هەمیشە ئەگەڕێم بە دوای دۆزینەوەی پەیوەندییەکان ، ئەمەوێ بوونی ئەکتەر بەدی بکەم لە شانۆگەرییەکەدا ، چونکە ئەکتەر پلەی یەکەم دەگرێت لەئیشی شانۆییدا لەم سەردەمەدا بۆیە پێویستە سەربەستی تەواوی بدرێتێ) .. تەنانەت زۆر جار ئەکتەر دەکەوێتە پێش دەقە شانۆییەکەوە ، ئەکتەر مافێکی ڕەوای هەیە چونکە بینەر بە هۆی ئەوەوە مەبەستو ڕووداوەکانی پێ ئەگات ، لەبەر ئەوە نابێ لە جموجوڵی ئەکتەرو جێ گۆڕکە کردنیان لەسەر شانۆ شانو باسکی دەرهێنەر دیار بێت و بزانرێت کە ئەم جوڵانەوەیە فەرمانی دەرهێنەرو ئەکتەر جێبەجێی دەکات .

(دەرهێنەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە شانو بازووی لەسەر شانۆ دیار نابێت).

بڕوانە ل : ٧

شانۆی پەروانە لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی دا

« هەمو شتێکم لێ ئەدزن .. بەڵام ناتوانن ئەم تەنیایی و وەڕزییەم لێ بدزن .. بۆیە بێحوشحاڵم .. »

« بێسوودە .. بێسوودە»

ئەم وتانە حسێنی پینەچی « ڕێبوار حسین » دەیکات.. کە بە ئاشکرا دیارە دەستی لە ژیان شۆردوەو ئومێدی بڕیوەو لە ئەنجامی ئەو ئەشکەنجانەدا کە لە زینداندا دیوێتی بە تەواوی بۆتە مرۆڤێکی بێ هیواو بزە لێبڕاو گەر چی لە سەرەتادا خاوەنی فیکرو هەڵوێستیش بووە .

عەزیزی قۆنتەراتچی زادە « حەمە ڕەشید هەرەس» دێنن .. گوناهە .. هیچی نەکردوە.. هەردەم پارێزگاری بەرژەوەندی خۆیان کردووە.. دەیەوێ بە هەر نرخێ بێ لە زیندان ڕزگاری بێ.. ترسنۆك و بێ بارەو خۆی شێت دەکا .. لە حسێن دەپرسێ..

ـ ئێشت چیە ؟

ـ پینەچی بووم ..پێڵاوم پینەدەکرد .. ویستیان گوریس و پەتیشم پێ پینەبکەن .. بەڵام نەمکرد ..

« پینەچی بووم » کە لە شێوەی ڕابردوودا دەیڵێ .. مەبەستی ئەوەیە بیسەلمێنێ جارێکی تر ناتوانێ ئەپینە چێتیەکەی بکات و نەبژێ..

لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئەم تاوانکاری و میشکی مرۆڤ شۆردن و میللەت لە ناوبردنە لە ساڵانی پەنجاکاندا بەردەوام بوەو بە هۆی شۆڕشی چواردەی تەمووزی مەزنەوە کۆتایی بەو کۆمیدیاو گاڵتەجارەی دڕندەکان هات .

ئاسۆی قوتابی «شەماڵی ئەحمەد ڕەش » یان هێنایە زیندانەکە . ئاسۆ لە حسێن و عەزیز گەیشت .. داخی ئەوەی بوو کە «نموونەی وەك عەزیزیش لە بەندیخانەدا هەیە ..»

دوای ئەوەی مێشکی عەزیزی ترسنۆك بەجاری دەگۆڕن و دەیشۆرن کە لە ڕاستیدا مێشکی تێدا نەبوە کە کەلکی هیچیان بێ . . نەگۆڕین و نە شۆڕین دەیکەنە جەلادێکی وەك خۆیان و دەیبەن ..

ئاسۆو حسێن پێکەوە دەمێننەوە .. بە یێك ئەیشتنێکی فیکری و گیانی مەزن لە نێوانیاندا ڕوو دەدات .. ئاسۆی هەڵەشەو سەرچڵ فێری هێمنی و خۆشەویستی و دڵگەورەیی دەبێ .. حسێنیش لە ئاسۆوە فێر دەبێ کە ژیان بێهوودە نیەوای لێ دەکا گەر چی تاکو تەنیان هەست بەوە بکەن کە بەشێکن لەو خەڵکەی دەرەوە ..

ئەم زاخاوی فیکرو دەروون دانەوەیە لە بەشی دوەمی شانۆگەرییەکەدا ڕوو دەدات .. کاتێ ئاسۆ ، حسێن دەخاتە سەرشانی بۆ ئەوەی لە پەنجەرەکەوە خەڵکی دەرەوە ببینێ .. ئەم خۆ بە خەڵك زانین وتێکەڵاو بە بێ بنچینە نیە .. لەگەڵ خۆشەویستیەکی مەزنی مرۆڤایەتیانە دایە .. چونکە « تێکەڵاوی بێبنچینەی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکیدا زۆر جار لە تێکەڵاو بوونی ئاژەڵ لەگەڵیان دەچێ » .

زیندان پڕەو دەبێ لەم دوانە یەکێکیان بمێنێ .. ئەو دروگیان و بیرە تێکەڵاوەیان لێك جودا کردەوە .. سێ تارمایی ڕەشپۆشی مەرگ هاتن و حسێنی پینەچیان خنکان و فڕێیاندا ..

« ئاسۆ » تەنیایە..تەنیایی هێمنی و دڵنیایی لا نەهێشت .. جنێو ئەدا .. (گارد) دێ و نانی بۆ دێنی .. یێخەی (گارد) دەگرێ و هەرچی داخی دڵی خۆی هەیە پێی تراوە کە دەبێ ئاگاداری بن.. چونکە وایان داناوە کە ئاسۆڕووخاوە .. بەڵام ئاسۆ دەیەوێ ئەنجامی ئەویش هەر مەرگ بێ .

سەموونەکە هەڵدەگرێ.. هێمن بۆتەوە.. وەك بەپوولەی لێهاتوە هەر ئەوەیە لە سۆزرباکیدا باڵ ناگرێتەوە.. دەیەوێ تاکە سەموونەکە لەگەڵ حسێندا بەش بکات .. بەڵام دەنگێك (دلشاد محمد ئەمین » : عەزیز دەستی لەگەڵدا تێکەڵ کردبێ تۆشی باوەك حسێنت لێ نەیەت. . بەرژەوەندی خۆت بزانە .. ئەم هەلە لە کیسی خۆت مەدە .. دەرگا ئاواڵەیە..

سێ تارماییەکە دێن و خەریکی دەبن .. بەڵام بێسوود ومایە پووچ دەردەچن ..

تیشکی خۆر سەر لەنوێ دەر ئەکەوێتەوە « ئەی تیشکی خۆری بەخشندە ،

بڕوانە ل : ٧

سەردانێک لە مەڵبەندی چاودێری زانستی لەسلێمانی

فریا عبدالله
پ. هاوکاری لە سلێمانی

دامەزراندنی ئەم مەڵبەندە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨ کە ئەو کاتە بریتی بو لە یانەکانی کیمیا ، فیزیا ، زانیاری ژیان ، وێنەگرتن ، کارەباو ئەلکترۆن ، ئەستێرە ناسی ، فڕین . بەڵام ئێستا(٤) چوار یانەی نوێی تیادا کراوەتەوە کە ئەمانەن : میکانیک ، دارتاشی ، کتێبخانە ، شوشە فوکردن .

ئەرکی پسپۆڕی ئەم مەڵبەندە وەک ماموستا شفیق حمە بچکۆل بەڕێوە بەری مەڵبەندەکە بۆی باس کردین بریتیبە لە چاودێری کردنی لاوانی پارێزگاکە لە مەیدانی زانیاری داو کردنەوەی دەورەی زانستی وراهێنانو بەر وەردە کردنی توانای تێپاتوەکان و هاندانی گیانی داهێنان لەناو لاوانی پارێزگادا . هەر لەم ڕوەوە وتی :

مەڵبەندەکەمان بۆ یەکەم جار لە وڵاتەکەماندا بە هاریکاری دەزگاکانی پەروەردە بە تایبەتی بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەو زانکۆی سلێمانی تاقی کردنەوەیەکی بۆچی سەر کەوتوی بەجێ هێناوە کە ئەویش بریتی بوە لە بەشداری کردنی (٤٠٠) قوتابی کوڕ وکچ کەنوانیویانە بەپلەی بەرز بە ڕاژەی لە ٨٥٪ بەرەو ژور لەوانە زانستی یەکانی توتابخانەی خۆیاندا دەرچوون هاوبەشی دەورەکانی ئەم مەڵبەندە بەڕێی ئارەزوی خۆیان بکەن .

ئەمەش جگە لەو دەورانەی کە پەیتا پەیتا مەڵبەندەکەمان دەیکاتەوە کە ژمارەی هاوبەشیانی ئەم دەورانە لە ساڵی رابوردودا گەیشتوەتە ٧٠٠ لاوی کوڕو کچ کە تێکڕا لە (٢٣) دەورەی جۆر بەجۆردا بەشدار بوون .

پاشان کاک شفیق سەبارەت بە هەندێ چالاکی تری مەڵبەندەکەیان وتی :

هەر لەم ساڵەدا توانیومانە هاوبەشی دو ئوردوگای زانستی بکەین یەکەمیان لەپارێزگای میسانداو ئەوەی کەشیان لە پارێزگای نینەوی و کەبۆماوەی (٩) نۆ ڕۆژ بەر دەوام بو وڵە هەریەکێکیاندا (١٥) پانزە قوتابی کوڕ وکچ هاوبەشیان کرد .

هەروەها لە مانگی تەموزدا دوو پێشانگەمان کردوەتەوە کە یەکەمیان بریتی بو لە پێشانگەیەکی زاستیو لەلایەن بەڕێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانیبەوە کرایەوەو هەموو یانەکانی مەڵبەندەکەمان هاوبەشی تیادا کردو نزیکەی (١٣٥) ئامێری جۆر بەجۆری تیادا پێشان دراو ماوەی (٣) ڕۆژی خایاند ، ئەوی کەشیان پێشانگەی وێنەی فۆتۆگرافی بو کە (٧٠) حەفتا تابلۆی گەورەی گرتبووە خۆی ، ئەمەو ئامادە کردنی (٣٠) بلاوکراوەیی سەر دیوار کەلەم مەیدانەدا یانەی فیزیا سەرکەوتنی خۆی تیادا پێشان دابو کە توانیوی(١٥) دانە ئامادە بکات .



پاشان کاک شفیق نەخشەی کارکردنی ئەمساڵی مەڵبەندەکەیانی سەرەتا بەم جورە بۆ باس کردین : وەک ساڵانی ڕابوردو بەپێی ئەرکی و ئامانجی مەڵبەندەکەمان بەر دەوام دەبین لەسەر دڕێژەپێ دانی دەورەکانمان ئەمەش لە سەرەتای ساڵەوە دەستمان پێ کردوەو تائێستا (٨) هەشت دەورەمان کردوەتەوەو نزیکەی ٣٠٠-٣٥٠ فوتابی کوڕ وکچ بۆماوەی مانگێک هاوبەشی تیادا دەکەن ، ئەمەو هاوبەشی کردنمان لە گرەوی سەرکەوتوترین لێکۆڵینەوەی زانستی دا کەهەموو پارێزگاکانی عێراق هاوبەشی تیادا دەکات هەروەها هاوبەش چەند کۆڕێکی زانستی دەکەین کە دەربارەی چاردێری کردنی زانستی ساز دەکڕێن ، هەر لەم ماوەیەدا بە تەماین هاوبەشی (٤) چوار ئوردوگای قوتری بکەین کەلە هەر یەکێکیان دا (١٠) دە ئەندام بەشدار دەبن ئەوانەش لە پارێزگاکانی ذی قار هەولێرو تامیم بەغدا دەکرێنەوە .

لە لایەکی ترەوە بەبۆنەی جەژنو بیرەوەریەکانی وڵاتەوە چەند پێشانگەیەکی زانستیو وێنەی فۆتۆگرافی دەکەینەوە کە هەمو یانەکانی مەڵبەندەکەمان هاوبەشی تیادا دەکەن کەلەم ماوەیەدا بە تەماین ئەوەن کە ئەم پێشانگانە بۆ هەریەکێکیاندا زیاتر لە (٥٠) پەنجا ئامێری تیادا پیشان دەدرێت ، جگە لەمانەش چەند گەشتێکو سەردانێکی زانستی لەناوچە جۆر بەجۆرەکانی پارێزگای سلێمانیو پارێزگاکانی تری وڵات دابۆ قوتابیەکانمان ساز دەکەین ، هەروەها بە تەماین لەمانگی نیسانداو پیشاندانێکی زانستی لەبەردەم بارەگای و پارێزگای سلێمانیدا ساز بکەین وتیابدا چەند شتێوەی فڕۆکەو فیشەکی دەستت کردی یانەی کیمیا پیشان ئەدرێت ..

دوا جار سەبارەت بە هەڵوێستی هەندێک لەو قوتابیانەی بەشداری ئەم مەڵبەندە دەکەن خوشکە **ریان کریم** قوتابی پۆلی چوارەمی زانیاری لەقوتابخانەی فریشەی کچان ئەندامی یانەی فیزیا لەم ڕوەوە دەڵێ : شتێکی ئاشکرایە هاتنو بەشداری کردنم لەم مەڵبەندەدا بۆ پێشکەوتنو بەرز بونەوەی ئاستی جۆر بەجۆری خۆم و شارەکەمانە ئەمەش لەڕێگای هاوبەشی کردنم دا لەهەندێ پێشبڕکێدا کەدەربارەی زانست لەناو پارێزگاو دەرەوەی پارێزگاکەماندا دەکرێت .

باری سەرنجیشم لەسەر ئەم مەڵبەندە تەنها هیوا خوازم بۆپێشکەوتنی وئامانج بەشداری کردنی هەموو کرردەکانی ئەم شارەیە لەم مەڵبەندەدا کەوەک پێشینیان وتویانە چەپڵە بەدەستێ لێنادرێ لێرەدا مەبەستم بەشداری کردنی کوڕان وکچانی شارەکەمانە . پاشان کاک **علی احمد محمد** ئەندامی پێشکەوتوی یانەی وێنە گرتن کەلە سەرەتای دامەزراندنی ئەم مەڵبەندەوە هاوبەشی تیادا کردوە لەم ڕوەوە دەڵێ : بەراستی ئەو بەرنامانەی کە لەمەڵبەند پەیڕەوی ئەکرێ زۆر بەپێی لەگەڵ ئاوات و هەستەکانماندا ئەگونجێ ئەمەش وای لێ کردوم هەتا لەتوانامدا بێست هاوڕێیەکی دڵسۆزی یانەی وێنەگرتن بم وبەرزەوام بەدڵسۆزیەوە هاوبەشیان بکەم .

شایانی باسە کاک علی تائێستا دوجار بەشداری پێشانگەکانی ئەم مەڵبەندەی کردو یەکەمیان لەناوەندی کوردستانی کچان بۆماوەی هەفتەیەک کراوەتەوەو ئەوی کەشیان لەشارەکانی کرکوک وهەولێرو دهۆک بۆماوەی شەش ڕۆژ بەردەوام بوەو بە ڕەهەمەکانی ئەم دوو پێشانگەیە بریتی بوە لەپیشان دانی دەستکەوتەکانی شۆرش لە ناوچەی ئوتۆنۆمی کوردستاندا لەگەڵ هەسەرکردنەوەی گەلێ لایەنی فۆلکلۆری باو لەناو میللەتی کوردا .

پاشان خوشکە مەهاباد نجم الدین قوتابی پۆلی پێنجەم لەقوتابخانەی ئامادەیی کچان سەبارەت پەیوەندی قوتابخانەو مەڵبەندی ناوبراو دەڵێ : لەڕووی ماموستاکانەوە هیچ جیاوازیەک تیادا نیە چونکە هەر هەمان ماموستای قوتابخانەکانن وتاقی کردنەوەی خۆمان لەگەڵیاندا هەیە، هاتیشم بۆ ئەم مەڵبەندە نەڕووانگەیەوە نیە کە بۆ کات بردنە سەربێت بە لکو نەمیش وەک بەشێک لە فرمانەکانی قوتابخانە دەبینم بۆیە بەو پەڕی سۆزەوە بەرەوپیری ئەچم .

دواجار کاک خسرو جلال معروف قوتابی پۆلی شەشەم لەئامادەی ئەزمر وئەندامی پێشکەوتوی یانەی زیندەوەرزانی سەبارەت بە سود وەرگرتنو پەیوەندی پرۆگرامی ئەم مەڵبەندە بەقوتابخانەکەیەوە دەڵێ : ئاشکرایە سود وەرگرتنم لەمەم مەڵبەندە بوارێکە بۆتێگەیشتنی وانەکانی فوتابخانەم چونکە ئەوەی لەقوتابخانەدا دەینوێنین لێرە بەکردار بەجێی دەهێنین بۆیە هیوا دارم کەئەم مەڵبەندە هەمیشە لەگەشە سەندنو بڕەو پێدانابێت بەو ئاوانەی کەببێتە لانەی سود وەرگرتنی هەموو ئەو قوتابیانەی ئارەزوی زانیاریو زانست دەکەن .

بەرزگاری گشتی خانە نشین وزەمانی کۆمەڵایەتی

لەم دواییەدا ئەم دەزگایە دەستی کردووە بە دانانی لێکۆلینەوەیەکی دوورو درێژ بۆ شێوازی بەجێهێنانی موعامەلاتی خانوو نشینی کرێکاران کە زەمانی دەیانگرێتەوە یانەوانەی بەدوایان دەهێننەوە وئیجراناتێکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستەی داناوە بۆناسان کردنی جێ بەجێ کردنی ئەو موعامەلاتانە کە لەگەڵ ناراستەکانی شۆرشو حزب لە خزمەتکردنی چینی کرێکاران بگونجێ ئەویش بەهۆی بەکار هێنانی نەخشەیەکی یەکگرتوو بۆ کارج لە لقەکانی دەزگاکە لەهو وڵات وچ لە بەرێوەبەرێتی بەکانی دیوان ، بەم جۆرە ڕیزی گات دەگیری وەمەسەلەی ڕۆتینی دەوری ئامێنێ .

ئێمەش سەرێکمان لە دەزگای گشتی خانوو نشینو زەمانی کۆمەڵایەتی دابۆ ئەوەی ڕووناکی یەک بخەینە بەرچاوی خوێنەران دوای ئەوە ئاگادارکاری یەی کە لە دەزگاکە ئەم ڕووی دا ئەوبو دوو دائیرەی تێیدا دامەزرا ، دائیرەی زەمانی خانوو نشین، دائیرەی یەکەوتەکان (المصابین)و ئاسایشی پیشەیی وبۆ ئەوەی بزانین هەر یەکەیان چیە وچ دەورێک لەودەزگایە دەبێ جەزمان کرد ئەم ڕیپورتاجە لە بارەیان بنووسین .

پێشەکی چووینە لای بەڕێز صباح یونس خسرو سەرۆکی دەزگاکە ولە بارەی قۆناغەکانی پێشخستنی دەزگاکەی بۆ باس کردین :

ئەم دەزگایە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە چەند باسایەکی بۆ زەمان کۆمەڵایەنی دەکردووە وبەچوار قۆناغ ڕۆیشتووە ، قوناغی پواڕەم کەلە ١-٤-١٩٧١ دەستی پێ کرد وئەو قوناغەیە کەباسای خانوونشینو زەمانی کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە ٣٩ ساڵی ٩٧١ چاککرا و تائێستا بەجێ دەهێنرێ . ئەم باسایە هەنگاوێکی چاکە لە بواری پێشخستنی وەوباسی زانستی دا کەهەموو پارێزگاکانی عێراق هاوبەشی تیادا دەکات هەروەها هاوبەش چەند کۆڕێکی زانستی دەکەین کە دەربارەی چاردێری کردنی زانستی ساز دەکڕین ، هەر لەم ماوەیەدا بە تەماین هاوبەشی (٤) چوار ئوردوگای قوتری بکەین کەلە هەر یەکێکیان دا (١٠) دە ئەندام بەشدار دەبن ئەوانەش لە پارێزگاکانی ذی قارو هەولێرو تامیم بەغدا دەکرێنەوە .

لە لایەکی ترەوە بەبۆنەی جەژنو بیرەوەریەکانی وڵاتەوە چەند پێشانگەیەکی زانستیو وێنەی فۆتۆگرافی دەکەینەوە کە هەمو یانەکانی مەڵبەندەکەمان هاوبەشی تیادا دەکەن کەلەم ماوەیەدا بە تەماین ئەوەن کە ئەم پێشانگانە بۆ هەریەکێکیاندا زیاتر لە (٥٠) پەنجا ئامێری تیادا پیشان دەدرێت ، جگە لەمانەش چەند گەشتێکو سەردانێکی زانستی لەناوچە جۆر بەجۆرەکانی پارێزگای سلێمانیو پارێزگاکانی تری وڵات دابۆ قوتابیەکانمان ساز دەکەین ، هەروەها بە تەماین لەمانگی نیساندا پیشاندانێکی زانستی لەبەردەم بارەگای و پارێزگای سلێمانیدا ساز بکەین وتیابدا چەند شتێوەی فڕۆکەو فیشەکی دەستت کردی یانەی کیمیا پیشان ئەدرێت ..

دوا جار سەبارەت بە هەڵوێستی هەندێک لەو قوتابیانەی بەشداری ئەم مەڵبەندە دەکەن خوشکە **ریان کریم** قوتابی پۆلی چوارەمی زانیاری لەقوتابخانەی فریشەی کچان ئەندامی یانەی فیزیا لەم ڕوەوە دەڵێ : شتێکی ئاشکرایە هاتنو بەشداری کردنم لەم مەڵبەندەدا بۆ پێشکەوتنو بەرز بونەوەی ئاستی جۆر بەجۆری خۆم و شارەکەمانە ئەمەش لەڕێگای هاوبەشی کردنم دا لەهەندێ پێشبڕکێدا کەدەربارەی زانست لەناو پارێزگاو دەرەوەی پارێزگاکەماندا دەکرێت .

باری سەرنجیشم لەسەر ئەم مەڵبەندە تەنها هیوا خوازم بۆپێشکەوتنو بەرز بونەوەی ئاستی جۆر بەجۆری خۆم و شارەکەمانە ئەمەش لەڕێگای هاوبەشی کردنم دا لەهەندێ پێشبڕکێدا کەدەربارەی زانست لەناو پارێزگاو دەرەوەی پارێزگاکەماندا دەکرێت .



باری سەرنجیشم لەسەر ئەم مەڵبەندە تەنها هیوا خوازم بۆپێشکەوتنو بەرز بونەوەی ئاستی جۆر بەجۆری خۆم و شارەکەمانە ئەمەش لەڕێگای هاوبەشی کردنم دا لەهەندێ پێشبڕکێدا کەدەربارەی زانست لەناو پارێزگاو دەرەوەی پارێزگاکەماندا دەکرێت .

Institut Kurde de Paris

لەهاوکاری وکۆمەڵایەتی خەڵکی

ئەمانەتی گشتی کاروباری ناوخۆیی بەتەنک (هاوکاری)و کۆمەڵانی خەڵکەوە دێ

ئەمانەتی گشتی کاروباری ناو خۆیی لە ئەنجومەنی ناو خۆیی لە ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان ، بەنووسراوی ژمارە ١٢-٢٨٣٢ لە ٢٩-٣-١٩٨٠دا بەتەنگەوە هاتنی دڵسۆزانەی دەرخستوە بەرامبەر بە داواکاری خەڵکی کە لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاو دەکرێتەوەو ئەمەش دەقی ئەو نووسراوەیە کە بەرامبەر نامەی هاووڵاتیەک ئاراستەی بارێزگای دهۆکی کردوە :

- بۆ پارێزگای دهۆک حوکمی محلی ن سکالا .

سەربختان بۆ ئەوسکالایە رادەکێشین کە لە ژمارەی ٥١٨ی ٢٤-٣-١٩٨٠دا لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا وگۆشەی« هاوکاری و کۆمەڵانی خەڵک » بڵاو کرابوەوە دەربارەی کەمو کورتیەکانی قوتابخانەی (هیزاڤا) لەقەزای زاخۆ ، لکا دەکەین چارەسەری ئەو مەسەلەیەکەنو ئاگادارمان بکەنو سوپاس .

لە جیاتی ئەمیندارێ گشتی کاروباری ناوخۆیی
● هاوکاریَ :

ئێمە لە کاتێکدا سوپاسی ئەم ئاوڕدانەوە دڵسۆزانەیگەیەنینە بەر چاوی کاربەدەستان بەڵام ، بۆ کەستان ناو ونانوێشانی خۆتان نەنووسیوە ؟ ... ببورن .

خواستەکانی کەلار

● هاووڵاتی حسین محمدنامەیەکی نووسیوە ، دەربارەی کەمو کورتیەکانی قەزای کەلار ودەڵێ :

(شارەکە لە ساڵی ١٩٧٥وە فراوان بوەو ژمارەی دانیشتوانی ڕوو لە زیادیە ، جەماوەری ئەم شارەدا وا لە ئۆڕش دەکەن بە تەنگیەوە بێتن و لەم شارەدا چوار کۆمەڵە خانوی گوندەنشینکان هەن : کۆمەڵەی حەمەی کەریم ، کۆمەڵەی ڕزواری ، کۆمەڵەی بەردەسوور ، کۆمەڵەی (٥٠٠) خانوو ، ئەم کۆمەڵە خانوانەو ئاو قەزاکەشی خۆی بەدەست بێ ئاوبەوە دەناڵێنن ، ئاوی سیراون تەنیا (٢٥٠) مەترلەم شارە دوورەو کەچی بێ ئاوی پێزاری کردوە ، دیسان شارەکەمان تەلەفزیونی تامیمی بە باشی تیا وەرناگیرێ داوا دەکەین ئەم خواستەشی بە دڵسۆزی سەیر بکرێ

● کۆمەڵی جوتیار گوندی(چۆمە زەردە)

ئەو سکالایەی ناردووتانە ،ئێمە ئامادەین بە دوایدا بچینو بیگەیەنینە بەر چاوی کاربەدەستان بەڵام ، بۆ کەستان ناو ونانوێشانی خۆتان نەنووسیوە ؟ ... ببورن .

بەخێرایی

● خۆشکە نەسرین عبدالله شاوەیس لە سلیمانی

دیسان نامەیەکی نووسیوەو سکالا دەکا لە دەست هەندێ خاوەن کتێبخانەی شارەکە کە بازرگانی بە کتێب فرۆشتنەوە دەکەن ، بان بە دەستیاو کتێب دەفرۆشن ... ئەوی ڕاستی بێ ئەم خوشکە ناوی هەندی کتێبخانەی دیاری کردوە ، بەڵام ، ئێمە ئەمجارەش ، تەنیا ئەوەندە دەڵێین ئەم بازرگانیە ڕاست نیە چونکە لەسەر حسابی ئارەزووی ناخی خوێنەوارە. خوشکی ... دەبان خەبنە بەردەمو یژدانی خوێان ...

ڕێکخراوی پێشرەوەکان وجموجوڵێکی دیار

● لەو ماوەیەدا ڕێکخراوی پێشرەوەکان لە شاری هەولێردا چەندەها جمو جۆڵی بەرفراوانی ڕۆشنبیریو هونەری بە خۆیەوە بینیوەو بەردەوامە لە نواندنی چالاکی یەکانی ولیژنەکانی سەر بەڕێکخراوە لە کاردان بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی چاوکراوەی نوێ . لەم چەندانەدا ڕێکخراوە کە هەفتەیەکی ڕۆشنبیری کردوە ، وە ئەم هەفتەیە بەووتەیەکی لێ پرسراوی لیژنەکە کرایەوە ، وەبەڕێز مخلف عباس ئەمیندارێ نهێنی نوو سینگەی قوتابیان ولاوان لە لقی هەولێر لە کردنەوەی ئەم هەفتە یەدا بەشداربو .

ئەو هەفتەیە چەندەها جمو جۆڵی ڕاگەیاندن وڕۆشنبیری تێدا پێش کەش کراو لەپێشەوە بەرێز ئەمیندارێ نووسینگەی قوتابیان لیژنە هەولێر بەیەکی لە ئەندامانی لیژنەکە دەستی بە قسەکان کرد وئاماژەی بە ئامانجی ئەم هەفتەیە کرد وگوتی : ئەم هەفتەیە بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە داناوە بۆ ناسان کردنی جێ بەجێ کردنی ئەو موعامەلاتانەی کە لەگەڵ ناراستەکانی شۆرشو حزب لە خزمەتکردنی چینی کرێکاران بگونجێ ئەویش بەهۆی بەکار هێنانی نەخشەیەکی یەکگرتوو بۆ کارج لە لقەکانی دەزگاکە لەهو وڵات وچ لە بەرێوەبەرێتی بەکانی دیوان ، بەم جۆرە ڕیزی گات دەگیری وەمەسەلەی ڕۆتینی دەوری ئامێنێ .

هەروەها ئەو بەڕێزە ئاماژەی بە ئەرکەکانی ئەم لیژنەیە کرد وگوتی : ئەرکی سەرەکی ئەم لیژنەیە بریتیبە لە بەرەوپێشبردنی کاروبارەکانی ڕێکخراوی پێشرەوەکان لە ناوچەکە بەگشتی و لە شارەکەدا بەتایبەتی ، هەروەها بەشداری کردن لە بەرنامەی ڕۆشنبیری و کولتوری و هونەری و وەرزشی و ڕاگەیاندن و ئەدەبی و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر بۆ ئەندامانی ڕێکخراوەکە و

کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی و کۆڕێکی کوردناسی

تا ڕادەیێك مێجەر نۆئیلی ئنگلیزو کوردناسی ناسراوە بەڵام جی . ئار . درایڤەر لە ناو کوردناسەکاندا کەمتر ناسراوە .. یا ڕاستتر وایە بوترێ کە هیچی ئەوتۆ لە بارەیەوە نازانرێ بویە ئەم کۆڕە .. یا ئەم باسە بە باسێکی نوێ دادەنرێ .

بەم جۆرە دکتۆر ئەحمەد عوسمان لە ڕۆژی ٢ی نیسانی ١٩٨٠داو لەهۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا دەستپێکرد .. بەر لە دکتۆر.. مامۆستا عەبدولسەتار تایەر شەریف کۆڕگێڕی پێشکەشکردو وتی کە بێگانەکان .. کورد ناس و ڕۆژهەڵاتناسەکان لە کۆنەوە کوردیان بە جیهان ناساندووەو لە زۆر لایەنی ژیانی کوردەواری دواون .. هیوادارین دڵسۆزانی خۆشمان .. ڕۆشنبیرو پسپۆرانی کوردیش کەمتەر خەمی لە کورد بە بێگانە ناسیندا نەکەن و لەم بوارەدا تەقەلای خۆیان بدەن ..

د. ئەحمەد گەرچی زوربەی باسەکەی بۆ درایڤەر تەرخان کردبوو بەڵام ئەوەی دیار یکرد کە ناونیشانی باسەکە « سەرنجێکە دەربارەی کوردناسیی ئنگلیزی دوای شەڕی یێکەمی جیهانی »و لە سەرەتاوە بە مێجەرنۆئێل دەستیپێکرد چونکە نووسینەکانی درایڤەر پەیوەندیەکی زۆری بەمەوە هەیە ..

نۆئێل چوار باسی لە کوردناسیدا هەیە .

١ - ڕاپۆرتێك : کە لە ساڵانی ١٩١٨و١٩١٩ دەدوێ و بەشێوەی یاداشتەکانی خۆی لە کوردستاندا .

٢ - تێبینی لە بارەی کوردەواریەوە .

٣ - کۆمەڵێ یاداشتی ڕۆژانەی لە گەشتێکی ئەو سەردەمەیدا وبەشێوەی نامیلکەیێکی ٨٦ لاپەڕەییە .

٤ - بەدیل گرتنی نۆئێل بەدەستی چەکدارە ئێرانییێکان . نۆئێل دەڵێ هەستی بەتەوایەتی و میللیەتی کورد تا دێ بەتین تر دەبێ و بە ماف وەرگرتن نەبێ وازناهێنن .

ئەمجا دکتۆر وتی باسی ژیانی ئەم کوردناسانە ناکەم وتەنیا ئاسارە کوردناسیەکانیان ئیشارەت پێ دەدەم ..

یێکەمین لێکۆڵینەوەی درایڤەر کتێبێکە بە ناوی « کوردو کوردستان » لە ساڵی ١٩١٩دا لە فەلەستین چاپکراوە و ئەم کتێبە بریتیە لە پێشەکی و سێ بەش .. تێکڕا ئەم باسانەی گرتۆتە دوو توێ ..

بڕوانە ل : ٧

یەکێتی نووسەرانی کوردو کۆڕێکی شیعرخوێندنەوە

بەڕێکەوت شاعیری لاو کاکە نەژاد عەزیز سورمێ لە بەغدا بوو .. لەسەر تەخت دانرا بۆ ئەوەی کۆڕی شیعریی مەڵبەندی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد بەڕێوەبەرێ کە سەر لە ئێوارەی دووشەممە ڕێکەوتی ٣١ی مارتی ١٩٨٠ لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا گیرا ..

بەخێر هاتنی میوان و شیعر دۆستەکان .. پارچە شیعری جوان ر کۆپلەی نازداری دەخستە نێوان شیعری شاعیرانی ئەم کۆڕە لەگەڵ تکای ئەوەشدا کە هاتووین زاخاوی بیرو سۆزو دەروونمان بە ئاوازو مۆسیقای شیعر بدەینەوە نەك چەپلە ڕێزان ..

لە سەرەتاوە کاکە عەبدوڵڵا قەرەداغی شاعیرو هەموو خەمەکانی سەردەم و خەونەکانی بۆڕماندنی کۆشك و تەلاری ڕەش و نەگریسی چینایەتی و وتی :

ئەمشەو تەنیام
بەڵام هەموو ژانەکانی داماوانی ئا ئەم کەونەم ..
لە سەرمدا کۆکردەوەو بۆمبایێکی ڕق ئەدوێنم
گەر پێم بکرێ
کۆشکی ڕەشی چینایەتی ئەڕووخێنم
ئەمشەو تەنیام
دڵم باسی بۆ کڕووزو برین ئەکا
ئێسکم باسی داشکان و ڕزین ئەکا
بەڵام سەرم
لە سنووری مەرگ و تەم و دەرئەچێ و
تەنها باسی هەژاران
ئاو نان و باران ئەکا

کاکە عەبدوڵڵا عەباسی شاعیریش سێ پارچە هۆنراوەی کردە دیاری بۆ جەنگاوەرێك کە ویستی لە سنوور بپەڕێتەوەو تا جەگوڵینەی خۆشەویستی و وەفاداری لەمەیدانی چوارچرای مەهابادا بکاتە دیاری قازی محەمەدی شەهیدو نەگەیشت و پێکرا .. جەندرمەکانی شای ئێران بێکرا ..

کاکە مارف عومەر گوڵی شاعیریش .. لەگەڵ « هۆرەی سیامەند » داکچی دڵی گۆرانی بۆ ئەسێرەی نومید دەڵێ و داوای ژوانی لێ دەکا .

هەوری گریانت وا لە ئاسمانی شینی وڵاتا
ئاسۆی چاوانت وا بەسەر بەفرو
گڕی نەورۆزی لوتکەی شاخەوە
سەری تووڕەییت
بەر کام بروسکەی ڕۆژگار ناکەوێ و
ناکەوێتە ناو تەمی بێ بنی هەردی مردنا
ئەی کچی دڵت حەزی لە کێیە
گەر لە ئەوینی شەوی قوربانا
پەنجەی سوور نەکاو بۆ ئەستێرەی سوور ڕای نەوەشێنێ
شەوانی نەورۆز
لە لوتکەی شاخا دای نەگیرسێنێ .

کاکە عەبدو لکەریم دەشتی و کۆمەڵێ حەز ڕۆمانسیانەی تێکەڵ بە شەوو خاك و سروشت و باڵندە کرد وتی :

گەلێ ئەستێرە ئێواران
حەز ئەکەن لە پەنجەرەی من ، هەناسەی شەو بخۆنەوە
گەلێ چۆلەکەی ماندوو بوو
ئەیانەوێ لە نێو هۆنراوەی من
هەناسەی سەو بخۆنەوە ..
چەمیش کاتێ کە بارانی لێ ناباری
لە ناو چاوما وا ئەکەوێ
گیانە زۆر کچیش هەیە
گەر هۆنراوە کە زیی هەستیان دانەهێنێ
قەت قەت خەویان لێ ناکەوێ ..

ئەمجا کاکە عەبدوڕەحمان مزووری و موئەیەد تەیب و شەو ئاوازی خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمان و ئازایخوازانی کوردی ئێران و ڕوو بە ڕووبوونەوە - لە چەند تایلۆێیکدا بە دابلەکتی کرمانجی ژووروو پێشکەش کرد .

کاك محەمەد بەدری شاعیریش باسی ئەو شاعیرەی کرد کە رەفزی کرد بڵێ دەوڵەمەند دۆستی هەژارە .. رەفزی کرد بڵێ شەو ڕووناك و پرشنگدارە .. شیعرەکەشی پێشکەش کرد بەرۆژی بیرەوەری لە سێدارە دانی قازی محەمەدا لە ئێران .

شاعیرێکیان خستە زیندان
لە باش ئەوەی هەردوو دەست و قاچیان شکان
وتیان ئەبێ شیعرێك بڵێی ..
تیایا بڵێی : شەو ڕووناك و پرشنگدارە
دەوڵەمەند دۆستی هەژارە ..
مانگە شەویش شەوە زەنگە
کانیاو تفت و تاڵ و مەنگە
حاجی قادر دەرەبەگ بوو
بابە تایەر شاعیرێکی گێژو لەنگ بوو
نالی زۆر کەلحۆو دەبەنگ بوو
ئەو شاعیرە هەردو دەست و قاچ شکاوە
ئەو شاعیرە لێقەو ماوە
هاتە دوان : وتی کەواتە بنووس
شاعیرێکی دڵسۆزی کورد
لە پێناوی ڕاستیا مرد .

دوای ئەویش کاکە مەسعوود پەرێشان و کاکە محەمەد هەژار شیعرەکانیان پێشکەش کرد .. ئەویان بە توندو تۆڵی خۆی شوێنەوارو سروشت و گیاندارەکانی بەستبۆوەو ئەمیشیان لەگەڵ کێشەی فەلەستین و هەموو زۆرلێکراوێکدا دژی زۆردار بوو ..

لە کۆتاییدا مامۆستا عەبدو ڕەزاق بیمار بە شیعرێکی هێمن کە زیاتر لە شێوەی چیرۆك یان شانۆگەریدا بوو .. پەرەدێ لە ڕووی هەموو زوڕناژەن و ساختەکارەکان داماڵی و تەپڵی بەتاڵیانی ئاشکرا کرد.. کۆڕەکە نزیکی سەعات و نیوێکی خایاند .

ترسا دلبەرا من

● تێلی ئەمین ●

دلبەرا من
نەکو ذێژی تە ژ بیر کرم
دەمێ خەملینا بو یکبینی یێ ژ من دزی و
کراسێ رەشێ زێمارێ ل بەر من کرن
دلبەرا من
نەکو بێژێ :
دوستێ منێ ژ کەیفا د کەنیت
ناڤ چڤاتا ب شاهی د گەڕیت
کی د بێژیتن ؟
بویك ژ کەیفا ناگرین
کەوێ گریدایی د ناڤ رکێدا ژ خەما
ناقەبیتن ؛
دلبەرا من
نەکو بێژێ ..
زوما مەیا پەوان کرێ
دورماندور نژوەچی یا ، یا حسارکرێ
سەرێ رێکا کەلێ پال نارێ من بری
ئێلچی ئێت بێ بەخت دێ هێن و من رەڤینن
بابێ د کوژن دایی دێ گریت
لباژێرێ رەنگ گونەهکارو تاریستانێ
ئێك وێ من فروشیت و ئێك وێ من کڕیت
نیقا شاڤێ جڤاتا چەند بیرەئاغا
دێ ئێت ل سەر جانێ م رەویت
کی د بێژیتن ؟
ئەو دێوێ رەش روستەمێ زالێ
سەرێ لێ نابڕین
حاجی رەشکەك نامەکێ بو من ناهینت
سیمەرخەك ناهێتن و من ناگەهینت
شێرێ مەلەبادی بو من ژ دارمێوەکێ
ناچەمینت
کی د بێژیتن ؟
مژو مورانێ ژ چیا ناراتەنینم
ئەز دلبەرا خو رەخێ خو
ناخەوینم !!!

ئاواز

عوسمان شەیدا

تۆ .. ژیانێکی هێمن تر بۆناخی من دروست ناکەی
ئەمە شەفەرێکی سەختە
دنیای منی - غەریبە ماڵ .
سوتان و گڕی عیشقێکی ئەبە دێیە
ڕێبواری ئەم سەفەرە نیت ،
: - دەبی بەدایکم
سەرم بخەتیە سەر ڕانت
دەست بەناو قژما بگێڕێ ، هەتا دەنوم ؟
دەبی بە دەزگیرانی بەختم ؟ .
- ئۆف .. کچی جوان !
لە بەر چاومە ..
تۆش دەبی بەذیرەوەری
دوای چەند شەوێ مەست بوون و فرمسێك ڕشتن
تۆش دەبی بە
برینی یادگارێکی پڕ لە خەم و کوێرەوەری

بانگەوازێك و مژدەیەك

ئەی نووسەرو شاعیرانی بەرێزی کورد
ئەی رۆشنبیرو خوێنەرانی خۆشەویستی کورد

هەموو دەزانین کە خزمەتی رۆشنبیری و ئەدەب و زمانی پیرۆزی کوردیمان یەکێکە لە ئەرکە هەرە گەورەو نەمرەکانی هەمور یەکێك لە رۆڵە دڵسۆزو مشوور خۆرو پارۆشەکانی نەتەوەی کوردمان .. ژیانی گەل و مانەوەو پێشکەوتنی باری ئەو ژیانەش راستەو خۆ بە جەمسەرەکانی رۆشنبیری و ئەدەب و زمانەوە جۆش دراون .

مایەی شانازی و بە ختەوەری یەکی قووڵ وبێ ئەندازەیە کە بزوتنەوەی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کوردیش لە گەشەو پەرەسەندنایەو کوردیمان خەریکە بەرەو ئاسۆی حەملین هەنگاوی پێویست دەنێت و دەخووڵێت .

شێخ نووری شێخ سالحیش (م. نووری) کەیەکێکە لەو رۆشنبیرو شاعیرانەی کە بەردی بنچینەی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی یان لە سەرەتای بیستەکاندا دانا ، ئەویش بەبێی تواناو بەهرەی بەپێزی شاعیرانەی ، بەبەرهەمە شیعری یە جوانە کانی چەند چەپکە گوڵێکی تەڕو باراوو رەنگینی پێشکەش بەژیانی نەمری شیعرو ئەدەبیات و زمانی کوردیمان کرد .

هەڵبەتە جێگای داخ و ناسۆری یە کەتا ئێستا ، جگە لە نامێلکەیەکی بچووك و چەند نووسینێکی ئێرەو ئەوێ ، وەك پێویست ، شتێکی ئەوتۆ بۆ ئەم شاعیرە نوێ کەرەوەو گەورەیەمان نەکراوەو سەبارەت بەزۆر گیروگرفتی ناهەموار تا ئێستا دیوانی تەواوی شیعرەکانی ئەم شاعیرەمان نەکەوتۆتە ناو کتێبخانەی کوردی وبەردەستی خوێنەرانی کوردو دڵدارانی شیعری ڕەسەن و نازداری کوردیمان .

جاوا بەونیازو هەست و مەبەستەوە . بۆ ئێوەی بەرێزی دەرخەین . کە پرۆژەی کۆکردنەوەو چاپکردنی دیوانی تەواوی شیعرەکانی شیخ نووری شیخ سالحمان بەدەستەوەیەو ئەمانەوی لە سنووری خواست و هەستەوە بچێتە ناو چوار چێوەی کردەوەوە .. بۆیە لەپاڵ ئەم مژدە خۆشەدا ، رووی دەمی تکاو دڵسۆزی و داوامان، ئەکەینە ئێوەی خۆشەویست، ئەی نووسەرو شاعیرو رۆشنبیرو هونەرمەندو خوێنەرانی کورد بۆ ئەوەی بە دەنگمانەوە بێن و ئەم لایەنانەی خوارەوە بە سەربکەنەوە :

هەر شیعرێکی ئەم شاعیرەتان لادەست ئەکەوێ، بڵاوکراوەو بڵاو نەکراوە ، گرمانتان لێ یەتی ، بەهی ئەوی ئەزانن یان هەر وێنەو یادگارو یادداشت و بەسەرهات و پەخشان و نووسین و نوکتەو ژیانی رۆژ نامەگەری و هەر بەجێماوو ئەسەرێکی ، چ دەربارەی ژیانی ئەدەبی ، یان شەخستی و پەیوەندی و هاوڕێیەتی و کاروبارێکی ئەوتۆ کەپیویست بێ بە لە

بڕوانە ل : ٧

ئاواز

فرید زامدار

وەك ئەستێوە بەدیم کردی
ئاسمان دامێنی گرتبوری
خۆت بەخۆرا هەڵدەواسی
سەری فریشتەت بەدیاری بۆم دەهێنا
لەو دوورەوە ..
گیانی هەرزەکاری منت پێ دەشێڵا !..
لە هاتنی ئێواراندا
وەکو فرمێسك بە ڕووی دڵما شۆر دەبمەوە
شەو لە هەنگاوی دەروونماخەو دەبینێ
تاریکاییم لە باوەشما هەڵگرتووە
بە باڵای بڵندی شەو هەڵدەگەڕێم .
ئەستێرەبێ ..
بۆ تاوێ ڕووناکی بەرپێم
سەر ناکاتە تاریکی ڕێم !..

× × ×

لە بدینما تێدەپەڕی
لە سەر ڕێی تەمەنما دەڕۆی
خەمی دڵم دەخۆیتەوەو ..
لە ئازارما سەردەکەوی ..
بوونم لە تۆ دەست پێ دەکاو ..
دووا خەرمانی تەمەنی من
لە ئاهەنگی دووا گۆرانی دەسووتێ ..
بەرگی شیعرم لەبەر دەکەی ..
کەچی شیعر لیم غەریبە
لای من ووڵات
گەورەترە لە سووتانی عیشقی باڵات
لای من خەندە
خۆری گریانی لێ هەڵدێ
کە گریانت بە ئازارم پێ بکەنێ
دڵت ، چاوت ؛
هەموو نهێنی هەناوت
زیاتر لە خەم چیم دەوەنێ ؟ ..
من ئێوارەو .. تۆ بەیانی
چی بەبەکترمان دەگەینێ
پێك گەیینمان تێك شکانی
یاسای هەموو سەر زەمینە
خەمی منیش هێندەماتە
بەبێ دەنگی ڕژاوەتە ..
ئەو ڕووبارە پڕ ئەوینە !..
زەردەخەنەی ڕەزی شیعر
بە سروشکی دانەڕژاوی زەوی دەڕوێ
بارانیش تا وەرزی سووتان
گر لە هەناوی بەرئەدا
یەخەی کۆچی سەرما ناگرێ
سوڵتانی کیشوەری عەشق
تا گیان نەخاتە بەردڵی سەوداسەری

× × ×

دارستانێك ئاواتی چڕ
لەسەر لێوی شکانەوەی سێبەری دێرژی ناخمایە
تۆش بە چاوێکی تر دەگری و
کەلێنێکی دونیای خەمی سەرگەردانیم لێ ناگری
رۆژ لە ڕووخسارتا خەوتووە
گڕ دەخاتە کۆشی چاوی بێداری من
تا بەزمانی تیشك بروێی ..
غەریبی و خەم
لە باوەشما زوو شین دەبن ! ..
دەنگت لە ناو قژی تیشکا
سەدای دەردێ
منیش لە ناو گڕانە بێ
گڕی دەنگم دانامرکێ..

× × ×

تۆ لە ناو ڕووباری ناخما مەلەت نەکرد
نازانی چەند شەپۆڵ غوربەتی تیایە
هاژەی خەمی چەند خۆش دەوێ
تۆم خۆش دەوێ
کە نازانی دونیای ئازار تامی چی یە
لێم گەڕێ با خۆشتم بوێ
نە تاریکی و .. نە روناکی .. چاویان تی یە
سایەی دوورو نزیکی تۆ بخوێننەوە
وەرەناخم و .. مەگەڕێوە
نە زەمین و .. نە ئاسمانی ..
دێرینی خۆت
وەکو جاران ناتناسنەوە ! ..

× × ×

حەزی هەموو ئەو دونیایە
لە دڵمایە ..
کەچی دڵێ تاکو ئێستا
بە ئازاری سەوداسەری من نەژیایە !
ووتیان نەکەی ..
لەو سەردەمە
باسی عەشقی - وەلی - بکەی ؟ ..
- وەلی - لەگەڵ زەمانی خۆی سەری هەڵگرت
خێل نەماوە شوین کۆچی ئەستێرەکەوی
منیش ووتم ..
هەزار - وەلی -
خەرمانی - جێ سووتن بێی - هەزار (مەحوی)
دەژی و دەژی
تا لێبدا دڵی زەوی ! .
کەی فەرهادو .. کەی سیامەند
بە قەد مەرگی جیهانی من
شەهیدی عەشقی زیندوو بوون
کەی عاشقانی خاك و خۆر
عەشقی منیان هەڵگرتووە ؟..
لە ناو چاوی هەر شیعرێکما
چەندین چاوی
وەك شیرین خەجێ و لەیلای تیا خەوتووە !..

دەزگای گشتی (پاشماوە)

بانەکانو کۆمەڵە خانووی وەزارەتی کار لە پارێزگاکاندا. وەدەزگای گشتی خانوونشین وزەمانی کۆمەڵایەتی هەمیشە هەوڵ دەدا بۆ هێنانە دی ئامانجو ئاواتەکانی سەرکردایەتی مەزنمانو بۆ خۆشیو بەختەوەری هاوولاتیان .

× دوای ئەوە کە گفتوگۆکمان لە گەل سەرۆکی دەزگاکە تەواو کرد سەرێکمان لە دائیرەی پەککەوتەکان وئاسایشی پیشەیی داو چاومان بەبەرێوەبەری گشتی دائیرەکە بەرێز عبدالستار عبدالجبار کەوتو ئەم پرسیارەمان لێکرد .

● پەیوەندی ئەم دائیرەیە لەگەل دەزگاکە روون بکەنەوەو دەوری ئامۆژگای ئاسایشی پشەیی لە خزمەتکردنی کرێکاراندا چیە ؟

– پەیوەندی لە نیو ئەم ئامۆژگایە وەدەزگاکە بەوە دیاری دەکرێ کە لەرووی بەرێوەبردنو دارایی یەوە بەیەکەوە بەستراون .

● ئەو ئەرکانە چین کە ئەم ئامۆژگایە بەجێی دەهێنێو خستویەتی یە ئەستۆی . ؟

١ – دیار کردنی ئەو پیشە سازی وکارانەی کەدەبنە هۆی نەخۆشی کرێکاران .

٢ – بە سەر کردنەوەی ئەو پیشە سازی وکارگانەی کە زیانبە کرێکار دەبەخشێ وپێویستە ئهۆی پاراستنی تێدا بخرێت بۆ ئەوەی روونەدا یاخود کەم بکرێت .

– دیراسەو لیکولینەوە لە سەر رووداوەکانی کارکردن (اصابات العمل) بکرێ لە ژێر رۆشنایی ئەو تەنو چەلەسانەی کە دێتە رێگەی بەپێی زەمانی (٢) بەنیسبەت ئەو کرێکارانە زەمان دەیانگرێتەوە ونموونەی (١٠) بەنیسبەت ئەوانەی زەمان نایانگرێتەوە هەروەها دانانی چەند داب ودەستورێکی تایبەتی بۆ ئەوەی ئەو رووداوانە دووبارە نەکرێنەوە.

● ئامۆژگاکە بەچ رێگەیەك کرێکاران دەپارێزێ ؟ .

– ئامۆژگاکە هەمیشە هەوڵ دەدا هوشیاری پاراستن (الوعی الوقائی) لە نێو کرێکاراندا بلاو بکاتەوە لەمانە بلاو کردنی ئەو تعلیماتانەی کە تایبەتە بەپاراستنی ئەویش بەشێوەی نامیلکە چاپ دەکرێو بە سەر هەموو دائیرەکانی خاوەن پەیوەند بلاوی کردۆتەوە هەروەها دەرکردنی پوستەری دیوار ، نیازمان هەبەلە باشە رۆژدا پەنا بەرینەبەر ئێزگەو تەلەفزیونو رۆژنامەو تۆڕی بەستن لە کتێبخانەی (کار)و یانەی کرێکاران بۆ بلاو کردنی هوشیاری پاراستن .

لە دواییدا دائیرەیەکی ترمان هاتەپێش کە لەهەمان دەزگاکەیەو چاومان بەبەرێوەبەری گشتی بەرێز **حیدر عبد علی** کەوتو لێمان پرسی :–

● ئەو ئیجراتانە چین کەوا دەزگاکە لەدانانی موچەی خانوو نشین دەیکا؟.

– دەزگای گشتی خانوو نشین مووچە دەدا بەو کرێکارانەی زەمان دەیانگرێتەوە وئەوانەی لەدوایان دەمێننەوە بەپێی یاسای خانوو نشین وزەمانی کۆمەلایەتی ژمارە ٣٩ سالی ١٩٧١ چاککراو لەکاتی پیریو پەککەوتنو تووشبوون لەکاتی ئیشکردندا .

دائیرەکانی زەمانی لە پارێزگاکانی وولات دەست دەکا بە دانانی موچەی کرێکارە خانوونشینەکان وپاشماوەیان ، ولەبەر ئەوەی ئەم دائیرانە لەمەلبەندەکانی پارێزگاکانو هەندێك لە قەزاکاندا هەیە لە بەر ئەمە خانوو نشینەکان ناچار دەبوون هەموو مانگێك هاموشۆی ئەم مەلبەندا نەیان بکردایە بۆ وەرگرتنی موچەکانیان ، هەرچەند ژمارەیەکی زۆریان لە دەرەوەی مەلبەندی پارێزگاکانو بۆ ئەوەی عەمەلیەتی دانانی موچە بۆیان ئاسان بکرێ ، دەزگاکە ڕێککەوتن لە گەل بەرێوەبەرێتی گشتی دەستەی بۆستەو پاشە کەوت لە وڵاتدا لە رێگەی نووسینگەکانی موچەیان بۆ بنێرێ بەرامبەر عومەلەتێك کە دەزگاکە دەیداتە پوستەو لە موچەیان دابرێت ، ولە ١–٩–١٩٧٨ لە پارێزگای نەینەوا دەست کرا بەم کارە لەدواییدا لە هەموو پارێزگاکاندا جێ بەجێ کرا تەنیا بەری رەصافە نەبێ لە بەغدا .

دەزگاکەش ئەوە پتر لە سالێکە لیکولینەوەی جێ بەجێ کردنی رژێمێکی نوێ دەکا بۆ دانانی موچەی خانوو نشینەکان لە رێگەی بەکارهێنانی حاسیبەی ئەلەکترونی ، کاریش بە پێی ئەم رژێمە بۆ یەکەم جار لەبەری رەصافە لە بەغداد لە نیوەی دوومی سالی ١٩٨٠ دەست پێ دەکا .

سمیرە محمد علی
وێنەگر : غازی

کوردیکی (پاشماوە)

لە پێشەوە باسی ئەو سەرچاوانەی کردوە کە سوودی لێوەرگرتوون . . ئیتر باسی کوردو سنوورەکانی ، هۆزو عشیرەتە کوردەکان . . بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد . . لیکولینەوەی ئایینی کورد .. هتد دەکات .. درایڤەر بروای وایە کە ناوچەی (وان) هەموو ئەرمەنی بن . . کە ئەمە هەڵەیەو وان ناوچەیێکی کوردەواری کوردستانی تورکیایە ..

درایڤەر باسی ئەوە دەکات کە کورد لە پاش سالی ١٨٦٦وە لە عێراقدا دەوری بایەخدارو گرینگی هەبوەو بزوتنەوەی کورد لەو سالەوە دەستی پێکردوە ئیشارەت بەوەش دەدات کە کوردەکان برا ئەرمەنیەکانیان پاراستوەو سەرۆکێکی کورد وتوویەتی کە چاکترین چارەسەری گیروگرفتی ئەرمەنیەکان لە کوردستانێکی ئازاددا دێنەوی ..

دوای ئەوەی باسی چەند بیاوێکی گەورەی کوردی کرد کە چ دەورێکیان لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردا گێراوە وەك سوورەییا بە درخان .. ئنجا بە کورتی باسی شێخ مەحموودی نەمری کردو درایڤەر دەلێ : ئنگلیز نەیتوانی شێخ مەحموودو ئەو دەستە نوێیەی کورد وەك دۆست مامەلەیان لەگەل دا بکات ..

دریڤەر دەڵێ کە هاونیشتمانی کورد لە عوسمانیەکان بێزار بوونو دژی بێگانەش بوونو لایان ستەمبوو کە ئەم نەتەوەیە تەوارەی خۆیان نەبێ لەم جیهانەدا ..

لە کۆتاییدا بە نامە چەندان پرسیارو سەرنج خرایە روو .. بەتایبەتی کێشەی کوشتنو برینی ئەرمەنیەکان ، هەروەها دەربارەی ناونیشانی باسەکەش کە لەگەل سەرجەمی باسەکەدا یەکی نەدەگرتەوە.. کە لەلایەن د. ئەحمەدەوە روونکرانەوەو وەلام درانەوە.

لە کۆمەڵەی (پاشماوە)

قاچەکانم توانای نیە من بێتم بۆلات .. تۆ بگەرە هانام هێزو توانام پێ ببەخشە ..»

بێ گومان تیشکی خۆر هەڵاتنی رۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بوو کە لەسەر سلایدێك لەسەر شانۆ پرشنگی دابەوە .. ئنجا ..

منداڵێك بە بەرگی کوردی یەوەو سێ منداڵی تریش بە بەرگی کوردیەوە بەسلایدنیشان دران کە خەریکن گوڵو خۆشەویستی دەروێنن .

ئەمە ئەگەر هەموو ناوەرۆکی شانۆیی یەکە نەبێ ئەدا پوختەیێکێتی نووسەر « کاك دلشاد محەمەد ئەمین» ی شاعیر سێ نموونەی مرۆڤی گرتووەو بە هەموو لاوازیو بەهێزیانەوە .. بە هەموو ترسو ئازایەتیانە .. دەیانخاتە روو لە پاڵ چەند گاردیانێکدا کە لە هەموو هەستێکی ئینسانی تەوەللا بوونو بوونەتە ئالەت .. داری .. گازی .. لیستی .. هەر شتێکی تری بێ گیان .. سەرتاپا سۆپەرمانمان نەدی تێکرا لە نیوان مل کەچیو بێزاریو بەگژاچووندا بوون .. لە نیوان رووخانو دروستبوونەوەدا بوون ..

بەلام (دلشاد) ئەوەی لە یاد نەچوو بوو کە هەریێکی لەم سێ پالەوانەی سیماو گوفتاری تایبەتی خۆی بداتێ . چونکە ئینتیمای چینایەتیان جیاواز بوو .. لونتەراتچی زادە بەو پەڕی بێورەییەوە هاتو خۆی فرۆشت .. پینەچیکە خەباتگێرێکی خاوەن بیرو هەست بوو لە پاش ئەو هەموو زەلالەتەی بەسەری هات هەر دروست بۆوەو ئەنجامی مردنێکی نەمری بوو .. قوتابیەکە بەسەر چلی هاتو ورده ورده گەورەتر بوو تا دەوری پراو پڕی مرۆڤێکی بەرەنگار بۆوە بیبنێ .. بەلام ئەوە هەیە کە چوار دیواری زیندانە کە کارو تەئسیری خۆی هەر دەکاتە سەریان .

کۆمەتێ سلاید کە نووسەر خۆی ئامادەی کردبوون . . کاك جەلیل زەنگنەی هونەرمەند – کە دەرهێنەری شانۆگەریەکە بوو – توانی لە بنیاتنانو خزمەتی فیکرەی شانۆییەکەدا بەکاریانبێنێو لە سەرەتاوە سێ پەپولەی منداڵ – منداڵی پەپولە – سەریان پێکەوە ناوەودوایی هەڵدەستنو رادەپەڕن .. لە کۆتاییشدا کە خۆری سەربەستی هەڵدێ .. گوڵ دەروێنن .. ئەمە سەرەرای هەندێ تەشکیلی جوان کە بە هۆی ئاکتەرەکانەوە لەسەر ئەو شانۆ هەژارە بیشانیدا کە تەنانەت بواری بواری جوولانەوەو هەلسوکەوتیان نەبوو لەبەر تەسکیو بچووکی شانۆکە .. لەگەل ئەمەشدا هونەرمەند توانی کە بە تەواویو بە روونی فیکرەو مەبەستی شانۆیەکە بگەیەنێ .

گەرچی مۆسیقا ناوەنا تارێ تێکەل بە دیمەنەکان دەبوو .. دەورێکی شیاوی هەبوو بۆ دروستکردنی ئێوەندودۆخە دەروونیەکەو گەیاندنی مەبەست .. بەلام هەندێ رووداو باری دەروونی پالەوانەکان هەبوو وەك تەنیاییو کاتی لێدانو بەندکراوەکان . . کە پێویستیەکی زۆری بە مۆسیقای بەهێزو تەنانەت دەنگو هاوار هەبوو ..

حەمە رەشید هەرەس..

لە مێژە بە هونەمەندێکی لیهاتوو ناسراوەو لەم بەرهەمەشدا لە ئاستە هونەریەکەی کەمی نەکردبۆوەو لە دایەلۆگ ولە بزوتنەوەکانی شەخسیەتێکی تایبەتی دروست کردبوو بە نیسبەت ئەوەوە دووبارەکردنەوەی لە مەوپێشی خۆی نەبوو.

کامیل عەزیز .. گەرچی هێزو زەبروزەنگی زۆری لەسەر شانۆ بەکارنەهێنا بەلام تا دوایی وەك شەخسیەتێك کە بۆ دەمکوتکردنو سەرکوتکردنی بەر پەرەکانی گەران بە پتەوی مابۆوە . . تەزانعت لە کاتی خۆشل کردنیش دا بۆ «ئاسۆ» هێشتا هەر مەکرو هێز بوو کە واێ دەگەم جۆری هەلکەوتنی لەشی لە لایەك هونەرمەندێتی خۆی لە لایێکی ترەوە ئەمەی بۆ رەخساند بوو .

رێبوارو شەماڵ گەرچی تەواوکەری یێکتر بوون . . بەلام هەرێکەیان هێلی بەیانی گۆرانو بەرەوپێشەوە چوونیان جیاواز بوو کە لەگەل هەموو گۆرانێکی نوێیاندا رەفتارو گفتاریان دەگۆرا تاوایان لێهات هەست بەوە بکەین کە بوونەتە پەروانە ، یا پەپوولەیێكو لە دەوری ئەو خەلکە بسووڕێنەوە ..

رووناکی : لەبەر ئەوەی تەنیا یەك پرۆجەکتەری گەورە هەبوو لەگەل ئەوانەی سەر شانۆکەدا بۆیە لەگەل ئەو کۆششە زۆرەدا هەر بەنا تەواوی مابەوەو نەی دەتوانی وەکو پێویست ئاراستەی ئەکتەرو دیمەنەکان بکرێ ..

سلاوی رێزو خۆشەویستیو ئەمەکداری بۆ کاك دلشاد محەمەد ئەمینی نووسەرو جەلیل زەنگنەی دەرهێنەرو هەموو ئەکتەرو هونەرمەندەکانی ئەم شانۆییە .. کە لە رۆژانی ٤ ، ٥ ، ٦ ی مانگی ئەپریلی ئەمساڵدا لەسەر شانۆی (هۆڵی) کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی لە بەغدا پێشکەشیان کرد ..

وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن

بۆزانین

کتێبی :

« ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ فی العراق »

نوویسنی : لیث عبدالحسن جواد

باسێکە رێبازی شیکردنەوەی زانستیانەی تێدا پەیرەو کراوەو بەلگە مێژوویەکان شی دەکاتەوەو دەگاتە چەند راستەقینەیەك.. ئەمەش بەپێی ئایدیۆلوجی زانستی شۆرشگێرانە . . کەوتە بازارەوە .

الدار الوطنیة للتوزیع والاعلان – بغداد

بۆزانین

وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن

کتێبی :

« بول ایلوار »

د. سامیه احمد سعید

کردویە بە عەرەبیو پێشەکی بۆ نووسیوە

بریتیە لە پێشەکییەك لە ژیانو بەسەرهاتەکانی پۆل ئیلوار لەگەل چەند هەلبەستێکی دەربارەی خۆشەویستیو ئاشتیو کەوتە بازارەوە .

دابەش کردنی :

الدار الوطنیة للتوزیع والاعلان – بغداد

پرۆفیسۆر جوزیف «پاشماوە»

سلویك ئەڵێ : ئەگەر شانۆگەری یەکە بەم شێوەیە نەبوو ئەوا هەست بە بێزاری دەکەم . . چونکە گەر سەربەستی لە ئەکتەر بگیرێو تەنها دەرهێنەر وەك دەرماندەیەك فەرمانی جوڵاندنەوە بدات بەسەر ئەکتەردا ئەوا کارە هونەریەکە دەبێتە نەخشو نیگارو هیچی تر .

دەربارەی دەرهێنەرەکانی عێراق رایەکی تایبەتی گەلێ جوانو راستی هەیە ئەلێت : دەرهێنەری عێراقی .

توانایەکی گەورەی هەیە لە رێکخستنو جولاندنی ئەکتەرو دیکۆردانان لەسەر شانۆ ، لەبەر ئەوە لە ئەکادیمیای شیکاگۆ قوتابی کە دەردەچێت لە یەك کاتدا دەرهێنەرو ئەکتەریش دەبێت ، تا دەرهێنەر حسابی ئەکتەرێکی بۆ بکات ، هەر لەبەر ئەوە یەکە پێویستە پرسیارەکە دسانەوە لە خۆت بکەیتەوە ، (بوونت چیە لەبەر دەم کاری هونەری‌دا) ئەگەر لە کاتی مەشق‌کردندا بۆت نەکرێ ئەوا لە ناو دلتدا پرسیارەکە بکەو بۆ وەلامەکەشی بگەرێ .

(کەواتە پێویستە بیر لە دەورەکەت بکەیتەوە لە رووی ژیانی‌یەوە تەنانەت پێشئەوەی بیر لە شانۆگەری‌یەکە بکەیتەوە) بۆ نمونە ئەکتەرێك دەوری (هملت) ئەبینێ چەند پرسیارێك لە خۆی دەکات .. ئەم پرسیارانە دەبەستێتەوە بە دەورەکەیەوەو ، وەلامەکانی بەبەکارهێنانی لەشو ئامێری دەنگ دەداتەوە . کەواتە با بڵێین بۆچی چەند جارێك دووبارە دەچینەوە سەر شانۆو چەندەها دەور دەبینین !!

بۆروون کردنەوەی ئەم پرسیارە ئەم نمونەیە دێنینەوە:

(دوو ئەکتەر یەك دەور دەبینن ، هەر یەکەیان جۆرە پرسیارێك لە پێی خودی خۆی دروست دەکات بەلام ئەنجام یەك وەلامە ، ئەویش دۆزینەوەی کارا کتەرەکەیە).

پاشان بەشێوەیەکی تورت لەسەر ژیانی کرۆتۆفسکی دواو ووتی: (کرۆتۆفسکی) بە سەرەتایەکی تەقلیدی هاتەکایەوە ، وەك شانۆگەری جی‌یەو بەدوای چیدا دەگەرێ ؟ ، لە نیوان کارەکەیەوە هەولی بەستنەوەی لایەنە فکریو وجدانی یەکانی‌خۆی‌دا بە شانۆگەری لە پێناوی دروست‌کردنی پەیوەنەیەك لەگەل بینەردا .

پاشان جۆرە یەکخستنێکی لەگەل دەقەکەدا لە رووی فیکری‌یەوە دروستکردو خوی‌دایە مەشقی شانۆیی‌و بەکارهێنانی لەش .

کرۆتۆفسکیو شەش هاورێکەی رۆژی هەشت سەعات ، لە سەرەتادا کاریان دەکرد ، پاشان کرایە رۆژی یەك سەعات .. تەنها مەشقو راهێنانی ئەندامەکانی لەشو سەلماندنی ئەوەی کە لەشی ئەکتەر سەر چاوەی دەربڕینە.

ئەلکێکی زۆری لە (ئینجیل ودستویفسکیو ئیلیوت) وەرگرتو چەند شەریحەیەکی لەمانە وەرگرتو کردیە پرۆگرامێکی تایبەتی بەخۆی.

سلوێك خۆی بەچاوی خۆی ئەو پرۆگرامەی بینیوەو دەڵێت :

(من کە خوێندمەوە هیچ هەستێکی نەجولاندم ، تەنها ئەوە نەبێ کە کەلکم لێ وەرگرت واتە لە رێبازەکەی) ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی سەرسورهێنەرە ، بەلام نهێنی‌یەکەی لەوە دایە کە ئەم شتانە تایبەتە بەخۆیو هبلاك بوونو هەولدانێکی رۆحانی ، بۆیە پرۆفیسۆر کەوتەگەران بە دوای هەمان سەرچاوەدا تابوونی خۆی لەبەر دەم کاری هونەری دابسەلمێنێ ؟ – !

ئەمە کورتەی ئەراو سەرنجانە بوو کە پرۆفیسۆر سلوێك لە کورتە باسەکەی‌دا بۆ‌ی گەیاندین حەزم کرد کە پێشکەشی هونەرمەندانو هونەردۆستانی بکەم .

شانۆگەریەك « پاشماوە »

دەربارەی باری سەرنجی ماموستاکانمان کەوایان بینی دەرهێنەر زۆر ماوەی ماوەی هەلگچونی ئەکتەرەکانی دابوو ، ئێمە لەماوەی کارە کەمانەوە ، وەك ئەکتەر بۆمان دەر کەوت کەدەرهێنەر باوەری بە « بزواندنی ئەکتەر هەیە لە سەر شانۆ لە بەر ئەوە ، جولان وبزوتنە زیادەکان بەهاندانی ناوە رۆکی چیرۆکەکە بوو زیاتر لەوەی هەلەیەکی هونەری‌بێ.

● **هونەرمەند حمە علی** کەدەورێ کەسی دووەمی دەبینی وتی :

– ئەمە دووەم تاقی‌کردنەوەمە لە سەرشانۆ بەنیسبەت دەموریکیوا وه ، بینیتی دەوری ئاوچەوەی مرۆڤێك ئەوەندە ئاسان نیە ، لەگەل ئەوەشدا تاقی‌کردمەوە – کەم لاگران ئەبوو، هەرچی توانام هەبووبۆ ناسینی ئەو کەسەی دەورەکەیم دەبینی بەبینەران بەکارم هینا ، ئەو بارەی سەرنجانەی دەربارەی خیرابی جولانەوەی حسن لەسەر شانۆکە دەربڕان ، من ئەلێم ناوەرۆکی بلیملەکەو دەورەکەی من تێکرا پێویستیان بەو گۆرانو گواستنەوە خێرابیانە دەکرد .

● **هونەرمەند مصطفی قسیم** کەدەوری کەسی سێ‌یەمی دەبینی رای وابوو کە توانیویەتی لەگەل دەورەکەیدا بگونجێ ، وە دەلێ : ئەم – ئەرکە – ئەرکی گونجانی ئەکتەر لەگەل ئەو دەورەی دەیبینێ – پێویست دەکا ، ئەکتەر خۆی هیلاك بکاتو بچێتە ناخی ئەو شەخسیە تەوە بەدەورەکەی هەلدەستێ .

● **هونەرمەند کریم عثمان** – بەرێوەبەری شانۆ بوو لەم کارە هونەریەدا وتی :

– ئیقاع لە شانوییەکەدا مام ناوندی بوو ، لەهەندێ دیمەندا نەبێ ، بەتایبەتی دیمەنە کومیدیاکەدا ، چونکە کۆمیدیا لە خۆیدا پێویستی بەئیقاعی خێرا هەیە بەپێچەوانەی تراجیدیاوە لەزیاتر لە سەرخۆیی دەگرێتە خۆی . منیش لەگەل ئەوەدام هەندێ بزواندنی ئەکتەرەکان زیاد بوو ، بەلام لەم شانۆیەدا بەکار هێنانی رووناکی بۆ یەکەمجار ئەوشێوە رووناکیە بەکارهاتەوە.

بانگەوازێکو (پاشماوە)

سەر نووسینی ئەمر بکرێتو زیندو بیتەوە تکایە بەم ناونیشانە (سلێمانی چاپخانەی کاکەی فەلاح) بۆمان ردوانەبفەرموون ... کە بەم چەشنە هەنگاوانە نەك هەر خزمەتی شاعیر دەکەن بەلکوو خزمەتی زمانو ئەدەبو رۆشنبیری کوردیش دەکەن ئێمە خۆمان دیوانێکی دەستنووسی شاعیرمان لەلایە ، پشت بەو دیوانەو بەو بەشداریو یارمەتی یەی ئێوە وئەو نووسینو سەر چاوانەی دەربارەی شاعیر هەن هیوا دارین کەپرۆژەکەتان بەرەو سەرکەوتنو ئەنجامی دروست بڕواتو بەدلی هەمووان بێتە دی .

جەنابی شێخ نووری
کاکەی فەلاح
سلێمانی ١–٤–١٩٨٠

رێجبەرێ (پاشماوە)

کێ ژ وا پتر هنگو زەڤیو رەزو چەم هەنە ؟ نێ هەوە کومەکا زاروکا بێ ل دویف، پێتفی یە ل سەر وە هین وان جوان خودان کەنو دەستو دئەکی بو وا مسوگەرکەن،دا سوباهی هەژار نەبنو ب میننە رویسو برسیو پالێت دەروزەتیێ هەتا پێ بژین ، باشی ئاقارو زەڤیێت هەوە گەلە ژ هەوە زێدەنە ، « پوستەم » تو بەسن زەڤیا گەنمی شنین کەی دێ چار ءالێت وەکی مالا تە پێ ژین ، ژ بلی رەزێ تری وچەمێ فێقی .

مانە حیبەتی ، ئاشوپو هزرو بیرا خو د سەرێ وان قوتا ، یا ژ واڤە ئەڤە خەونە، هەر ئێکی زلله یا ل یێ دی گرتی ، خوە دێ بێژی د نفستینە ها دێ هشیار بن، هنە بینی « کویفی » جرفەك ئێکەتو ئەجنقیو ئاخینەك ژ بنێ دلێ وی دەرکەت ، د گەل هندێ ئەڤێت دی ژی هاتنە سەرخوو کویفی بەیفی :

پسمامو ب خودێ تو راست د بێژی ئەم گەلە د چەوتو خەلەتین بەلێ ما ئەم ب خو هو لێ نەهاتینە ، کێماسی نە ژ مەیە ، هین ژی د زانن ئاغاو سەرەکێت گوندێ مە چەندێت دلرەقو دلرەشو زوردارن ، نا هێلن ئێك ژ مە شولەکی ب دەست خو فە بگریتو تشتەکی ب دەست خوفە بینیت ، هەمی ئەرەکتەرێت گوندی یێ د دنەف وان ئەوێت ئەمو حەز د کەن ، فێجا ئەم چ خولیێ ب سەرێ خو وەرکەین ؟ ما چ ب دەستێ مە یە ؟

روستەم لێ زڤری وگوتێ : **نە قەد چ خولیێ ب سەرێ خو وەرنەکەو نە چێ ، کا دێ بلا ئەم ب کێر خو بتێن چەند ئاغا ئەم ب زلەکێ حسێب ناکەین ، ما ەبسێ ئاغای تەرەکتەر هەنە ؟ دێ ژ گوتنەکێ دی ئینینو بەهای کریاوا دێ دەینێ ، ئو هەکو نەبن ژی ما چی یە ؟ خونە خەلکێ بسەرێ کیلان ب ترەکتەرا د کر ؟ . ئەمزو سویسو دێ هاری تە کەینو پێکفە دێ گێبسنا هلگرینو ناف کەڤینو دێ کێلین ،توڤی ژێ ب دەست دێ پێ وەرکین، هەکو مەب دیماهیك ئینا دێ چینە زەڤیا من هەر وسا دێ چینە یا سویسوی ، ما نە باشە ؟**

کویفی گەلە بێ خوش بوو گوت : **گەلەکا جروانە ، دێ رابن هەژ نوکە دا دەست پاڤێژینێ ، یا خودێ ، پیرە مێر ل وان زڤریو گوت : دێ کێڤە** چن ، خو دبن نەکەن ، دا بو هنگو بێژم نوکە نە دەمێ کیلانا زەڤیانە ، ئەڤ سالە هەژ دەستێ هەوە چوو ،بەلێ ئشتەکێ خەرو گرنگترێ هەی هبن پێ رابن ، خانیێت خو ژ بنی ئاڤاکەنەڤە ، بناغەکێ موکمو دیوارەکێ توندو پەیتو بانەکێ خشتو رست ، بەلێ توخیبێ مالێ ژ بیر نەکەن وەکی بەرێ ، مانێ هین د زانن ئەڤ درە چیانە گوندن، ئەژدەها د زورن ، گورگ تویرگو رویڤی د مشەنە د خورتن ، چ شەڤ نینە نەهە مریشكو عەلوکا نەخونو نەبەن ، دا زستانەکا وەکی پارو شەپلینا ڤێ بوهاریێ سەر هەوەدا نە هێتەڤەو دا نەکەڤنە ناف دەڤو لێڤیێت دوژمنو نەیارا ، وان نەڤێتو ناهێلن هین ب کێر خو بێن ، نەکو دێ سەری ژ وا ستینو دێ بنە هەیو نەبێت ڤی گوندی ، پاشی هەکو پاهیز ب دویماهیك هاتو پلێ کەتە ئەردی هنگی گیسنێت حو هلگرنو هەرنە جووتو ئیلانێ .

هەکو هەوە ئەڤە کر هنگی دێ زانن چەند خوشە مروف خزمەتو پالەتیا مالو عەیالێ خۆ ب کەت ، هنگی دێ زانن مروف هەرێ سەرفرازە، بێ ترسو برسو لەرزە ، هنگی دێ زانن خانیێ رەندە و مروف هەرێ سەربلندە .

● **ناڤونیشانێت ڤێ چیروکێ گوتنەکا مەزنایە** ●

کورتە هەواڵ (پاشماوە)

● لە کاتێکدا دەستەی‌یەکێتی‌ی قوتابیانی کوردستان لە سلێمانی بەرنامەیەکی فراوانی ئاهەنگ‌گێرانی بۆ ئەم بۆنەیە ئامادەکردووە .. بەرنامەکە بریتی دەبێت لە ئاهەنگ‌گێران لە کولێجەکانی‌زانکۆی سلێمانی‌و ئامۆژگای هونەری‌و قوتابخانە ناوەندی‌و ئامادەیی‌و پیشەییەکان تیاباندا چەندین ووتار دەخوێنرێتەوە دەربارەی تێکۆشانی حزب لە بواری‌نەتەوەیی‌و نێودەولەتان‌داو دەستکەوتەکانی شۆرشە مەزنەکەی لە وولات‌داو پێشکەش کردنی گۆرانی‌و سروودی نیشتمانی‌و هەلپەرکێی میللی‌و، سەرۆك‌و ئەندامانی دەستەی لقیش سەر لە نەخۆشخانەکان دەدەن‌و پیرۆزبایی لە نەخۆشەکان دەکەن‌و خەلاتیان پێشکەش‌دەکەن .

بەرنامەکە دیسان ئاهەنگێکی‌مەلبەندی گۆرانی‌و رێکخستنی سەیران‌کردنی گەشت‌و گوزاری‌ی تێدا دەبێت بۆ قوتابیان بۆ ناوچە گەشت‌وگوزاری‌یەکانی پارێزگاکە سەرەرای پێکهێنانی میهرەجانی وەرزشی ، ئەمەو دەزگای نیشتمانی‌ی دابەش‌کردن‌و بۆزانین پیشانگایەك بۆ کتێبی رامیاری پێك‌دەهێنێت تیایدا کتێبەکان بە هەرزان دەفرۆشرێن .

● **لە کاتێکدا دەستەی‌لقی سلێمانی‌ی یەکێتی گشتی‌ی لاوانی عیراق‌و لقی‌یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی قوتابیانی عیراق‌و لقی‌یەکێتی‌ی ئافرەتانی عیراق‌و یەکێتی‌ی نیقابەی کرێکاران لە پارێزگاکە بەرنامەیان بۆ ئەم بۆنە پیرۆزە ئامادەکردووە ، رێکخستنی پیشانگای وێنەی فۆتۆگرافی‌و بلاوکراوەی قەددیوارو پێکهێنانی میهرەجانی هونەری‌و رۆشنبیری‌و وەرزشی تێدادەبێت سەرەرای رێزنان لەو بخوێنە پیاوو ئافرەتانەی لە مەلبەندەکانی نەهێشتنی‌نەخوێندەواری‌و قوتابخانە میللی‌یەکاندا بەباشی سەرکەوتوون‌و سەردانی نەخۆشخانەکان بۆ پیرۆزبایی لێ‌کردن‌و پێشکەش‌کردنی خەلات بە ئەو نەخۆشانەی نیایاندان .**

● زانکۆی سلێمانیش بەم بۆنەیەوە وەرزێکی رۆشنبیری لە ژێر دروشمی(لەدایك‌بوونی حزب لەدایك‌بوونی ئاواتەدا پێك‌دەهێنێت یەك هەفتە دەخایەنێت لەگەل میهرەجانی ووتار خوێندنەوەو شیعر خوێندنەوەو هونەری‌و ئاهەنگی کەلەپوریانەی مۆسیقاو گۆرانی‌ی میللی‌دا .

سەرەرای ئەوەی لیژنەی‌ناوچەیی قەزای کۆیە میهرەجانێکی ئەدەبی لە هۆلی سانەوی‌ی شارەکەدا پێك‌دەهێنێت یەك رۆژ بەردەوام دەبێت‌و سی (٣٠) کورو کچ بەشداری‌ی تێدادەکەن ، بەرهەمی شیعرو ووتارو بەخشانی تێدادەخوێننەوە .

لە یادی

"کارزان" و هاوڕێکانی دا

بەختیار غریب علی

کە سەرلەبەیانی ١٧-٤-٩٧٨ شارە دڵگیرو جوانەکەتان بەجێ هێشتو بەرەو هەولێر کەوتنە ڕێ ... خۆشیو کامەرانی گەورە دڵی ئێوەو دڵی هەموومانی تەنیو هیوایەکی مەزنتان هەبوو کە لە فێستیڤاڵی مۆسیقای وڵاتدا سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست بهێنن ...

بەڵام بەداخەوە .. بەسەرهاتێکی سامناكو دڵتەزێن هاتە پێشو گوڵی گەشی ژیانتان وەری . بەمەش هونەری کوردی ئایندە زیانێکی گەورەی لێ کەوت.

هاوڕێ شیرینە کۆچ کردووەکان (کارزان، فەرمان، ئازاد ، ڕێبوار بۆیە ئەمڕۆ بۆ ساڵی دووەم یادتان دەخەمە بەێش چاوی گشت خوێندەوارو هونەر دۆستانی کورد تا هەردەم لە یادا بن... چەپکێ نێرگزی جوانو تەڕو بۆنداری دەشتەکان هەڵگیرێو لە ١٧-٤ی ئەمساڵدا بەڕێزو بێ زانینەوە بخرێتە سەر گڕو ئارامگاکانتان .

بادێکی بە سۆزو قوڵپدار نگرێنەوەو هەردەم ئەستێرەی درەوشاوە بن لە ئاسمانی بێ گەردی هونەری کوردا .

سڵاو لە گیانتان ... لە هونەرو ڕێبازی پیرۆزتان .

پێشانگای ساڵانەی هۆیەکانی فێرکردن لە هەولێر

لەو ماوەیەدا بەڕێز پارێزگاری هەولێر مامۆستا بەهائەدین ئەحمەد پێشانگای ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی هۆیەکانی فێرکردنی کردەوە کە (١٧) قوتابخانە لە قۆناغەکانی خوێندندا تیایدا بەشدار بون بە جەشنەها ئامێری هونەرو هەمو لایەنەکانی تری هۆیەکانی فێرکردن .

لە کاتی گەڕان بە ناو پێشانگاکەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا بو کە پێشانگای ئەمساڵ هەنگاوێکی گەورەو نوێ تری ناوە چ لە رووی بابەتەکانو چ لە رووی ئەو بەهرانەی کە توانای خۆیان لەم پێشانگایەدا دەرخستبو، وە بۆ زیاتر روون کردنەوەی ئەم پێشکەوتنە مامۆستا محمد فاتح ی سەرپەرشتی کەری پێشانگاکان گوتی :

لەسەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری پەروەردەو بۆ ئاپەخدانی زیاتر بە هاندانی بەهرەمەندان لە قوتابیو مامۆستاکان ، ئەمساڵ وەکو تاقی کردنەوەیەکی نوێ (١٢) قوتابخانەی باخچەی ساوایان لە شارەکەدا بەشداربون کە زۆربەیان ئاستێکی چاکیان هەبو، وەئەم تاقی کردنەوەیەش ئێمەوای دەبینین لە باشەرۆژێکی نزیکدا فراوانتر بکرێ .

× مەبەست لە کردنەوەی ئەم جەشنە پێشانگایانە چیەو کاری لە دڵی قوتابیدا چیە؟

- پێش هەموو شتێك لایەنی پەروەردە ئەگرێتەوەو قوتابی لەو شتانە نزیك ئەکاتەوە کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە قوتابخانە دەیخوێنێو لە هەمان کاتیش ئاراستەی دەکات ، وەهەروەها ئێمە لەو ڕێگەوە دەتوانین لە بەهرەی داهێنانی قوتابخانەکان بکەینو هەوڵ دەدەین ئەم بەهرانە خەڵات بکەینو بە گوێرەی توانای خۆمان بەرەو پێشەوەیان بەرینو گەشە بەو توانایانە بدەین .

× ئەی ئەنجامی ئەو پێشانگایە چی بو ئەگەر بۆمانی روون کەیتەوە ؟

- لەو قوتابخانە ناوەندیو دواناوەندیو ئامادەییانەی لە پێشانگاکەدا بە شداربون ، لە کچان ئامادەیی کوردستان بەکەم خەڵاتی وەرگرت ، وە دواناوەندی هەولێری کچانو هی کوڕانیش « رسالە العربیە » بە یەکەم دەرچو لە قۆناغی ناوەندیش ئازادیی کچانو کۆماری کوڕان بە یەکەم دەرچون .

× ئەی دوای ئەو پێشانگایە هیچ جموجۆڵی ترتان بە دەستەوەیە ؟

- لەو رۆژانە بەشداری ئەکەین لەو پێشانگایە فراوانەی کە لە بەغدادا دەکرێتەوە لە چاپێوەی ئاهەنگەکانی ٧ی نیسانی مەزنو (٣٣) قوتابخانە بەشدار ئەبنو لیژنەیەکی تایبەتی بەرهەمەکان هەڵدەسەنگێنێو هیواداریـن لەو هەنگاوەشدا سەرکەوتنمان هەبێو ئەنجامێکی چاك بەدەست بێنین .

× لە کردنەوەی پێشانگاکەدا چ گیروگرفتێکتان هاتە بەردەم ؟

- ئەوی راستی بێ نەك هەر ئەمساڵ ، بەڵکو لە هەموو پێشانگاکان نەبوونی هۆڵێکی فراوان دەبێتە کۆسپی بەردەم ، بەڵام نیاز وابە کە بۆ مەبەستە هۆڵێکی فراوانو تایبەت بەو جموجۆڵانە بکرێتەوە .

بۆزانین

وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن

کتێبی :

« الشاطیء الجدید »

نووسینی : عبدالرحمن مجید الربیعی

بریتیە لە بیروڕاوبـاری سەرنجی چیرۆکنوسێك دەربارەی چەند بەرهەمێك کە خوێندونیەتیەوەو لە سەری نووسیون .. کەوتە بازاڕەوە،

دابەش کردنی :

الدار الوطنیة للتوزیع والاعلان - بغداد

چاپکراوی نوێ

ژمارەیەکی نوێی گۆڤاری «بەیان»

ژمارە (٦٠)ی گۆڤاری « بەیان » کە لە دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ ، لەم دواییەدا کەوتە بازاڕەوە ،لەم ژمارەیەدا گەلێ باسو بابەتی بەکەڵکی ئەدەبی بڵاوکراوەتەوە لە لێکۆڵینەوەو رەخنەی ئەدەبیوچیرۆکو شانوییو شیعرو کەلەپووری ئەدەبی میللیو چەندان بابەتی تری هەمە رەنگەو ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبو نووسەرە ناسراوەکان بەشداریان تیا کردوە .

ترووسکە

عیشق

شیعری : ئایندە

نەژاد کردوویە بە کوردی

ئەگەر دەنگێ ،
گەر سروودێ ، وشەیێ
لە دونیادا بمێنێ :
دەنگی مرۆڤ ،
سروودی مرۆڤ ،
لەم قسە دایە :
« عیشقی من » .

بۆزانین

وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن

کتێبی :

« تجربة العمل الجبهوی فی العراق »

١٩٢١ - ١٩٥٨

نووسینی : عبدالجبار عبد مصطفی

کە باسی بیری بەرەو بەرەتو پەرەسەندنە مێژوویەکانی ئەکات لەگەڵ جیاوازی نێوان بیری بەرەو هەندێ چەمکی تر کەوا دەردەکەوێ لەگەڵیدا تێکەڵاون .. کەوتە بازاڕەوە.

دابەش کردنی :

الدار الوطنیة للتوزیع والاعلان - بغداد

بەلەرەی دەستو پەنجەی داهێنەرانەی قوتابیانی حەریر

لەم دواییەدا ، پێشانگایەکی نیشی دەستی بۆ بەرهەمی قوتابیەکانی قوتابخانەی حەریری کوڕان کرایەوەو لەم پێشانگایەدا ، قوتابیەکانی بەهرەی هونەری دەستو پەنجەی لێ هاتوانەی خۆیان پیشان دا وژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان ئەم پێشانگایەیان بینی کە هەنگاوێکە بۆ هاندانی بەهرەی داهێنەرانەی قوتابیان مامۆستا محمد عبداللە بەڕێوەبەری قوتابخانەی رای گەیاند کە ئەمە سێیەم پێشانگایە لە قوتابخانەکەمان بکرێتەوە وژمارەی (٩) قوتابی لە کوڕو کچ بە بەرهەمەکانیان بەشداریان کرد .

نجاة سۆفی ناردویەتی

سەرچاوەی نووسینێک

عبدالرزاق بیمار

زاراوەکان

بێ گومان ئەو کردو کۆشەی لەم چەند ساڵەی دواییەدا مەیدانی زمانی کوردی بەخۆیەوە دیوە ، ئەگەر سەدەیەك پێش ئێستە بکرایە زۆر گیروگرفتو کۆسپ کە ئەمڕۆ بە گەورەیان دەزانین تەختدەبوون. بە نموونە ئەو زاراوەی بە زبرو قورسو کەس نەزانی دەبینین ئەوسا بە شتێکی لووسو لێكو ئاسانو باومان دەبینی . لەم چەند ساڵانەدا چەند فەرهەنگو بەرهەمی ڕێزمانو زمانەوانی بڵاوکرانەوەو چەند بابەتی جۆراوجۆری زانستیو رۆشنبیری بە زمانی کوردی نووسراونو جفری تەرجەمەکردن فراوانبووەو خوێندەواری ناوچەیەکی باشی کوردستانی گرتوتەوەو لە هەموو ناوچەکانیشدا نووسەر پەیدابوون .

هەزار جار دەستی ئەو مامۆستایە خۆش بێت کە وشەیەکی وەکو وشەی (مێژوو)ی بە مانای زاراوەیی (تاریخ) داڕشت .. کە لە رووی نزیکیەوە لە گوتەی (لەمێژە) کەس بە بیانی نازانیو ئەمرۆش ئەگەر خاوەنەکەشی بڵێ ئەم وشەیە هەڵەیە تازە چارەی نیەو زاراوەکە چەسپاوەو بەردێکە رابووردنی کات لە شوێنی خۆیدا جێگیری کردووەو لەوانەیە نەلەقێت . نەك هەر ئەم زاراوەیە بەڵکو بە سەدان وشەو زاراوەی وا داڕێژن کە زمانەکەمان لە خۆهەڵسوونیو تێکەڵاوبوونی لە شارستانەتی سەردەمدا ئێجگار پێویستی پێیان بوو .

ئیتر بۆ دانانی زاراوەش ئەگەر خزمایەتی ماناو روخسار ، مۆسیقاو هاوئاهەنگی زاراوەکە لەگەڵ زمانی کوردیدا رەچاوکرا داڕشتنەکەشی لەسەر باساو بنەڕەتێکی زمانەوانی بوو ، هەروەها بێوانە یان نموونەیەکی سەرکەوتووی لە رەگەزی خۆی هەبوو وشەکەش مەبەستە واتاییەکەی بابەتە زانستی یان ئەدەبییەکەی گرتەوە ئەوە شیاوو گونجاو لەبارە.

لە نموونە هێنانەوەی زاراوەی لەقو زاراوەی چەسپاو پەکمان ناکەوێتو نموونە زۆرە ، بەتایبەتی لە کتێبەکانی قوتابخانەکانی کوردستانو زوربەی کتێبەکانی لەم ساڵانەی دواییەدا چاپکراون .

ئنجا لێرەدا بوختەی قسەی ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەشەوە کە ئێستاو دوارۆژیش پێویستیمان بە تەرجەمە کردنو داڕشتنی زاراوە هەیە ، بەڵا پێویستە ئەم کارە لەسەر بنجو بناغەیێکی زانستیو مەنتیقیانە بێت .. چونکە زاراوە ئەگەر داهێنانەکەی بە ئاسان بزانرێ ، هەڵوەشانەوەو لابردنی ئێجگار گرانە .

بەڵام ئەگەر زاراوەیەك مەرجەکانی ژیانی لێ هاتبووەدیو خەڵکەکە بە خۆیانەوە گرتو وەکو بەردێك رووباری زەمان لوسو لێکی کرد ئەوا جێی خۆی دەگرێو بشتاوپشت خەڵکەکە بە دڵنیاییەوە بەکاری دەهێننو لەبەری دەچەسپێنەوە .

چیرۆك بۆمنداڵان

گورگ و گوێدرێژ

هێندە باران باری زەوی پاراو کرد.. قورولیتە پێی گشت گیانەوەرێکی تیا ئەچەقی ! گوێدرێژێك بو لەوەڕ ..هاتە دەرێ قاچەکانی جەقینەلیتەو چالی زل زلیان جێ هێشت !

- پڵنگێکیش بۆشکار .. لە لایەکەی هاتە دەر جێ پێی گوێدرێژی دیو تێی ڕاماو گوتی .. ئەبێ ئەمە جێ پێی گیاندارێکی زۆر زل بێ .. بۆیە ئەبێ من خاوەنی ئەم پێیانە ببینمەوەو .. بیکەمە دۆستو هاوڕێم!

جا گەڕا .. تا گوێدرێژی دیەوەو کە چاوی پێی کەوت سڵەمیەوە لێی .. بەڵام گوێدرێژ چونکێ پڵنگی نەدیبوو هیچ لێی نەترسا .. جا پڵنگ رووی تێ کردو پێی گوت .. هاوڕێ گەلێ بە هێزت ئەبینم لەبەر ئەوە ئارەزوومە ببیە هاوڕێمو ببینە دۆستیەك تا لە کاتی تەنگانەدا فریای یەك بکەوین.

- گوێدرێژ بە فیزێکەوە گوتی .. داواکەت بەجێیەو وا بووینە هاوڕێو جا لە یەکتر جیا بوونەوە !

زۆری نەخایان گورگێکی برسی لە گوێدرێژ پەیا بوو .. ویستی بیخوات گوێدرێژ لە بەردەمیا ڕماو گیانی هاتە لەرزەو .. لەبەر خۆیەوە زەڕی ..

پڵنگ گوێی لە دەنگی بوو .. بەهانایەوە چوو .. گورگ کە پڵنگی دی چنگ لەسەر شان ڕای کردو بۆی هەڵات ! جا رووی کردە هاوڕێکەیو گوتی .. هاوڕێ ئەوە چیتە ..چی رووی داوی لێت .. تا وا بزەڕێنی گوێدرێژ گوتی .. هیچ نیە برا .. ئەو گورگەم دی زۆری برسی بوو .. منیش خۆم پێ نەگیرا .. پێی پێ کەینم.. ئەوەی بیستت پێکەنینم بوو ... !

- پڵنگ گوتی .. دە باشە ..هاوڕێ ترسام لە خەتەرا بیت بۆیە هاتم بۆلات .. خوا حافیز !

- هەر کە پڵنگ دوور کەوتەوە مام گورگ نیشتەوە سەر گوێدرێژو پەلاماری دا.. هەرچەندە زەڕی .. کەڵکی نەبوو .. چونکێ پڵنگ وای ئەزانی هاوڕێ بەهێزەکەی دووبارە بە وگورگە برسیەکە پێکەنینی دێ ئاوا گوێدرێژ بە درۆو فیشاڵ ... ژیانی خۆی دۆڕان .

گۆڕینی لە عەرەبیەوە

جەمال نوری

جیهانی منداڵان

هەڵبژاردە بۆ منداڵان

ژووژک

هەڵە لە ناوکە چۆن بو بە مشك

شیعری : محمد جواد کاظم

لەتیف هەڵمەت لە پاشکۆی منداڵانی رۆژنامەی - الجمهوریە - وەریگێڕاوە

ئەڵێن جارێك
شەوێکی ساردی زستان
لەناو باخو چەمو جاڕێك
ژووژك گەیشت بە مارێك
درێژ بو بو لەسەر پشت
وەکو دارێك
لە دوای سەڵاو
مار لێی کەوتە سەر زەنشت
وتی : ئەوە
تۆ ئەو کەوڵە دڕکاوییە
بۆچی لە خۆت ناکەیتەوە .. !
ژووژك سەرسام بو هەپەسا
وتی : گاڵتەم لە گەڵ دەکا ... !
مارە نزیك بوەوە لێی
وتی : ئای ئەم کەوڵە تووڕەدەی
رووت بیتەوە
چەند جوان دەبی ...!
دەدەی تووڕیدە بە زوویی
باری لەشی قورسی کردوویی
بەرووتی هەر وەکو تاوس
لەناو گێلگە سەوزەکاندا
گەشتو گوزار بکە بۆ خۆت
من گشت ساڵێ ئەم پێستە دادە مالم لێم
ئەرێ تێدەگەی چی دەڵێم !
ژووژك چووە سەر رووبارێ
تا لە ئاودا تەواو بە خۆیدا بنواڕێ
رووبار پێی وت : کە هۆشی خۆی بخاتە کار
نەکەوێتە ناو داوی مار
هاواری کرد : لێی دوورکەوە
خۆت لە شەڕی بکە رزگار
ژووژك بە داماوی ڕاما
بە ماری وت : تۆ پێم ناڵێی
گەر ئەم کەوڵە دڕك ڕێژەم
دابماڵمو فڕێدەم
چی ئەم لەشەم ئەپارێزێ
ئەگەر قوڕتێ بێتە ڕێگەم
مارە بەپێزەوە وتی :
ئەی هاوڕێکەم گوێی مەدەرێ
ئەمن بەرگریت لێ دەکەم
گشت شتێ لە مار دەترسێ
گوێێ مەدەرێ ...
گوێێ مەدەرێ ... !

× × ×

ژووژك بۆ مار هەڵخەڵەتا
کەوڵی لە خۆیی داماڵیو
لەشی رووتی خۆیی دایە با
وەکو مشکێك لە سەرماندا
هەر دەگریا
روو بارەکە چوو بە گژیا
وتی : گریان دادت نادا
تۆ بەو کەوڵە زبرەتەوە
بەسام بووی مار لێت دەترسا
تازە ئیتر فەوتای فەوتا

× × ×

ماردانی تیژکرد لە ژووژك
ژووژك هەڵهات باسکەو ... ...
هەر دەڕۆیو هەر دەڕۆی
بۆ ژووژکە هاوڕێکانی
باسی دەکرد رووداوی خۆی
ئەیوت : ئێستا
گەلێ ... گەلێ .. ... شت فێربووم
هەڵەکەم زۆر زۆر گەورە بو
ئای برایان ئەمە بەسەرهاتی من بوو
ئای هەڵەکەم چەند مەزن بو ... !

زانا رؤوف

ئاڤان عباس

دالیا احمد

سیروان توفیق

شەمیران عبدالرحیم

شۆخ عبدالرحیم

شێرۆ رؤوف

شاخەوان صالح

هدیل محمد